www.ewinebook.blogfa.com

9

حەمەعەلی مەدهۆش

# یانەی دڵان

شیعر



چاپی سێیەم

2006

## مەدهۆش لە
## چەند دێڕێکدا


■ لە ١٩١٩دا لە سلێمانی هاتووەتە دنیاوە .

■ تا ئێستا ئەم کۆمەڵە شیعرانەی بڵاوکردووەتە : هەمیشە بەهار ، شیرین ، دڵی کچان ، دڵی کوڕان ، یانەی دڵان.

■ چوار کۆمەڵی یەکەمی لەگەڵ چەند پارچە شیعریتریش ، لە بەشی یەکەمی ( یانەی دڵان )دا جێیان بووەتەوە .

■ هەروەها ئەم کورتە چیرۆکانەیشی بڵاوکردووەتەوە : دڵ و گوڵ ، سەرگوڵ ، نەریمان چیی لێهات ؟ بەرەو پایزە بەهارێکیتر .

■ لە دوادواییی ساڵانی چل و سەرەتای ساڵانی پەنجادا ، لەسەر



نیشتمانپەروەری تووشی گیران و چوونە بەندیخانە بووە .

■ لە سەرەتای ژیانییەوە تا چەند ساڵێک پێش مردنی ، لە سلێمانی و پاشان لە بەغدا بە دەرزی و دروومان و ئامادەکردنی کاڵای جوانەوە بۆ باڵای نازداران خەریک بووە و ، پاشان لەبەر بێتاقەتی خۆی خانەنشین کردووە و ، گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی .

■ لە عەسرانی ڕۆژی ٢٤ / ٢ / ١٩٩٤دا بۆ یەکجاری لە سلێمانی سەری نایەوە و ، لە گردی شێخ محێدین بە کۆشی دایکی نیشتمان سپێرراوە .

www.ewinebook.blogfa.com

# پێشەکی

**محمدی مەلا کریم**

ڕەنگ بێ لەناو شاعیرانی ئەم سەردەمەی کورددا ئەوەی لەهەموان زیاتر بە بابەتی سەرەکی و بنچینەیی شیعرەوە – دڵداری یە – پێوەندبێ و جێ دەستی لەهەموان زیاتر پێ یەوە دیاربێ، مەدهۆش بێ.

مەدهۆش بە بەرهەمی فرەی، بە بەردەوامیی هێنانە بەرهەمی لەچل ساڵ لەمێژەوە تائەمڕۆی، بەناسکی و ڕاستی هەستو، میللیەتی فۆرمو زمانی، بەوردە خولیای دڵی دڵداران دەربڕینیو، بەنەبڕانی هەرگیزی ڕیشەی پەیوەندی لەگەڵ سەرچاوەکانی ئیلهامو سرووشتی شیعر وتنی، بێ ئەوەی کەسێك یارای ئەوەی ببێ خۆی لەم مەیدانەدا لەو بە پێش دەسترو سەر بەدەرەوەبووتر بزانێ، توانیویە ناوی شایان و پڕبە پێستی (شاعیری دڵداری) بۆخۆی دابڕێ و تاجی ڕەزامەندی سەرانسەری دڵداران، بەکوڕوکچیانەوە، لەسەری خۆی بنێ.

بەلام بەداخەوەو لەگەڵ ئەوەشا کەمەدهۆش چەندی پێ کرابێ هەوڵی داوە چەردەیێ کات لە پێویستی نان پەیداکردن دابڕێ و بەخوێندنەوەو خۆ ڕۆشنبیرترکردنەوە خەریك بێ، هێشتا شتێ لەوانەی لەخۆیانداو بەهەڵکەوتێکی باش و مایەیەکی بە پێزیی بەرهەم دائەنرێن بۆ ئەمیش و بۆ کەسانی تریش، لەمدا بوە بەکۆسپی ڕێی گەشەکردنی پتر، وا کە پێویستەو، لەباخی شیعری مەدهۆشدا بوە بەدڕك و، ئەگەر ئەم شتە لەهەردوو ڕووکەیەوە بەبارە باشەکەدا چون یەك بوایە، مەدهۆش گەلێ لەئێستە گەشەکردووترو پێشکەوتووترو سەرکەوتووتر ئەبوو. پێشتر ئیشارە تمان بۆ یەکێ لەو خاسیەت یا لەو ڕێکەوتە باشانەکرد کەبۆ مەدهۆش هەڵکەوتوون کەئەوەش نەبڕانی هەرگیزی ڕیشەی پێوەندیەتی لەگەڵ سەرچاوەکانی ئیلهامو سرووشی شیعر وتنی. مەبەستم لەمەیش، وەك لام وایە زۆرتان پێش ئەوەش کەباسی بکەم ئەزانن چی ئەڵێم، دانیشتنیەتی لەدووکانێکی بەرگدرووندا و پێشوازی کردنی ڕۆژی چەندین جاریەتی لە پۆلی نازدارانی

شۆخی عەودالّی دوای ڕازاوەترین کالاّ بۆ جوانترین بالاّو.. دیتنی دەیان خوازنی جوانی یە کەهەریەکە لەڕوویەکەوە سەرامەدو نموونەن و دلّی دلّداران بەدەوریانا ئەفڕیّ و، گۆرانی دەنگ خۆشان بۆیان ئەچڕیّ.. ئائەمەو، ئەو باس و خواس و سەرگوزەشتە گێڕانەوانەی کەزۆرجار خۆیان بەدوای ئەم دیدارانەدا بەزۆر بەکێش ئەکەن و، هەموو ڕۆژێ ئەبن بەهەوێنی گێرسانی چەند شیعری جوان و بەتام و پێز، هەرخۆشیانن لەمەیدانی خوێندنەوەو ڕۆشنبیری و خۆ ڕۆشنبیرتر کردن و ئاگاداری لە نموونەکانی ئەدەب و دەوڵەمەندبوون بەتەجرەبەی کەسانی تری – دوور ئەخەنەوەو وای لیّ ئەکەن سەرچاوەی سەرەکی بیری تێکڕا هەر بەهرەی خوا پێداوی خۆی و باری ژیان و هەلّکەوتی ڕۆژانەی خۆی بیّ و لەو هەموو سامانە دەوڵەمەندەی بیّ بەش ئەکەن کەجیهانی ئەدەب پێشکەشی ئەدەب دۆستانی سەرانسەری جیهانی ئەکا.

بۆیە ، من لام وایە ئەگەر مەدهۆش بەردەوام و بە پیّ ی بەرنامەو پرۆگرامێك ڕۆژانە توانیبوویایە یەك دوو سەعاتێك کەمتر خەریکی کار بوایەو بەشێکی ئەو یەك دوو سەعات لەکار دابڕانەی بدایە بە خوێندنەوە ، ئێستا ئێمەش لەم مەیدانەدا –مەیدانی شیعری دلّداری – لە عەرەبی خاوەنی شیعرو پەخشانی ناسکی نەزار قەبانی کەمتر نەئەبووین و ، مەدهۆشی شاعیری ڕەنجکێشی ئێمەش چەند پیّ پیلکە لە ژوور ئەم پلە بەرزەی ئێستایەوە ئەبوو ..

لەشیعری مەدهۆشدا قۆناغێکی شیعری کلاسیکی مەشرەب هەیە . ئەمیش لەساڵەکانی سەرەتای شیعر وتنیا هەر ئەو ڕێچکەیەی گرتووە کە شاعیرەکانی قۆناغی کلاسیکیمان ، واتە قۆناغی بەسرانەوە بە عەرووزی عەرەبی و هونەرە شیعریەکانی عەرەبی و فارسی یەوە کردوویانە . ئەمە بەش بەحالّی لاوێکی شاگرد خەیاتی نیمچە خوێندەواری وەك ئەوی ئەو ڕۆژە ، کاریّ بوە زاتێکی زۆری ویستووە . بەلاّم ئەو هەر لەو سەردەمەشەوە هەستی بە ڕەوانی و باشتر بەدەستەوە هاتنی وەزنی پەنجەی میللی کردووە ، ئیتر زۆری نەخایاندووە ڕێی خۆی دۆزیوەتەوە و ڕێبازی شیعری پەنجەو هەندیّ وردە جۆری شیعری

www.ewinebook.blogfa.com

نوێی کردوە بە ڕێبازی یەکجاری خۆی و بۆ ( بێ تاقەتی ) نەبوبێ نەگەڕاوەتەوە ناو جاڕی شیعری کلاسیکی .

لەبارەی بابەتیشەوە ، چەند ساڵێکی دووایی ساڵانی چل و سەرەتای ساڵانی پە نجا ، مەدهۆش، کەمتر لە هەڵسوڕانی ڕۆژانەی ، لە مەیدانی شیعری چینایەتی و نیشتیمان پەروەریشدا پەل ئەهاوێ ..بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ئازاری خۆی سەخت تر بووبێ پەل هاویشتنەکەشی توند تر بووە .ئیتر لەوە پاش ، وردە وردە، ئەگەڕێتەوە سەر ڕێبازی سەرەکی شیعرو تا ئەم ساڵانی دوایی یە کە لێشاوی نەتەوەیی هەستی هەموانی هەژاند شیعری مەدهۆش ڕێگای خۆی بەرناداو بەڵکو ئەڵێم پاشانیش زۆر بە ئاستەم نەبێ لێی لانادا . بەڵام ئەو هوشیاری یە کۆمەڵایەتی یەی کەلەو ساڵە پێشینانەدا وەدەستی هێناوە . لەبیری ناچێتەوەو تاونەتاو بە پێ ی جۆری ڕێ وشوێن و لە قاڵبێکی هونەریدا سەرهەڵئەداو لەگەلێ شیعری هەموو قۆناغەکانی ژیانیا ڕەنگ ئەداتەوەو ، وەك خوێ چێشت تامی زۆربەی شیعرەکانی خۆش ئەکات ...واتە مەدهۆش لەم قۆناغەدا تەنها شێوە زەقەکەی شیعری سیاسی بەرداوە ، ئەگینا هەمیشە ، بەهەر جۆرێ بوبێ ، دەنگی خۆی لەدژی ستەمی کۆمەڵایەتی یا هەر لە مەیدانی دڵداریشدا بێ ، دەربڕیوە .

مەدهۆش شاعیرێکی حازر بەدەستە .لەگەڵ کەرەستەی شیعردا ، وەك لەگەڵ پارچەی قوماشدا ، مامەڵە ئەکات ، چۆن ئەو پارچە قوماشە مردووە ئەکا بە جوانترین سیپاڵ و چەند قات پتر جوانیی جوانانی پێ دەرئەبڕێ ، هەروا ئەو بەیەك گەیشتنە زۆرە هەموو ڕۆژێ دووبارە بووانە کە ڕەنگ بێ لای زۆر کەس وەك شتێکی عادەتی ڕوو بدەن و بەسەربچن و ئەو بیرانەی لەو کاتانەدا بەخەیاڵدا دێن ، لەشێوەی ناسکترین و پڕ سوزترین شیعردا ئەهۆنێتەوەو پێشکەشی خوێندەوارانی ئەکا .

زۆر جاریش هەر لەم کەرەستانەوە بنەمای شتێکی لەوەندەی لەوزەی شیعردا بێت — درێژ تری دەسگیر ئەبێ و ، ناچار ئەبێ بە پارچە پەخشانێك یا لەشێوەی چیرۆکدا دای ئەڕێژێتەوە . کەواتە چیرۆك لای مەدهۆش بوو بە چارەسەری ئەو گیروگرفتانەی شیعر

دەسەلاَتی بەسەر چارکردنیانا ناشکیّ ، چونکە ئەم زۆر حەزی لە شیعری حیکایەت خوانی نیيە ، با لەم مەیدانەشدا بیّ تەجرەبە نەبیّ .

مەدهۆش ئەوەندە بە زمانی خەڵك شیعر ئەڵیّ گەلیّ جار زاراوەی تایبەتی ناو شاری سلیّمانی لا ئەبیّ بەزمانی ئەدەبی یەکگرتووی کورد .بە لای منەوە ئەمە لە ڕاستیدا لاوازی یەکی زەقە جاروبار بەهەندیّ شیعری مەدهۆشەوە دیاری ئەدا ، وەك ئەو جاروبار گیروگرفتە عەرووزی یانەش کە نەختیّ تایبەیتی لا لاسەنگ ئەکەن و شاندانەبەریّك پیّویست ئەبیّ بۆ ئەوەی شیعرەکە بە تەواوی ڕاست بیّتەوە

من دڵنیام لەوە کە پیّشکەش کردنی دیوانی شیعری مەدهۆش کە زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانی تیایە ، لەم ڕۆژانەدا بە خویّنەواری کورد ، تاویّك ئەیانگیّڕیّتەوە بۆ ڕۆژە ڕۆمانسییەکانی سالاّنی چل و پە نجا کە ئیّواران کۆمەڵی لاوان بە کۆلاّنەکانی سلیّمانیدا ئەسوڕانەوەو جامانەکانیان بەسەر شانیاندا شۆڕ ئەکردەوەو بە کۆمەڵ گۆرانییە خۆشەکانی کەلە پووری سەردەمی زیّڕینی بابانیان ئەوت و ، کچانیش لەبەر مالاّن و لەدرزی دەرگاوە سەیریان ئەکردن و بەبزەی سەرلیّو گەرمتریان ئەکردن و بە دڵیش بۆیان ئەسەندنەوە ..وایش بزانم ئەو جۆرە ڕۆمانسیەتە ، هەرچەند بەدیمەن لە باری ئیّستاو پیّویستی ئەدەبی ڕیالیستیەوە دوورە ، بەلاّم لەسەریّکی کەوە تینیّك ئەدا بە گیان و ، گڕی خەبات بۆ ژیانیّکی ئازادو کامەران و بیّ سەرئیّشەی نا پیّویست ، خۆش ئەکا .

زۆر پیّخۆشحاڵ ئەبم ئەگەر بزانم بەو ڕە نجەی لەگەڵ نوسینەوەو بابەت بەندی و خەریك بوونی ئەم دیوانەی مەدهۆشی ئازیزو خۆشەویستدا ، داومە- خوا عومری ئەوەندە دریّژ بکا تا ئەمەندەی تریش شیعرمان بۆ ئەڵیّ – لەم چەرخەدا کە خەڵك بەچرای ڕۆن گەرچەکەوە بە دوای تۆزیّ شادمانیدا ئەگەڕیّن ، بووم بە مایەی تروسکەی شادی و خۆشی خستنە دڵی خەڵکی کورد ، بە پیاوو ئافرەت ، کوڕو کچیانەوە ، ئەوانەی لەم دیوانەدا بیرەوەری زەمانی لاوی خۆیان ئەخویّننەوە و ئەوانەش کە دەرزی بۆ ئەمڕۆی کوڕیّنی یان لیّ وەرئەگرن .

www.ewinebook.blogfa.com

**ئیتر فەرموون ئەوە ئێوە و ، ئەمەش چەپکە گوڵی هەمەڕەنگەی شیعری ناسك و ئاگری دڵ خۆشکەری مەدهۆشی بەرگدروو ، شاعیری دڵ و خۆشەویستی ، شاعیری دوا هیواو ئاما نجی ژیانی کامەرانی بەرەی ئادەمیزاد .**

**محمدی مەلا کەریم**
**بەغدا**-1981/5/3

# سەبارەت بە خۆم و شیعرم

**هەر لەمناڵیەوە هۆگری جوانیو سروشت بووم. حەزم ئەکرد زۆرتری کاتم سەرلەبەیانیو ئێواران درەنگ لەقەراغ شار بەسەربەرم. تابۆم کرابێ حەزم کردووە بەتەنیابم، چونکە بێ ئەوەی بەخۆم بزانم بەجۆرێك دڵم شاد ئەبوو لەخۆمەوە دەستم ئەکرد بەسووڕدانو چەقەنەلێدان، یا پەستییەك دای ئەگرتم. جارێکیان لەبن خەرمانێکا کوڵی گریانم هەستابوو بەدەنگی بەرز ئەگریام. کە لە دەنگێك سەرم هەڵبڕی ئەبینم زەلامێك لەبەردەمما بەسەر سورمانەوە وەستاوە، لێم ئەپرسێ: رۆڵە بۆ ئەگریت؟ بەڵام من قوڕگم ئەوەندە پڕبوو بوو لەگریان، نەم ئەتوانی وەڵامی بدەمەوە.**

لەبارەی جوانیی ئافرەتەوە زۆرجوان پەرست بووم، بەڵام زیاتر حەزم لەجووڵان و ڕووداوو بەسەرهات کردووە. زەردەخەنەیەك لەجێی خۆیا بووبێ، زیاتر بزواندوومی بادەم و لێوەکەش جوان نەبووبێ . جۆری زەردەخەنەوڕۆین و هەستان زیاتر ئەمجوڵێنێ . چونکە هەر جوڵانەوەیەك تەعبیرێکی تیا بەدی ئەکەم . بگرە کە سەیری چاوێك ئەکەم ، نەك لەبەر جوانییەکەیەتی ، بەڵکو بیر لەو تەعبیرە ئەکەمەوە کەلەو چاوەدا هەستێ ئەخاتە ڕوو . چاوەڕوانییە یان شەرمە ، قینە یان شادییە ؟ ئالەم جۆرە شتانە . بەکورتی ئەتوانم بڵێم هەمیشە کەسێکی جوانی پەرستی ئەوتۆ بووم لەهەر جوانیێکدا شتێکم بەگەن کردووە ، وەجوانی تەواوم یان هەموو جوانییەکانم بەسەریەکەوە لەکەسێکدا نەدیوەتەوەو نمونەیەکم نەدیوە هەموو ئەو ئاواتانەی تیابێ کەلەبارەی جوانی یەوە لەدڵما بوون .

لەبەرئەوە شیعرەکانم بەدەگمەن باسی جوانییان تیایە . بەشی زۆری باسی ڕووداوو بەسەرهاتە چ هی خۆم ، چ لەو ڕووداوانەی بەرچاوم کەوتوون و خستومنەتە ڕوو . بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر دوو کەس زۆر پەسەندی دڵم بوون کە تەنیا بۆ دڵ ودەروونی خۆیان شیعریان وتووە ، یەکەم عەلی کەمال باپیر ( کەمالی ) ودووهەم فایەق زێوەر ( بەختیار ) ە کە مەبەستی خۆدەرخستنیان زۆر کەم بووە . ئەوەی گەشەی بەم هەستەم دا چەند شتێك بوو .

یەکەم: مامۆستایەکی فارسی زانی ئەدەب دۆستی سنەییم هەبوو ناوی ( مەلا میرزا ) بوو کە هەڵاتووی ئەوسای ئێران بوو . لەمزگەوتی شێخەولای هەولێری ( مزگەوتی دوو دەرگا ) قوتابخانەی هەبوو . وابزانم زۆر قوتابی تری ئەو دەمەی وەك مامۆستا شاکیر فەتاح وموحەمەد قەفتانی خاوەنی

www.ewinebook.blogfa.com

چاپخانەی كامەرانی و لاوانی ( دەرگەزێن ) و( سەرشەقام ) ی دەوروبەری 1930 ئەیناسن بەلاّم كەسیان وەك من هۆگری نەبوو .

دووهەم: ئەو چاپكراوە كوردی یانەی لەسەرەتای بیركردنەوەمدا هەبوون بەتایبەتی چاپكراوەكانی ( كوردی و مەریوانی ) وەك ( دیوانی نالی ) و( دیوانی سالم ) و( یادگاری لاوان ) زۆر بەتاسەوە ئەمقۆستنەوە ، بەتایبەتی ئەو چەند پارچە شیعرەی گۆران كە بلاّوكرانەوە تیایانداوا هەستی خۆشویستنی گۆرانیان خستە دلّمەوەو پاشانیش ئەو هەستە هەر زیادی ئەكرد . سەرچاوەی خوێندنەوەی من هەر بلاّوكراوەی كوردی بوو چونكە عەرەبیم نەئەزانی و مامۆستای جاران بە كتێبی فارسیی وەك ( گلستان ) و( بوستان ) و ئەوانە ، قوتابیان فێر ئەكرد .

سێهەم: خوالی ّخۆش بووی دایكم [1] كەهەموو قسەكانی شیعر بوون لەگەلّ نەخوێندەواریەكەشیدا شتی وای ئەوت سەرنجی ڕائەكێشا . تەنانەت چەند جار بەهۆی دەم و دوامانی خۆیەوە ( كەناسراو بوو ) ڕێی ڕزگاری لەدادگای عورفی لای كاربەدەستانی ئەوسا بۆ خۆش كردم . من ئەمەویّ ڕۆژێ لەڕۆژان بۆم هەلّكەویّ ئەم هونەرەی دایكم بخەمە پێش چاو ، بۆ ئەم مەبەستە تائێستا چەند كەسی وەك شێخ محەمەدی خالّ و دوكتۆر كاوس قەفتان پێیان وتووم قسە نەستەقەكانی دایكم بكەم بە نامیلكەیەك . ڕێكەوت وابووە كەس وكارەكانی دایكم زۆریان شاعیر بوون وەك مامۆستا نەجمەدین مەلاو مەلا سەعدی و ئەحمەد دەروێش ( ئەخۆل ) وكامەران موكری ومیرزا غەفووری حاجی هۆمەرو مەلا حەسەنی قازی ( شاهۆ ) .. باوكی دایكیشم مەلا ئەحمەدی مەلا

---

[1] )فاتمەی مەلا ئەحمەدی مەلا عەلی ، ئەچێتەوە سەر شێخەكانی ڕەشەكانی .

عەلی کەلە مزگەوتەکەی نزیك هۆمەرمەندان مەلا بووە ، بەناونیشانی ( زەلیل ) گەلیٚ شیعری هەیە .

لەمنالێیما حەزم ئەکرد ببم بە ( ئەفەندی ) ، بەلاٚم دایکم ئەیووت (( من کچە مەلای نانە ڕەقم ، با کوڕەکەشم نانی شانی خۆی بخوا ، نەبیٚ بە ( فەرمەسۆن ) )) . کەچی ڕێکەوت وای هێنا کوڕەکەی ببیٚ بە خەیاتی مۆدەی ژنانەی ئافرەتانی سنگ و بالٚ ڕووت .

لەسکی دایکما بووم کە باوکم[2] کۆچی دوایی کرد.بۆیە هەر ئەوەندەی ئاوزام و توانام پەیدا کرد ناچاربووم بەڕۆژ کار بکەم وبەشەو لەمزگەوتی شێخ ئەمین لەگەڕەکی دەرگەزێن لای ( کاکە مەلای پاوەیی ) لەگەلٚ فەقێکان بخوێنم . کاکە مەلاش شارەزاییەکی ئەدەبی باشی هەبووە . لە پاشا چوومە قوتا بخانەی زانستیی شەوان کە شەوانی سێشەموان کۆڕێکی هەفتانەی هەبوو بۆ خوێندنەوەی شیعرو وتاری سیاسی وکۆمەلاٚیەتی . ئەم کۆڕانەش زۆریان کار تیٚ ئەکردم .

بەلاٚم ئەوەی ئەم کانی دەروونەمی تەقاندەوەو شیعری پیٚ هەلٚقولاٚ کچێکی دراوسێمان بوو کەمارەبڕی منالٚی بوو دلٚی بەشووەکەیەوە نەبوو سۆزێکی لەدلاٚ بوو خووی دابوە گۆرانی فۆلکلۆری ئەوەندەی لەبەر بوو من لەگەلٚی دەرنەئەچووم . منیش هەولٚم ئەدا لەشێوەی فۆلکلۆری شیعری گۆرانی دانێم ، تاوام لیٚ هات بووم بە زەخیرەی شیعری فۆلکلۆری بۆ ئەو . ئەو کچە بەم شوە نەبەدلٚەیەوە دانەنیشت . ئێستا مالٚێکی ئاسایی و منالٚی گەورەی لە شووی

---

[2] )سۆفی محەمەد، کە بەحەمە دیلان مەشهوور بووە ، کوڕی حاجی محەمەد صالٚحی کوڕی مستەفای کوڕی قوربانی ، لە هەمەوەندی سێتەبەسەر . هیچ پەیوەندییەکی بە بنەمالٚەی مەلا ئەحمەدی دیلانەوە نیە .

www.ewinebook.blogfa.com

دووهەمی هەیەو تێکەڵیمان هەروا ماوە . لەم دوایی یەدا پێم ووت ئەگەر لە (یانە) کەمدا ناوی تۆیش بێنم خۆ دڵگیر نابی ؟ پێکەنی و ووتی (( من تازە بەم پیرییە لەڕێی لۆمەو تانەدا نەماوم . چی ئەنووسی بنووسە )) . بەلاَم خۆم بڕیارم دا لەچاپی دووهەمدا –ئەگەر بوو– ناوەکەی لەگەڵ هەرچی بۆنەکەی لەشیعرەکەدا ، هەبوو ، لە پەراوێزدا بنووسمەوە ، چونکە تا درەنگ تر بێ خۆم پیرانەترو بێشەرمانەتر ئەتوانم بنووسم وڕووداوەکانیش شێوەیەکی داستانی وەرئەگرن . جارێ با ئەمە بوەستێ ودیسانەوە بگەڕێمەوە سەر مەبەستەکەم:

ئەم شیعرە فۆلکلۆرییانەی ئەم کچە هانیان دام هەڵبەستێکم بەشێوەیەکی ئەدەبی داناو بردم بو ڕۆژنامەی (ژین) ، ئەمە سەرەتاکەی بوو :

بەعەشقی تۆ برینداری ، عیلاجی دڵ ئەبێ چی بێ ؟

خوالێ خۆش بوو پیرەمێرد لەتەنیشت خۆیەوە داینام و تێی گەیاندم کەدواییەکانی ڕێك نین ، بەلاَم هانیشی دام کەلەسەر شیعر ووتن بڕۆمو هەرچیم بەبیردا هات بینووسم و بۆی بنێرم ، تائەویش چاکی بکاو بۆمی بلاَوبکاتەوە . وایشمان کرد .هەموو جارێکیش پێی ئەوتم (عاشقە ڕووتە) .لەو ڕۆژەوە حەزم ئەکرد هاوڕێ یەکی بەهرەدارم ببێ . لەسەردەمی لاویمدا پیرەمێردو عەلی کەمال و فایەق زێوەر زیاتر هاودەمم بوون . بەلاَم لەوکاتەوە کە پیر بووم حەز لەهاودەمی بەهرەمەندی تازەی لەخۆم گە نجتر ئەکەم .

تا لە سلێمانی بووم ئەوانەی لەوێ زیاتر هاودەمم بوون کامەران موکری و ع.ع. شەونم و کاکەی فەلاح بوون .کەهاتیشمە بەغدا داری دەستم زیاتر کاك محەمەدی مەلا کەریم بوو کە تا بیدوێنی بەهرەی لێ وەر ئەگری و ، بە

پشتی ئەوە بەرهەمە شیعری یەکانم بەم شێوە نوێیە ئامادە ئەکەمەوە بۆ چاپ و بەهەڵە نەچووم ئەم برایەم هەڵبژاردووە بۆ ئەم ئەرکەو داوام لێ کردووە چەند دێڕێکیش پێشەکی بۆ بنووسێ . گەلێ جاریش سەرنج و تێبینی دوکتۆر عیزەدیین موستەفا یارمەتی باش بۆچوونی گەلێ بابەتی ئەدەبی داوم و ڕێی لەبەرچاوما ڕوون کردۆتەوە . دکتۆر عیزەدیین هاوڕێی سەردەمی لاویم و تائێستامەو هەمیشە دۆستێکی دڵسۆز بووە بۆم .

لەگەڵ دەست پێکردنی بڵاوکردنەوەی شیعرەکانم هەستم بەوە کرد کە تەنیا بەهرە بۆ شاعیر پێویست نی یە و بەهرە بەتەنیا بەشی ناکا. شاعیر پێویستی بە زانیارییەکی تێکڕاییش هەیە . لەم سەردەمەدا چاپەمەنی عەرەبی زۆرتر یارمەتی ڕۆشنبیری ئەدا . بۆیە بەهۆی مەتالاوە تاڕادەیەك خۆم فێری عەرەبی کردووە تا پارسەنگی شیعرەکانم لە واقیعی کوردی و پەیوەندی بە شیعری فارسی و عەرەبی یەوە زیاتر ڕێکخەم . حەزیشم لەشیعری وەرگێرڕاو بۆ سەر ئەم زمانانە کردووە لەو شیعرانەی بێگانەکە وەرگێڕاونەتە سەر عەرەبی و خوێندومنەتەوە ، زۆریانم بەدڵ بووە ، بەلاّم هەرچەند شیعری ڕۆژاواییم لەڕووی هونەرییەوە لا پەسەندە ، زیاتر زەوقم لەگەڵ شیعری ڕۆژهەلاّتی ئەگونجێ . بەتایبەتی شیعری نامیق کەمالی تورك و تاگووری هیندی . ڕاستەکەشی هەر شاعیرێ شێوەی جیاوازی خۆی هەیەو تێکڕا ئەتوانم بڵێم زۆربەی ئەوانەی کە شیعریانم دیوەو خوێندوەتەوە ، هەریەکەیانم لەڕوویەك یان زیاترەوە لا پەسەندەو ، هەشیانە ڕووی وای هەیە بەدڵما ناچێ .

www.ewinebook.blogfa.com

لەو شاعیرانەی کە هێشتا لەژیاندان وشیعریان لەناو خەڵکی کوردستانا باوو بڵاوە ، زۆر چێژ لە شیعری مامۆستایان هەژارو هێمن وهەردی و دیلان و ع.ح .ب و جەمال شاربازێڕی وەرئەگرم و زەوقیان لەگەڵ زەوقم ڕێك ئەکەوێ . بەم بۆنەیەوە حەزئەکەم بڵێم من لە ژیانی شیعر وتنمدا ئەوەندە بەدەربەستی کۆن و نوێی شێوەی شیعرەوە نەبووم و بایەخدار لای من ئەوەیە سۆزو چێژ لە شیعردا هەبێ و تائەوەی زۆرتر تیابێ سەرکەوتووترەو لام وایە ئەمەش لەبوونی بەهرەی شیعرو باش زانینی سنعاتەکە و ڕاستی شاعیرەکەوە دێ ..

بەدرێژاییی ئەم ساڵانەی خەریك بونمەوە بەهونەرەوە وام لێ هاتووە تەنانەت بەو چاوە سەیری بەرگدروونەکەشم بکەم و ، بەکارێکی هونەری بزانم . چۆن زەوقم لەبەتامی و جوانی شیعرێك وەرگرتووەو پێی شادمان بووم ، ئاواش زەوقم لەجوانی دروونەکانم وەرگرتووەو پێی شادمان بووم . هەر لەبەر ئەوەشە لەماوەی پە نجا ساڵ ئیش کردنا کە چل ساڵی وەستایی بووە لە نانەسکییەکە زیاتر پاشەکەوتێکم نەبووە .

شتێکی تریش هەیە لەبارەی شیعرەکا نمەوە ئەمەوێ بیڵێم . ئەوەش ئەوەتە ئەوانەی وتوومن ، وەنەبێ لەگەڵ بیروباوەڕی خۆم بەرابەر بن . بەلاَم کەلێشاوی سۆزێکی هونەری هێرشی هێناوە، لەگەڵ ڕۆییوم. دواییش دڵم نەهاتووە بیگۆڕم. بۆ نمونە ش یعری ( داخ لەدڵ )من بەسەر هەموو جوانێکمدا سە پاندووە، بەلاَم ئەوە لەگەڵ ڕاستی ناگونجێ تاك و تەرایەك نەبێ و پە یمان و مرۆڤایەتی دەستێکی بەهێزی لەخۆشەویستی و لەهەموو ڕووداوێکدا هەیە.

پاڵەوانی شیعرەکانم ئەو ڕووداوانەیە بە بەرچاوما ڕابووردوون. جا ئەگەر خۆم لەڕووداوەکەش زیاتر ڕۆیشتبم، ئەوە بەهۆی خەیاڵمەوە بووە.

ویستوومە شیعرەکەم بە پێزتربێ یان تامو بۆنی زیاتربێ. بۆیە لەوانەیە وردە بابەتی ناو پارچە شیعری هەمووی پێوەندی بەوکەسەوە نەبێ کەشیعرەکە سەبارەت بەو وتراوە، یان دوو سێ مەبەستی جیا جیام لە پارچە شیعرێکدا کۆکردبێتەوە.

ئە مجا بەهیوام بەچاوی لێبووردنەوە سەیری بەرهەمەکەم بکەن. خۆم ئەزانم چەند کاڵو کرچیی تیایە، بەڵام بەهۆی خەیاتیو ماندوێتی نان پەیداکردنەوە نەمتوانیوە هەموو لایەنێکی ببگرم. تەنیا هەوڵم داوە شیعرەکانم کاریگەربن لەدڵو دەروونداو گوێم نەداوەتە ئەوەی کە ڕووکەشێکی ڕازاوەیان هەبێ یان نە.

مەدهۆش

www.ewinebook.blogfa.com

## دوو سێ ووشەی پێویست

جاران کە دیوان یا دیوەخانی تایبەتی هەبوو بۆ دەستەی دەرەبەگ و بازرگانەکان، شاعیرەکانیش، کە دەسەڵاتی دارایی یان نەبوو دیوان و دیوەخان بۆخۆیان پێکەوەبنێن، کۆمەڵەی شیعرەکانی خۆیانیان ناو ئەنا( دیوان ) ، بەو بڕوایەی کە سەرمایەی ئەدەبیی ئەمانیش سامانێکەو بەم سامانەوە مافی ئەوەیان هەیە خاوەن دیوان بن. بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانییەتدا باوی دیوەخان نەما، لەباتیی ئەوە ( نادی ) یان ( یانە ) بوو بە پێشانگای بیروباوەڕی تایبەتی بۆ هەرجۆرە هونەرێك.

لەبەرئەوە منیش ئەم بەرهەمەی خۆم ناونا ( یانەی دڵان ) چونکە بیری چەندان جۆرە دڵم تیا کۆکردۆتەوە، چ هی خۆم و چ هی هاوڕازەکانم چ هی خاوەنی ئەو ڕووداوانەی بە بەرچاوما تێپەڕیون، بەتایبەتی دڵی کچان و، دڵی کوڕان و، دڵی پیران و، جێی مناڵەکانیشم و هاوپیشە بەرگدرووەکانیشم تیا کردوەتەوە تا لەیانەی دڵانا ڕازی دەروونی خۆیان دەربڕن.

بەڵام دڵی پیران تەنیا دڵی پیاوی پیرە، دڵی پیرێژنی تیا نی یە لەبەر دووشت:

یەکەم: لام وایە ژن تا پیرتربێ دەریای دڵی فروانترئەبێ، بۆیە نەموێرا خۆم بخەمە گێژاوی ئەو دەریایەوە نەوەك سەری تیا دەرنەکەم.

دووەم: ویستم دایکی مناڵەکانم هاوبەشیم لەگەڵ بکاو هەندێ شارەزاییم بداتێ و پێم وت تۆ خۆت ئەزانی شیعرەکانی لەمەوبەرم هەمووی هەوێنی

خۆشەویستی خۆم‌و خۆتی تیایەو، کەبۆم شەرح کردووی پێی شادمان بووی..
ئەگەر بتویستایە زەوقی شاعیریت ئەکوشتم..

ئێستاش ئەڵێم هەرشتە جوانی خۆی تیایەو، هەروا پیریش جۆرە جوانی‌یەکی خۆی تیایە، بەڵام ئەو هەر ملی نەدا دان بە پیری خۆیدا بنێ‌و هەرەشەی لێ‌کردم کەلەوبارەیەوە نەدوێم نەوەك ئەوبگرێتەوە. هەرچەند ویستم تێی بگەیەنم کە وەنەبێ هەرچیم وتبێ هەمووی بەسەرهاتی خۆم بێ، بۆ نموونە دڵی کچانم وتووە لەگەڵ ئەوەشا کەدیارە من کچ نیم.. گەلێ شتی تریش هەیە وتوومن، بەڵام خۆم لەگەڵ ئەو باوەڕەدا نیم کەمەبەستێك بەسەرهاتێك هێناویەتە بەردەمم وەکوو ئەوەی کەوەفا لای کچان نی یەو مرۆڤایەتی تەنیا ڕووکەشە یان پارە هەمووشتێکە، بەڵام دایکی منالەکانم هەر ملی نەداو بۆیە پێکەوە بڕیارمان دا کە دڵی ( پیرێژن ) دوا بخەین بۆ چاپی دووەمی ( یانەی دڵان ) کەبۆم هەروا پیریش کەخوا خۆی ئەزانێ کەی ئەبێ‌و، هەرکاتێ بێ دیارە ئەوەندە درەنگ ئەبێ کەسمان نەتوانین نکوولی لە پیری خۆمان بکەین.

www.ewinebook.blogfa.com

## پێشەکی

خۆزگەم بەشیعرەکانم کە هاودەمی یارانن
لەو جێیە خۆم ڕێم نییە ئەوان لەسەر لێوانن
منیش یادی ئەوانم ئاوا لە تویێ دڵایە
ڕازی دڵ و دەروونیان هۆنراوەی سەر زوبانن
گەر ڕێی تێکەڵی نەبێ جوانی و شیعر ئاشنان
دڵ و زوبان و خامە نرخی یەکتر ئەزانن
ئەمەندە چوونە ناخی دڵم ، خۆشم نەزانم
یان ئەوان شیعری منن یا شیعرەکەم ئەوانن

1964

## ئەبێ چی بێ ؟

بە عەشقی تۆ بریندارم ، عیلاجی دڵ ئەبێ چی بێ
کەتۆ ڕەحمت نەبێ بۆ من ، دەوای دەردم ئەبێ چی بێ ؟
لە پێ کەوتم ئەمەند هاتم ، بەڕۆژو شەو بەبەردەمتا
ئەگەر ماچێ نەبەخشی پێم ، کرێی ڕێگەم ئەبێ چی بێ ؟

لەبازاڕی حەقیقەتدا گەلێ چاوو دڵم گێڕا
کەبۆ یارم بەرم دیاری ، لەڕۆح زیاتر ئەبێ چی بێ !
لەناو باخ و چەمەندا سەیری گوڵزاری بەهارم کرد
بەغەیری ڕووی گوڵی یارم لەگوڵ جوانتر ئەبێ چی بێ !
لەسەر جێگەو لەبەزم و کەیف و مەستی تۆم لەبیر ناچێ
بەساڵێ جاری یادی من لەدڵتا بێ ئەبێ چی بێ !
بەڵێ بۆسەو کەناری جاری جارانم لەبیر ماوە
کە ئێستەش من لە تۆ دوورم بڵێ چارەم ئەبێ چی بێ !
دەروونم گڕ ئەسێنێ بۆ شەوانی بەزمی وەصڵی کۆن
قوبووڵم کەی بە میوانی شەوێ لای خۆت ، ئەبێ چی بێ !
ئەزانم سەد شوکور دایم لەسەیرانی لەگەڵ یاران
گوڵێ زیاتر لەگوڵزاری خەلاتی من ئەبێ چی بێ !
کە یاری بێ وەفا بی ، شەرتی دڵداری نەزانی تۆ
لەگریان و فوغان زیاتر خوا چارم ئەبێ چی بێ !
لەداخی بەختی ناشادم نەنووستم شەو خەیاڵم کرد
لەچی عاجز بووە ئاخۆم خەتاکەی من ئەبێ چی بێ !
کە تۆ هات و دەرت کردم لە قاپی خۆت بەبێ ڕەحمی
لەمەش زیاتر لەدنیادا جەفاو دەردم ئەبێ چی بێ !
لەگەڵ دۆست و ڕەفیقان شەو هەتا نیوەی لە دەورانم
کە ڕازی دڵ نەڵێم لای کەس بڵێ کارم چی بێ !
لەگەڵ دۆستی قەدیمی خۆت ئەزانم ئێستە کەم لوگفی

www.ewinebook.blogfa.com

**لەبەر تەعنەی ڕەفیقان گەر دڵم خۆش کەی ئەبیٚ چی بیٚ !**
**کە تۆ ڕەحمت نەبیٚ بۆ بیٚ کەسیٚکی وەك منی ( مەدهۆش )**
**لە ڕۆژی ئاخیرەتدا لای خودا جوابت ئەبیٚ چی بیٚ [1] !**

1939

---

[1] )ئەمە یەکەم هۆنراوەمە کەلە (ژین ) دا چاپ کراوە . پاشان لە کۆمەڵەی (دڵی کوڕان) یشدا بلاٚوکراوەتەوە .

## ئاواتی دووبارە ( خەیاڵێکی ڕۆژانی لاوی مەدهۆش )

خۆشی ژیانم ، ئاخ ، هەر جارێ بوو
بەری گوڵی دڵ ، نەوبەهارێ بوو
دەس لەسەر ملی گوڵ ڕوخسارێ بوو
شوێنی دڵبازی لالەزارێ بوو
بەدکار ، نادیار ، فرسەت کارێ بوو

بە دڵ ئەمڕوانی لە برۆ و چاوی
لە زەردەخەنەی کانی شەکراوی
زوڵفی سێبەر و کوڵمی هەتاوی
بای باوەشێنی پەرچەمی خاوی
پەروەردەی تاکی کردگارێ بوو

پێچی پرچی خاو هاتبوە کەمەر
چین چین لە قەدیا گرتبوی لەنگەر
کەمەندی دڵ و قولا پی جگەر
پەخشان لەدەوری بالاّی سنەوبەر
ئەگریجەی شۆخ و گوڵ عوزارێ بوو

دڵ لە گێژاوی عەشقی ئەوا بوو
بازاڕی سەودا لە برەوا بوو
ڕۆژ بەرامبەر مانگ لەگەڵ شەوا بوو

www.ewinebook.blogfa.com

نازانم ڕاست بوو یا لە خەوا بوو
چونکە هاتی من نالەباریێ بوو

شوشەی شەرابم بۆ بردە بەردەم
میوەو کەبابم هێنایە بەرهەم
مەی و مەزەو عەشق تێکەڵ بوو سەرجەم
ورشەی چنارو هارەهاری چەم
هەمووی ئامادەی وەصڵی یاریێ بوو

تاویێ دسبازی و گەزینی سێو بوو
یاماچ کردن و مژینی لێو بوو
جار جار تورەیی و تۆر و جنێو بوو
من بیێ ئارام و ئەو سەر بزێو بوو
ترشی و شیرینی بەری داریێ بوو

یەخەم ترازان شەش دوگمە یان حەوت
لەتەختی مەرمەڕ دوو گڵۆپ دەرکەوت
وەك پرپشکی گڕ با لە چرای نەوت
کڵپەی دڵ بەتاو بۆ دەروون سەرکەوت
سەیری کتوپڕ چۆن شەراریێ بوو

داخەکەم کە شەو زوو بڕایەوە
ڕووناکی دەرکەوت یار گەڕایەوە

**چرای ڕووناکی دڵ کوژایەوە**
**ئێستەیش هەر وێڵم بەو هیوایەوە**
**خۆشی ژیانی ( مەدهۆش ) جارێ بوو [1]** 1939

---

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە 1939 دا لە ڕۆژنامەی (ژین) دا بلاّوکراوەتەوە پاشانیش لە 1943 دا دووبارە بە ناونیشانی (ئاواتێکی ژیان) لەگۆڤاری (گەلاوێژ)دا بلاّوکراوەتەوە . خەیاڵێکی ڕۆژانی لاوی بوو . پاشتریش لەکۆمەڵەی (شیرین) دا بلاّوکراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

# قانیع

بیستبووم قانیع هەیە شاعیرە
هونەرمەندێکی داناو ماهیرە
هەر کەشکۆڵێکم ئەکەوتە بەر چاو
یا گۆڤارێکم ئەدی ناوبەناو
بەشیعری قانیع ڕەنگین کرابوو
لەلای هەموو کەس پەسەندی تیا بوو
گەلێ شیعریشم لای خۆم نووسیبوو
زۆرم لا جوان بوو خۆیشیم نەدیبوو
ڕۆژێکیان پرسیم ئەم شەمامەیە
بۆنی وا خۆشە ڕەنگی کامەیە
بەڕێکەوت وابوو خۆی هات بەڕێدا
وتیان : ئەوەتا مژدەمان بەرێ
منیش سەرێکم کێشایە دەرێ
کەدیم زەلامێك زەبەلاح و بەرز
چلکن ، خوارو خێچ وەك سێوی بن عەرز
گرێ تێ بەرگەی بۆسۆی لێ نایە
زۆر پەشیمانم ، خۆزگە نەمدیایە
بۆچی درۆ بکەم ، قسەی ڕاست خۆشە
کەدیم وەمزانی دەمار فرۆشە
تێر تێر پێکەنیم بەم سینەمایە

وتم : چۆن شاعیر ئاوا ئاوایە ؟!
ئەم هۆنراوەیە هی ئەم پیاوەیە
ڕاستە کە خەزنەش لەکەلاوەیە
هاوڕێ یەکی خۆم لێم هاتە پێشێ
وەختەبوو گوێچکەم لەبن دەرکێشێ
وتی : هەی نەفام دەمی خۆت بگرە
ڕەخنە لەسیمای زانایان مەگرە
شاعیر کەی لەمە چاکتر ژیاوە
نابینی پاکی بە خەم فەوتاوە [1]

---

[1] لەهەمان ژمارەی ( ژین )دا کەئەم شیعرەی تیا بلاّو کرابووەوە ، قانیع خۆی ئەم وەلاّمەی بلاّوکردبووەوە :

ڕۆژێ کە چوومە چاپخانەکەی ( ژین )
لە خۆی و ژینی هەزار ئافەرین
چوومە دائیرەی مورەتتیبەکان
کەوتە بەرچاوم هەندێ شیعری جوان
تێی وورد بوومەوە دەربارەی من بوو
بۆ پێکەنینی دۆست و دوژمن بوو
کاتێ خوێندمەوە وتم تەواوە
لەوە پەشێوەترە کەئەو داینـاوە

www.ewinebook.blogfa.com

---

سا ( ژین ) پێی بڵێ پیاوێکی خاس بێ
وەك زەمان نەبێ ، گەوهەر شناس بێ
بۆچ هێشتا دەوری کەوا بخۆیە
نەوەڵلاّ ڕەغبەت بەشیعری تۆیە
وەك ژن تـوالێت شێوەی کەماڵە
تەفرە بۆ کچی دە دوانزە ساڵە
من ( کۆنە پۆش ) م واکۆنە پۆشم
بەلاّم بەمەیلی وەتەن دڵخۆشم
دیوژەن لەناو پیپا ئەژیا
ئەسکەندەر ئەچووە لای ئەو بەجیا
( پیرەمێرد ) جوابی خۆی بداتەوە
کاسە ، کاسە ئارد وابەلاتەوە

پیرەمێرد خۆیشی لە داوێنەوە ئەم بەیتەی نووسیبوو :
ڕەخنە لەسیمای شاعیران مەگرە
بۆچی پیرەمێرد لەو پۆشتەترە

پاش ماوەیەك شیعرەكەی من لە ( دەنگی گێتیی تازە ) شدا بڵاو كرایەوە . قانیع دیسان وەڵامی دایەوەو وەڵامەكەی ئەویش هەر لە ( دەنگی گێتیی تازە ) دا بڵاوكرایەوە . ئەمەش وەڵامەكەی قانیع :

برای خۆشەویست ! یاری نادیدەم !
شاعیری بەرزی زۆر پەسەندیدەم !
لەبرادەران منت پرسیبوو
لەناو گۆڤارا شیعرت نووسیبوو
منت نەدیبوو كە ئایا چۆنم
پێت نەزانیبوو كە كەوڵەكۆنم
نووسیبووت هەرگیز بۆسۆی لێ نایە
زۆر پەشیمانم خۆزگە نەمدییایە
بەڵێ ڕاست ئەكەی هەمیشە ڕووتم
چڵكن و پڵكن وەك مەلكەمووتم
هەتا شاعیری كوردستانت بم
ئەبێ هەر شڕو شیتاڵانت بم
بۆچی براگیان هەر فاسۆن پیاوە
قۆندەرەی تازە خاوەنی ناوە
كراس و كەوا خادیمی هۆزە

www.ewinebook.blogfa.com

---

مێزەری زلە هۆی بەرزی کۆزە

برای شیرینم خۆتۆش شاعیری

زیرەك و زانا تەواو ماهیری

مادامێ کەخۆت گەوهەر فرۆشی

بۆ کزیی شاعیر بۆچ تێ ئەکۆشی

شاعیر دەهۆڵن لەدوور دەنگ خۆشن

لەنزیکەوە دارێکی بۆشن

باوەجوو ڕووتی هیچ عەیبی نی یە

کە پارە نەبوو دەستەلاّت چی یە

پارە بەجۆرێك دێتە دەست ئینسان

شاعیر ئەو پارە ئەکات بەسندان

شاعیر بۆ پارە هیچ ناکا پەلە

ئارەزووی شاعیر هەر بەرزی گەلە

کام شاعیرت دی دەس و چاو پاك بوو

لیباسی بەری فاسۆنی چاك بوو ؟

سەعدی فەیلەسووف تەواو دنیا بوو

مامۆستای هەموو شاه و گەدا بوو

بە پێ خاوسی لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ

ئەسوورِایەوە سابەهەر ئەحواڵ

هیچ کەسێك نەیووت بۆچ سەعدی ڕووتە

بۆچی ناشرین وەك مەلکە مووتە

ئیتر بابەس بێ برای شیرینم

منیش هەرئەڵێم یاخوا نەتبینم

www.ewinebook.blogfa.com

**دڵم بۆ خۆش نەبێ**

**دڵم بۆ خۆش نەبێ یارم بەرامبەر من کەوەستاوە**
**لەسایەی خواوە هێشتا عەشقی جارانی لەلا ماوە**
**ئەگەر لوتفی ببێ ساتێ لەلام دانیشێ ئەو شۆخە**
**هەتا ئەمرم منەتباری ئەبم دایم لەمەولاوە**
**وەرن سەیری جوانی و دڵ ڕفێنی بەژن وبالأی کەن**
**بەشەر بەم ڕەنگە هەر نابێ ، سەرم لەم جوانە سڕ ماوە**
**ئەگەر نازیش بکا توخوا دڵی مەشکێنن ئەی یاران**
**کەداوای چی بکا دولبەر بەسەر ڕۆح و بەسەر چاوە**
**نەوەك من هەر بە تەنیا بێ قەرار و کوشتەیی عەشقم**
**هەزاران عاشقی بێچارە هەر بەم ڕەنگە فەوتاوە**
**بەلە نجەو لارو هاتوچۆی جوانی شێت و مەدهۆشم**
**لەسەرتا پای تەماشاکەن چ خەوشی تیا نەبینراوە** (1)

1940

**میوان**

**ئەرێ یاران دڵم زۆر خۆشە ، یارم وەعدی پێ داوم**
**کەجارێ بێ بە میوانم ، لەسەر ئەو قەولە وەستاوم**
**هەتا ئەکرێ ، لەسەر من لازمە قەدری بەڕۆح و سەر**
**ئەگەر تەشریفی بێ بۆ لام ، بەخێر بێ خوایە ، سەر چاوم**

---

[1] ) ئەم پارچە شیعرە لە ڕۆژنامەی (ژین) و لەکۆمەڵەی (شیرین) دا بلأوکراوەتەوە

بزانن مەیلی چەند زۆرە کەدێ بۆ لام بە میوانی
ئەمەش بۆ من خەلاتێکە ئەڵێی تاجی لەسەر ناوم
لەشوشەی دڵ شەرابی ئاڵی بۆ تێکەم لەبەردەمیا
لەسەر سینی لەگەڵ گۆشت و کەبابی جەرگی برژاوم
چ شیرین و بەتامە یادەکەی ئێستەش لە دڵمایە
کەگوایە ساڵی پێشوو هاتووەو کوڵمی لەدەم ناوم
نەسیم لەوباخەوە بیهێنە بۆنێکی گوڵی یارم
هوزاری مات و بێدەنگ بووم و نەشئەی تۆیە جووڵاوم
لەبەر دەردی مەراقی ئەو دەمێ ژیر و دەمێ شێتم
دڵم خاڵی نی یە ، بێ شك لەبەر ئەم بەزمە ، خوڵقاوم
گەلێ ئیسلام لەرێی عەشقا بەدەستی کافرێ کوژران
منی ( مەدهۆش ) شەهیدێکم لەڕیزی ئێوە نووسراوم [1] 1940

لەگریانام
لەعەشقی خاڵی لێوانت بەقوربان من لە گریانم
بەشوعلەی کوڵمی ئاڵت هەروەکو زوڵفت لەسووتانام
ئەزانی من بەدەوری کوڵم و زوڵف و گەردنی تۆدا
وەکوو بولبوا ئەخوێنم ، تا لە باخی شێوە جوانانم
بە گیان و ماڵەوە قوربانی بالاَت بێ ئەڵێی سەروە
هەواڵم گەر ئە پرسی من لە باوی عەشقی جارانم

---

[1] )ئەم پارچە شیعرە لەڕۆژنامەی (ژین) و لەکۆمەڵەی (شیرین) دا بلاَوکراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

لەسایەی یادی لێوی پرش لە خەندەی تۆوە سەرخۆشم
بە خۆشی چاوی تۆوە ، بێ خەمم ، دایم لە سەیرانام
لەخۆشی و شادی یو بەزما ئەگەر چی من لە دڵتا نیم
لە ئێش و دەردو گریانا ، هەتا مردن لەگەڵتانام
ئەگەر داوا بکەم ماچێ لەسەر گۆنات ، ئەتۆرێی لێم
دڵیش بێ شەرمە ناوەستێ ، لەبەینی بێ قەرارانام
سرەوتم لانەماوە ، هەروەکو پەروانە فڕکەم دێ
بەشەو بێدارو ئێشکچیم لەبەردەرگای نیگارانام
بەچەشنێ عەشقی تۆ تەئسیری تێ کردووم کە نازانم
بەشێتی یاخۆ ( مەدهۆشی ) لەبەردەمتا لەدەورانام [1]

1940

**خاڵدار**

سەیری کە لەسەر کولمی گوڵم دانەیێ خاڵە
فیتنەی دڵ و ئیمانە ، خەراجی سەرو ماڵە
ڕێشووی گوڵی سەرپێچی هەمووی پێچە لە دڵما

---

[1] )ئەم پارچە شیعرە لەڕۆژنامەی (ژین) و لەکۆمەڵەی (شیرین) دا بلاٌوکراوەتەوە .

خوێنی دڵی خەمبارە کەوا سوورە گولاڵە
شۆخێکی بەبێ وێنەیە ئەمرۆ لە جیهانا
حەیرانی جوانی ئەوە چی پیرو منداڵە
هەر کەس بڵێ ڕوخساری وەکوو مانگە لە چواردە
بێ مروەتە گەر بیشیکوژن خوێنی حەلاڵە
وەختێ بە تەبەسسوم کە ئەوەستێ لە حەسارا
صۆفی گوزەری کەوتە ئەوێ تۆبە بەتاڵە
تا ماچی نەکەم ڕوومەتی ئەو یارە جوانە
گەر بەندو ئەگەر کوشتنە تەسکینی مەحاڵە
صەد خۆزگە بە ئەوسایە کە نەمدیبوو ڕوخی ئەو
نەمبیستبوو سووتانی دڵ و شیوەن و ناڵە
بێزارە هەتا ماوە لە دنیا دڵی عاشق
دایم وەکو ( مەدهۆش ) ی هەژار پەستی خەیاڵە [1]

1940

---

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە ڕۆژنامەی (ژین) و لە کۆمەڵەی (دڵی کوڕان ) یشدا بلاْو کراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

**کوێرەوەری**

**باسێکی خۆمان بخەینە بەر چاو**
**لەباسە خەڵکی چاترە بۆ پیاو**
**لەبەر خەیاتی و شەوکارو تەقەڵ**
**زەردو لاواز بووم وابووم بە چەقەڵ**
**کاری بە پەلەو بەرە جەژنانی**
**بۆڵەو تووڕەیی وەستاکارانی**
**دەستم ئەمەندە دەرزی پیاچووە**
**بەقەد بێژەنگێ کونی تێبووە**
**ئەوەندە سەری تاوم قووت داوە**
**تێرم خواردوە ، دڵم گیراوە**
**لەباتی کەیف و چاخانەو گەڕان**
**دایم خەریکی کارم لە دووکان**
**یاشەڕە شەقی شاگردو منداڵ**
**یاچەقەچەقی خاوەن جل و ماڵ**
**پیس و پۆخڵ و سەرو چاو تەپیو**
**گەڕو بۆگەن و چڵکن وەك هەتیو**
**لەخوا بەزیاد بێ کەی ئەمە حاڵە**
**نیوە مردوو بووم بەم سێ چوار ساڵە**
**ڕۆژ تا ئێوارە ئەگەر خێرا کەم**
**پارەی چاخانەی شەو پەیدا ناکەم**

ئەوانەی پێشوو کە بێ خەبەر بوون
ئەیان وت و پیشەو بازنی ئاڵتوون
نەمدی کە ئیشێ ئەکەم بۆ یەکێ
نەڵێ سەقەتە ، هەی دەستی شکێ
مردم ئەمەندە تەقەڵ بژێرم
بۆیە ئەمبینی وا کوت و کوێرم
بێ پارەو بێ پوول هەمیشە لاتم
موبارەك نەبێ لای خۆم خەیاتم
ئەو سەیرە خۆشە لای دۆست و دوژمن
ناسراوە خەیات دزەو درۆزن
ئەوەش کوشتوومی ئەڵێن دەنگ مەکە
پارەی حەلاڵە خۆت دڵ تەنگ مەکە
یاران بە زەییم بەم حاڵەدا یە
ئەڵێم سەد خۆزگە هەلاج بوومایە
ئەم داخە لە دڵ زۆر تەئسیر ئەکا
ئەم دڵە تەڕەی ( مەدهۆش ) پیر ئەکا
گەر بەینێکی تر وەها بمێنم
ڕەنگە نەك شیعرم ، خۆشم نەمێنم [1]

---

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە ڕۆژنامەی (ژین)و گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) دا —بە پیتی لاتینی- و لە کۆمەڵەی ( شیرین) دا بلاّو کراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

1940

## کۆچی ناکاو

فەلەك ئیشی ئەمەندە چەوت و خوارە
هەموو عالەم لەدەستی بێ قەرارە
لە باخێکا گوڵێ پشکووت و دەرکەوت ،
لە کوردا گەر یەکێ دەرکەوت و سەرکەوت ،
ئەبێ گەردوون لەناوی باو نەمێنێ
پەڕەی گە نجی و جوانی هەڵوەرێنێ
لەگەڵمانا بەنەوعێ بۆتە دوژمن
ئەفەوتێین یا بەمردن یا بە کوشتن
خودا ، تا کەی غەم و حەسرەت بنۆشین ؟
هەتاکەی بەرگی شین و ڕەش بپۆشین ؟
( ڕئووف ) بێ وەعدە کۆچی کرد لەناومان
چرای جوانی نەما بۆ نووری چاومان
ئەسەف بۆ ڕەونەقی باڵای بلووری
دریغ بۆ فکری بەرزی بێ قصووری
کەوا ئێستا ئەسیری خاك و خۆڵە
لەیارو قەوم و خۆیشان دەوری چۆڵە
ئەمەش تەئریخە وەك ڕۆژێکی ڕووناك

1940 (( گەلاڕێزان ڕەئوفی نایە ناو خاك ))[1]

**لەبەرچی**

**بیستوومە کە یارم ڕقی هەڵساوە لەبەرچی ؟**
**تێناگەم و سووچم چییە ، تۆراوە لەبەر چی ؟**
**مەعلوومە لەلای من کە جوان عادەتی وایە**
**ئەم ڕەسمە لە چەند کۆنەوە هەر ماوە لەبەر چی ؟**
**هەر ناوی منی بێ کەسی بەدبەختە لەناوا**
**سەد شێخ و مەلا مێزەری داناوە ، لەبەر چی ؟**
**لەم لەوحی دڵەم نەخشە دە تێفکرە بزانە**
**ئەم عەشقە بە ڕەنگی چییە نووسراوە لەبەر چی ؟**
**کەس حەددی نییی ناوی بەرێ , دولبەری خۆمە**
**( مەدهۆش ) ی هەژار خواردنی خوێناوە ، لەبەر چی[1] ؟**

---

[1] )ئەم پارچە شیعرەم بۆ لاواندنەوەی لاوی بەناکامی کۆچ کردووڕەئووفی صاڵح قەفتان وتووە کەلە 14 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد . نیوە دێڕی دوایی پارچە شیعرەکە بە حەرفی ئەبجەدو بە ڕێنووسی کۆن ئەکاتە 1360 کە بە ساڵی کۆچی . ساڵی مەرگی ئەو جوانە مەرگەیە . ئەم پارچە شیعرە لە ڕۆژنامەی (ژین) دا بلاّوکراوەتەوە .

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە ڕۆژنامەی (ژین) و لە کۆمەڵە شیعری (دڵی کوڕان) دا بلاّوکراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

1941

## یاری زۆردار

من لە دووری تۆیە دایم شین و زارم کردووە
ویڵی کێوانم لەسەر تۆ تەرکی شارم کردووە
بەو دڵەت قەستەم کە ڕەحمی تیانییە دەرحەق بەمن
شەو لەسەر قەولت هەتا ڕۆژ ئینتیڤارم کردووە
گەرچی ناوی من بە دڵتا نایە ئێستا ڕۆحەکەم
من دڵم خۆشە کە ئەمساڵ یادی پارم کردووە
بۆنی زوڵفت بای شەماڵ هێنای شیفا بوو بۆ دڵم
دیارە تۆ ڕەحمت بە حاڵی دەردەدارم کردووە
پێم ئەڵێن دەردت گرانە تازە دەرمانی نییە

گەر بە کوشتن خۆم نەجات دەم دیارە چارم کردووە
گەر کەسێ لۆمەی دڵی (مەدهۆش ) بکا ناحەق نییە
خۆم لە پێشا سەرزەنشتی بێ قەرارم کردووە [1]

1941

[1] )ئەم پارچە شیعرە لەڕۆژنامەی (ژین و) لەکۆمەڵەی (دڵی کوڕان) یشدا بڵاو کراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

## شەراب

لەززەتی دنیایە ، چاوی یارو فنجانی شەراب
ڕوو بەرامبەر چاوی جوان و دەم بە لێوانی شەراب
شەرتی عاشق وایە لەم دوو ڕێ یە هەرگیز لانەدا
ماڵ و سەر قوربانی یارو دڵ بە قوربانی شەراب
بەزمی خۆم نادەم بەصەد کاووسی کەی کاتێ کەوا
دێتە بەردەم ، ساقی بیدا نۆبە فنجانی شەراب
ڕۆژی عاشق بۆیە هەرگیز ئاوابوونی بۆ نییە
چونکە ڕووناکە دڵی سوبحی بە شێوانی شەراب
تەرکی ڕێی مەیخانەو و کۆیی نیگارم زەحمەتە
چونکە پەروەردەم بە فەیقی عەشق و ئیحسانی شەراب
بێ خەبەر دەرچوون گوڵێ کەس ، کامی دنیایان نەچەشت
بێ بەری بوون چونکە تا مردن لە دیوانی شەراب
شاهی نەورۆز ، فەرشی چیمەن با لە گوێی چەم ڕا بخا
کۆمەڵی عاشق بەدەستە ئەبنە میوانی شەراب
دڵ بە شەوقی مەی ئەبێتە شاهیدی میصری خەیاڵ
سەد زولە یخای عاشقی فرزەندی کەنعانی شەراب
ئەودەمەی داوێنی عومری خۆشەویستیم پارە بوو
مەرئیەی ( مەدهۆش ) بڵێن یاران بە عینوانی شەراب [1]

---

[1] )ئەم پارچە شیعرە لەڕۆژنامەی (ژین) و لە کۆمەڵەی (شیرین) دا بڵاوکراوەتەوە .

1941

www.ewinebook.blogfa.com

پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلی میصباح الدیوان ئەدەب

نەوبەهارەو دەشت و کێو ڕەنگینە وەك خولدی بەرین
با بە کامی دڵ لەسەر فەرشی چەمەن بەزمێ گرین
تا بە نەشئەی مەی لە دڵدا تۆوی میحنەت لابەرین
صوبحدەم ، هەنگامی گوڵ ، سەبزەی نەسیمی عەنبەرین
چەندە خۆشە بادە وەرگرتن لەیاری نازەنین

ڕۆحەکەم وا چاو ئەگێڕم بۆ دیدارت سوو بە سوو
تا ڕەقیب شێوەی وونە دەرخە عوزارت زوو بە زوو
چونکە شیرینە لەلام ماچ و کەنارت دوو بە دوو
چەندە خۆشە عوشرەتی پەنهان نیگارت ڕوو بە ڕوو
موتریب و ساقی لەلایەك خونچە دەم یەك مەە جەبین

دڵ بە شەوقی کوڵمی تۆ دائیم ئەبرژێ وەك کەباب
جاروبارێ بێنە بەردەم ساقی پەرداخێ شەراب
لێدە موتریب تۆش بە سەوداوە لە سەمتوور و ڕوباب
گەە سەماعی ئورغون و گاهێ سوراحیی لەعلی ناب
گەە لە باغی تەلعەتت یاران گوڵ و غونچە چنین

ئەودەمم لا خۆشە دانیشم بەرامبەر ڕووی نیگار
هاودەمی مەحبووبە بم دایم لە چەشمەو لالەزار

ڕۆژی فیرقەت زەوقی ئەم شیعرەم هەیە بۆ یادگار
خۆزگە ئەخوازم بە دوێ شەو دوو بە دوو بووین ئەمن و یار
تا سەحەرمان عەیش و عوشرەت بوو و میزاج و پێکەنین

شاهیدو ساقی و مەی و موتریب هەموو یەك كەوتبوو
مەجلیسێ كەوتبووە گەردش ، جەننەتێ هاتبووە ڕوو
كوڵم و لێوم ماچ ئەكرد ئە نجا بە شەوق و ئارەزوو
دەم بە دەم ساعید لە گەردەن ، لەب لەسەر لەب ، ڕوو بە ڕوو
دەست لەسەر سینە خەریكی گوڵ چنین و بەی گوشین

حەیفە تەشبیهی شەوێكی وا لەگەڵ پەردەو زەفاف
عوشرەتێكی خوسرەوانەی پڕ لە زەوق و پڕ شەفاف
یا لە كەعبەی صوورەتی مەحبووبەدا ئەمكرد تەواف
گەه لە جامی لێوەكەی ئەمژی قەڕابەی شەهدی صاف
گەه لە فنجانی دەمی تەنگی ڕەواقی ئەنگەبین

گەه شكاتی ڕۆژی دووری و میحنەت و ڕە نجم ئەكرد
یا لەسەر كوڵمی بەشادی سەیری دوو گە نجم ئەكرد
یالەگەڵ چاوی بەغەمزەی نەرد و شەترە نجم ئەكرد
گەه لەباغی سینەدا سەیری دوو نارنجم ئەكرد
گەه لە گوڵزاری جەمالیدا تەماشای یاسەمین

www.ewinebook.blogfa.com

ئەو بتی باڵا بلوورە وا بە لە نجە هەڵدەسێت
تیپی ئەگریجەی لە دەوری گەردنی دێت و دەچێت
هەردەمەی نەزمێ لەنەشئەی بەزمی شاهید دەردەچێت
گا لە بادە مەستی کردم ، گەه لە غەمزەی چاوی شێت
گەه لە زوڵفی وا لە خۆشیدا نە عەقڵم ما نەدین

دولبەرم لوتف و نەزاکەت وا بە جارێ دەردەخات
لایقی مەدح و ئەنایە وەك شەوی قەدر و بەرات
گا لە باغی قامەتی سێوێ ئەبەخشێ بۆ خەلات
گاه لە دوو لەب ساغیری تێ کرد کە ها ئابی حەیات
گەه لە گەردەن شیشەیی ڕاگرت کە ها مائی مەعین

مونتەهای شەرحە بەیانی ناکرێ تەوصیفەکەی
زەوقی ( مەدهۆش ) ت ببێ ئەوسا ئەدەب تەقدیر ئەکەی
یادگارە ئەم کەلانی دولبەری شیرینەکەی
گەه بە ڕووی خۆی کرد ئیشارە ، گەه بە ڕەوچەی سینەکەی
( هازیهی جنات عدن ، فادخلوها خالدین )

1941

بێ وەفایی

ڕۆژێ واڕێکەوت کە ڕێگەم کەوتە ماڵی یارەکەم
دیم کە وەستاوە بەتەنیا نەونەمامی گوڵ بەدەم
پێکەنیم ، پێم وت : دەمێکە چاوەڕێی ئەم فرسەتەم
ئێستە تەنیای ، جارێ وا دەس پێشکەری ماچت ئەکەم
تاوێکیش لات ڕابوێرم ، جا بەرۆکت بەرئەدەم

پێکەنی ، فەرمووی : ئەزانی گوایە من چیم لێت ئەوێ
گەر هەلێکی وا بەساڵی جارێ بۆمان هەڵکەوێ
تۆزێ ڕابوێرین بە خۆشی ئاسمان پێی نانەوێ
ماچ و دەس بازی لەگەڵ یار هەر ئەبێ پرسی نەوێ
دەستی وا کردە ملم لێوی نزیك لێوم کەوێ

کاتێ زانیم چۆن ئەویش سووتاوە ، وەك من بەو گڕە
پەردەیی شەرمی دڕیوە ئەو دڵەی هێندە پڕە
جۆششی عەشقم هوجوومی کردە سەر دڵ لەو گوڕە
وا بە سنگی خۆمەوە نا سنگ و ئەو مەمکە خڕە
مەست و بێ هۆش بووین لەبەینمانا نەما چرپەو قڕە

www.ewinebook.blogfa.com

**جارێ تا هێزم هەبوو بەو شەوقەوە تێر تێر گوشیم**
**دوایی سەیرم کرد کە ڕەنگی ڕووی پەڕیوە ، تێ گەییم**
**نارِەوا بوو هێندە ئازاری بدەم ، زوو پێکەنیم**
**بۆئەوەی دڵگیر نەبێ لەم ئەزیەتە ، کاتێ کەدیم**
**ئەو لەمن زیاتر گوشیومی ، سەیرە ئەو هێزی بڕیم**

**پاش ئەوەی ڕامان بوارد بیبینێ بە یاری دوو بە دوو**
**شێوەیەکی بەزمی دڵداری لە ناوا هات و چوو**
**ئاخی هەڵکێشا ، لە پڕ فرمێسکی گەرمی کەوتە ڕوو**
**پێی ووتم دڵداری ژینی بێ سەرە نجامن هەموو**
**زۆر ئەترسم ئێمە لێك ببڕێین نەگەینە ئارەزوو**

**ئێستەش ئەبینم کە ئەو عەهدەی لەبیر بردۆتەوە**
**ئەو گرەی بۆ من لە دڵیا بوو هەمووی نیشتۆتەوە**
**وەك نە بای دیبێ و نەباران ، گشتی هەر بیر چۆتەوە**
**خۆی لە من لاداوە ، بۆ بێگانە ڕووی کردۆتەوە**

## كاكه ( مەدهۆش ) تۆش بنالێنه بەدەردی خۆتەوه [1]

1942

### ژیان سەیره

پەرێشانم لەبەر حاڵێ كه ئەبینم له یارانم
زەمانه فیكری تێكداون براو دۆست و ڕەفیقانم
كەسێكی وانیيه ڕۆژێ لەگەڵما بێ به دڵ پاكی
هەموو ڕوو گرژو دڵ پیسن ، لەبەر ئەم داخه گریانم
تەماع و ماڵی دنیا بۆته سەودایەك له سەریانا
لەبەر ئەم حاڵەیه دەرچوون له مزگەوتا مەلاكانم
خەریكی پارەیه هەر كەس خەیاڵێكی لەسەردایه
بەناحەق مەگره من دایم خەریكی كارو فرمانم
له پیرێكم ئه پرسی بۆچی واتەنیای له ژورێكا
وتی سفرەم نییەو فەرشم نییه ، كێ بێ به میوانم
میساله بۆ هەموو باسێ ، بچووك و گەوره ئەیزانێ

---

[1] )ئەم پارچه شیعره له گۆڤاری (گەلاوێژ) دا بلاّو كراوەتەوه . هەوێنی ئەم پارچه شیعره ئەو گۆرانیىیی فۆلكلۆرییەیه كه ئەڵێ (( دوێنێ یارم بووی ئێستا نامناسی)) . له كۆمەڵەی (شیرین)یشدا بلاّوكراوەتەوه .

www.ewinebook.blogfa.com

**هزار خزمم ببیٚ نابیٚ به پولیٚ بیٚته گیرفانم**
**تەماشای کیٚ ئەکەم شیٚواوە یا ( مەدهۆش )و سەرسامە**
**منیش پارەم لەلا پووچە ، ئەسیری چاوی جوانانم**

1942

## تۆ

**قوربان وەرە زوو دەس کە ملم ، مالٚ و سەرم تۆی**
**فەوتاوی دەسی تۆم و ، بەلٚیٚ چارەسەرم تۆی**
**بەینیٚکە لەژیٚر دەستی جەفاو تەعنەیی عەشقام**
**یەك دەفعە دلٚم بیٚنەوە جیٚ ، خیٚرو شەڕم تۆی**
**ڕوو دەرخە ، پەچەت لابەرە ، لیٚو بیٚنەرە پیٚشیٚ**
**ماچیٚك ئەفڕیٚنم لە دەمت ، نەشئەدەرم تۆی**

من بولبول و تۆ غونچەیەکی سەرچڵی عەشقی
ئێشکچیه دڵ شەو کە ئومێدی سەحەرم تۆی
عەشقت کە هەموو ئان و سەعاتێك لە دڵمدا
کردوویە بە غەوغایە کەچی بێ خەبەرم تۆی
( مەدهۆش ) کەوەکو شایە لەژێر سێبەری عەشقا
غەم لەشکرو دڵ دوشمنە مایەی زەفەرم تۆی [1]

1942

بۆ گیانی نالی

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە ڕۆژنامەی (ژین) ولەکۆمەڵەی (دڵی کوڕان) دا بڵاوکراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

لێوی خونچەی هەڵئەڕێژێ هەر سەحەر خەرواری ماچ
بۆیە سەرگەردانە وەك من بولبولی بێداری ماچ
عالەمێ موشتاقی ماچی کوڵمی ئاڵی دولبەرن
سەیری چەند زۆرە لەدنیادا بەدڵ کڕیاری ماچ
لێوی پڕ خەندەت لەلای عاشق لەنەی شیرینترە
مشتەری ئەمڕۆ لەهەنگوین زۆرترە بازاڕی ماچ
گەر شەرابی ماچی لێوی تۆ نەبێ بۆ مەست ئەبم
زەووق و عەشقی تۆی لەلا نابێ دڵی هوشیاری ماچ
گەر لەسەر ماچێکی گەروت گەردنم دووپارە کەن
چونکە تێغی دەستی عەشقی خۆشیە بیماری ماچ
با لە حەشرا لێم بپرسن خێرو شەڕ چیت کردووە
هیچی نازانم بەغەیری ناڵەوو هاواری ماچ
وەختە بۆ ماچێکی چاوی پڕ لە سورمەی دولبەرم
شێت و ڕیسوا بم کەنەمدی نۆبەیێ دیداری ماچ
تا سەحەر دوێ شەو لە باخت خونچەییێکم دەست نەکەوت
لێو لە شوێن لێوت گەڕا تا تێپەڕی شەوگاری ماچ (1)

---

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە ڕۆژنامەی (ژین) و لەکۆمەڵەی (دڵی کوڕان) دا بلاّوکراوەتەوە
.

1942

**نەونەمام**

**نەمامێکم لە باخێ دی ، لەلای من وابوو عەرعەر بوو**
**کەچی تازە مەمانێ بوو کەئاواتی دڵی تەڕ بوو**
**وەکو دارێکی ساوا تازە هەڵچووبێ لەناو ئاوا**
**بەجوانی دارەکەی گووبای کەناری حەوزی کەوسەر بوو**
**لەنوخشەی باخی دڵدارانە جووتێ سێوی دانا بوو**
**لەسەر گۆی ئاڵی شەونم هەروەکوو دوڕدانە گەوهەر بوو**
**زوبان شیرین و لێوی پێکەنینی خۆش و خۆش ڕوو بوو**
**جوانێ بوو لەگەڵ حۆری و فریشتە یارو هەمسەر بوو**
**لەبەینی زوڵفەکانا ڕوومەتی هەروەك چرا وابوو**
**لەناوجەرگەی شەوا شەوقی ڕوناکی چەشنی ئەختەر بوو**
**بە کەیفی دڵ لەلێوانی ئەگەر ماچی بدامایە**
**لەسەر ئەو خێرەدا بۆ کوشتنم ئازادی مەحشەر بوو**
**کەبینیم چاوەکانی تێگەیشتم چەندە خوێن ڕێژە**
**لە موژگانی بترسن وا بە دڵما تیری تێپەڕ بوو**
**لەبەر ئەو لەیلەیە مەجنوون وەکوو من شێتی کێوانە**
**هەتا مردن پەرێشان و خەیاڵی عەشقی دولبەر بوو**
**مەگەر یەزدان بزانێ حاڵی من چەندە بریندارم**
**لە دڵما عەشقی ئەو تیژتر لە شمشێرو لە خە نجەر بوو**

www.ewinebook.blogfa.com

**ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان لێم بپرسن چۆنە ئەحواڵت**
**ئەڵێم ( مەدهۆش ) بەدەستی ئەو نەفەوتایە ، قەلەندەر بوو**[1]

**لێ بووردن**
**دڵ بە گەنجی ئارەزووی عەشقی هەیە و یاری ئەوێ**
**بەزمی هاوڕازی ژیان و سەیری گوڵزاری ئەوێ**
**خۆ دلچی بێچارە دایم وا بەشوێن دڵخوازەوە**
**ماچی لێوو باوەشی شیرینی دڵداری ئەوێ**
**ئەو شەوی وەصڵەی بەناوبانگە ، هیوای دڵدارییە**
**تۆ بە سوکی مەگرە ، خەرجی گیان و دیناری ئەوێ**
**شارەزایانی بەسەرهاتوو ئەزانن چی ئەڵێم**
**حەپس و ترسی سەرتەنوورو سووچی دیواری ئەوێ**
**وامەزانن عاشقی تاسەر لەسەرخۆشی ئەبێ**
**جاربەجار بەدبەختی وەك من پێ لەقەو داری ئەوێ**
**من لەسەر ئەم بارەشا ئەیڵێم ئەوەی عەشقی نەبێ**
**بەش بە حاڵی خۆم کەرێکە بارو سەرباری ئەوێ**[1]

---

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە ڕۆژنامەی (ژین) و کۆمەلچەی (دڵی کوڕان) دا بلاّوکراوەتەوە . شاگردی بەرگدروو بووم لای وەستا حەمە سەعید . ناردمی بۆ پراوە بۆ ماڵە عەرەبێك . کچێکی جوانیان هەبوو. خەیاڵی ئەم شیعرەی دامێ . تا هاتمەوە بۆ دووکان ئەم پارچە شیعرەم دانا .

1942

**سکالاّ لەگەلّ سەیوان**

**پیێنج خشتەکی لەسەر شیعری ئەحمەد دەروێش ( ئەخۆل )**

**ئەی گردی سەیوان ، شیرین لە نیّوان**
**ئەی شوێنی سۆزو نالّەی پەشیّوان**
**دایم پیێت ئەلّیّم لەگەلّ قورِ پیّوان**
**ئەی گردی سەیوان ، سەیوانی سیّوان**
**ئەی گە نجی گەوهەر تا بەسەر لیّوان**

**چەند پاشاو گەدا وا لە گەلّتایە**

---

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە گۆڤاری (ڕۆژی نویێ ) و لە کۆمەلّەی (شیرین) دا بلاّوکراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

چەند کۆرپەی ناسك وا لە باخەڵتایە
باسی ناکرێ کێ لە گڵتایە
هەر خوا ئەزانێ چی لە دڵتایە
چەند گەڵی وەریو لەژێر چڵتایە

وەکوو پیرۆزە ئەو ڕەنگە شینەت
دەرئەخا شێوەی جوان و شیرینت
خوێنە ئەو بەرگی ئاڵ و ڕەنگینەت
بە تێغی عەقڵی گەر بدڕن سینەت
سەروپا لەعلە بن و بنچینەت

ئەو دڕکەی لەڕووی تۆ دێتە دەرێ
ڕواوە لەناو ئینجانەی سەرێ
بەسووکی مەگرە ، سەرنجی بەرێ
هەر گەڵایەکی کە لێت ئەوەرێ
پارەی دڵێکەو گۆشەی جگەرێ
بەرگت سەوزو سوور کردووتە بەرت
نیشانی ئەوەی شەوق و گەوهەرت
بەڵام دیارە مایەو هونەرت
تۆ گوڵزارێکی خارە سەمەرت
وشکە شۆرەکەت وە یا عەرعەرت

پڕە لە مارو مێروو لانەکەت
دڵ مەحزوون ئەبێ بە سەیرانەکەت
سیس بووە گوڵی گەش و جوانەکەت
هەر دەنکی گوڵی بیابانەکەت
هەر پەڕەی گوڵی ئەرخەوانەکەت

سەرا پا لەژێر غەما ئەسیرە
حاڵت ئەزانێ هەرکەسێ ژیرە
ئەو ئرزەت ئەگەر تۆزێ دڵگیرە
لە خوێنی گەشی چەند جوان و پیرە
لە ئێسکی سەری چەند گەدا و میرە

ژێر خاکت هەمووی تۆوی جەفایە
لاشەی هەزاران شەهیدی تیایە
بارانی فرمێسك بەسەر ئەوایە
سەوزە وردە گیات بەلاّ م ئەبوایە
بە پێچەوانەی ڕەنگی سوور بوایە

هەرچی نەمامێك لای تۆ ڕواوە

www.ewinebook.blogfa.com

لەڕیشەی جەرگ و لە ئەشکی چاوە
بۆیە وا ڕێك و شیرین هەستاوە
چون لەسەر لاشەو دلاْن ڕواوە
بە خوێن و فرمێسك ئاویان دراوە

لە پێشا جێگەی خۆشی وەتەن بووی
شوێنی ئاسك و گۆڕو گەوزەن بووی
ئێستا بێ کەیف و کزو بێ ڕەنگ بووی
بلاْم لەمەوبەر بەحەق گولْشەن بووی
مێرگ و مێرگوزار ، باغ و چەمەن بووی

تیپی نازداران ئەهاتە سەیری
سۆزی یاران و ئاوازەی تەیری
کۆترو کەو سوێسکە لە دەوری
لەسەر چلاْنت بولبول و قومری
دلْشاد ئەیا نخوێند ، ئێستەش کە ئەگری

چەند پاشاو گەورەو خاوەنی سەروەت
گەلێ لاوچاکی ئازاو بەسیرەت
زۆر نازەنینی جوان و بە زینەت
چەند جووتە دلْخواز بێ جەورو و مەینەت

لەسەر سینەی تۆ ئەیانکرد عوشرەت

چەرخی زەمانە وەها ئەگەڕێ
هەر گوڵێ پشکووت زوو هەڵ ئەوەرێ
لەهەر جێ هەبوو تەخت و سەروەرێ
ئێستاکە بوونە خاکی سەرەڕێ
تۆزیان بە گێژی باوە ئەگەڕێ

لەبەرچی بەشەر دڵت پێ خۆش کات
لەژێر چە پۆکان سوڵتان و گەدات
کەسێ هەتا سەر نەیدیوە صەفات
ئەی گەردوون کەتۆ ئەمە بێ وەفات
بۆچی بمێنم بکێشم جەفات

ئەسوڕێمەوە شێت و سەرگەردان
ئەناڵم لەگەڵ هەناسەی سەردان
چیانم بووە بەدەردو سندان
قەسەمت ئەدەم بە حەقی یەزدان
وەرە تا زوو بمنێرە سەیوان

هەرچەند بە ناشاد کەوتووم دەربەدەر

www.ewinebook.blogfa.com

**سەربارى هەمووى فيراقى دولبەر**
**بووه بە داخ و سەوداو دەردى سەر**
**خەيالّى ڕوخسار لەتۆى سينەو سەر**
**دلْ لەت لەت ئەكات بە مەوداى خە نجەر**

1942

# چاو

چاوی بەتیلی دڵ نەفڕێنێ
یاری نازداری خۆی پێ نەبینێ
وەك چرا گۆنای دانەگیرسێنێ
پەرچەم لەدەوری با نەیشەکێنێ
لەدڵدا تۆوی عەشق نەچێنێ
خوایە ئەو چاوە شەوقی نەمێنێ

چاوێ هەمیشە مەست و کەیل نەبێ
لەدڵداریدا پڕ لە مەیل نەبێ
بەتەرجومانی دڵی لەیل نەبێ
لەسەرچاوەی عەشق کەیلی سەیل نەبێ
وەك کڵپەی ئاگر دڵ نەسووتێنێ
خوایە ئەو چاوە شەوقی نەمێنێ

چاوێکم ئەوێ بێ سورمە ڕەش بێ
وەکوو ئەستێرەش ڕووناك و گەش بێ
لەداوی نەردا وەکوو دوو شەش بێ
پوولی کوژراوی وەکوو حەبەش بێ
ناوبانگ لە تورك و ئێران نەسێنێ
خوایە ئەو چاوە شەوقی نەمێنێ

www.ewinebook.blogfa.com

چاوێ پڕ مەكرو حیلەباز نەبێ
پڕ لە ئەفسوون و عیشوەو ناز نەبێ
لەڕاوكەریدا وێنەی باز نەبێ
وەك سوارەی شوكاك تیر ئەنداز نەبێ
بە سیحری ڕۆح و دڵ نەفڕێنێ
خوایە ئەو چاوە شەوقی نەمێنێ

چاوێ كەلەسەر گۆنای سوور نەبێ
لەژێر هیلالا وەك دەیجوور نەبێ
لەسەر خەزێنەی دڵ گە نجوور نەبێ
پڕ لە شەرابی ئەشكی سوور نەبێ
بەماچی تەمی دڵ نەڕەوێنێ
خوایە ئەو چاوە شەوقی نەمێنێ

چاوێكم ئەوێ دایم بەجۆش بێ
وەك كەوی بەهار پڕ لە خرۆش بێ
دەرد بێ بۆ ساغ و دەوای نەخۆش بێ
دەرمانی زامی دڵی ( مەدهۆش ) بێ
گڕی دڵداری هەڵنەگیرسێنێ

## خوایە ئەو چاوە شەوقی نەمێنێ [1]

1943

حەزم لێ کردووی
حەزم لێ کردووی ...
لەناو جوانانا هەڵم بژاردووی
ڕازو نیازی دڵم بۆ ناردووی
سروەی بەیانم لێ ڕاسپاردووی
خۆم پێ سپاردووی ، حەزم لێ کردووی

تۆش دڵم بەرێ بە دڵێکی پاك
دڵداری بێ گەرد وەك ڕۆژی ڕووناك
ئەژین بە خۆشی سەربەست و بێ باك
خۆمان ئەخەینە پەنای خودای تاك
نەشمیلەی دڵ چاك ، حەزم لێ کردووی

لەودەمەی کە تۆم دیوەو ناسیوە
دڵەی هەژارت لەمن دزیوە
تیری جوانیت جەرگمی بڕیوە

---

[1] ئەم پارچە شیعرە لە گۆڤاری (گەلاوێژ) و لە کۆمەڵەی (شیرین) دا بڵاوکراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

مەینەتی باخی ژینم چنیوە
خۆشیم نەدیوە ، حەزم لیٚ کردووی

لەهەرلا شایی و سەیران کراوە
من چووم و چاوم بۆ تۆ گێڕاوە
لەڕووی جوانیتا ڕەنجم کێشاوە
وشەی دڵداریم بۆ تۆ داناوە
دڵ نەترساوە حەزم لیٚ کردووی

هەرچەند بزانم کە بیٚزاری لیٚم
دڵت لەسەر من نییەو ناتەویٚم
من پیٚ بە جەرگی خۆما هەر ئەنیٚم
بیٚ پەروا ئەڵیٚم بەردەرگاتە جیٚم
بۆ کویٚ ئەچی دیٚم ، حەزم لیٚ کردووی

ئینجا کەواتە تکات لیٚ ئەکەم
بیانووم پیٚ مەگرە نەزۆرو نەکەم
چی لە دڵتایە ، بیڵیٚ ، دیدەکەم
دڵم مەشکیٚنەو گلەت لیٚ نەکەم
کزەی جەرگەکەم ، حەزم لیٚ کردووی

**گیانی شیرینم چاکت لێ ڕوون بێت**
**گەر خوانەخواستە هیوام بڕا لێت**
**ئەوەی کە دەردی دڵم ئەزانێت**
**ئەم داخەی منت گشت پێ ئەڕێژێت**
**جوانیت نایە لێت ، حەزم لێ کردووی** [1]

1943

[1] )لە گۆڤاری (گەلاوێژ) و پاشانیش لە کۆمەڵەی (شیرین) دا بڵاوکراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

## لێت ئه پرسم

بۆ منت ناوێ ؟
خۆ من بەبێ تۆ هەڵ ناکەم تاوێ
خۆشەویستی تۆم لێ بۆتە داوێ
گیانە دڵداری شەرمی پێ ناوێ
پێم بڵێ بۆچی تۆ منت ناوێ

من کە لە پێشا دڵ بەستەی تۆ بووم
بەخۆشەویستی تۆ دەسخەڕۆ بووم
وەك مەلی هەژار زوو دەستەمۆ بووم
لە پەشیمانی تۆ ڕەنجەڕۆ بووم
ئێستەش پێم بڵێ بۆ منت ناوێ

ئەزانی جوانی ، گەشی ، شیرینی
ناسکی ، نەرمی ، تەڕی ، ڕەنگینی
بەفیزی چونکە خۆت وا ئەبینی
لە زۆر زانیتا کەمم ئەدوێنی
ئاشکرای ناکەی بۆ منت ناوێ

خۆزگە لە پێشا بمزانیایە
کەڕاست لەگەڵما نایەیتە کایە

**خۆشەویستی من بەدڵتا نایە**
**تکات لێ ئەکەم تۆو ئەو خودایە**
**ئەگەر پێم نەڵێی بۆ منت ناوێ**

**لەسەر تۆ خۆشیم ناوە بە لاوە**
**دڵم دەرپەڕی ، جەرگم بڕاوە**
**هۆشم وەکو خۆم سەر لێ شێواوە**
**لەسەر جوابێکی تۆیە داماوە**
**لە دەمت دەرچێ بۆ منت ناوێ**

**سوێند بە دیدارت ، هەتا بمێنم**
**هەرگیز ناتوانم وازت لێ بێنم**
**چۆن دڵم ویستی ناوت ئەهێنم**
**هەتا وەڵامت لەدەم ئەسێنم**
**ئینجا تێ ئەگەم بۆ منت ناوێ** (1)

---

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە گۆڤاری (گەلاوێژ) دا بڵاوکراوەتەوە . لەکاتی خۆیدا ئەحمەد هەردی ڕەخنەی لێ گرت و منیش وەڵامم دایەوە . ئێستا لە ڕەخنەکەی ئەویش و لە وەڵامەکەی خۆیشم ناڕازیم . ئەمە یەکەم شیعرمە کە شەماڵ صایب کرددوویە بە گۆرانی . لە کۆمەڵەی (شیرین) یشدا بڵاوکراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

1944

www.ewinebook.blogfa.com

## هەمووومان

هەمووومان تێگەیشتووین بۆچ هەژارین
ئەزانین بۆچی دیل و لەش بەبارین
هەموو هاوار ئەکەین ، لەم دەردە ئەدوێین
کە ئێمەی کوشتووەو پێی دەردەدارین

ئە پرسین و ئەڵێین : کوڕگەل لەبەر چی
ئەوەن داماوو سست و نالەبارین
گەلی کورد نابێ وا لە دوا بێ چونکە
گوناحی ئێمەیە گەر خوێندەوارین

هەمیشە مشت و مڕمانە لەگەڵ یەك
کەچی هەر ساڵ بە ساڵ خۆزگە بە پارین
ئەمانە ، گشت گوناحی ئەو کەسانەن
ئەڵێن مەردین وهەم خزمەت گوزارین

هەموو بۆ کاتی فرمان گۆشە گیرین
لە کاتی خۆ نواننندا دیارین
لەکاتی یارمەتی دا دەستە پارچەین
لە لۆمەو سەر زەنشتدا دانی مارین

لەیەکترمان ئەویْ ڕەنج و هەولْ دان
کە خۆشمان بیْ فەڕو هەم نادیارین
لە سستیی ئیْمەیە بیْگانە ئازان
بەکارن چونکە ئیْمە بیْ دەمارین

برا پیْویستە ، خۆمان تیْ بکۆشین
لەکەس ئیْشمان نەویْ گەر بەهرەداربین
بە مالْ و سەر لەگەلْ یەك بین ، هەولْ دەین
چ جوتیارین ، چ کاسب یا توجارین

ئەبیْ وا هەلْ بسوڕیْین گەل بزانن
بچوك و گەورە بۆ خزمەت بەکارین [1]

---

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە (گولاَلّەی مەحمود ئەحمەد) و لە کۆمەلّەی (شیرین) دا بلاْوکراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

1946

خۆزگە...
خۆزگە لەفافی برین پێچ ئەبووم

لەدەوری پووزی پێچاو پێچ ئەبووم
هەتا برینی ئەو سارێژ ئەبوو
چش کە لە پاشا جێم پێ لێژ ئەبوو
خزمەتی ئەوو دڵی خۆم ئەکرد
ئەو یادگارەم لەگەڵ خۆم ئەبرد

1946

## بام وابێ

من دڵ شکاو نیم ..
وەکوو گەلێ کەس جگەر بڕاو نیم ..
فێری سکاڵاو فرمێسکی چاو نیم

www.ewinebook.blogfa.com

**من یارم بووەو بەجێشی هێشتووم**
**زۆر ماندووی کردووم ، بەلاّم نەیکوشتووم**

**ئەوەی من ویستم بیّ وەفا بوو ڕۆی**
**ئێستاکە مەستە لەبەر بەزمی خۆی**
**من ژیانی خۆم بۆچی تالّ کەم بۆی**
**من بەختیاریم بۆ دلّم ئەویّ**
**دلّ خۆش کەرەیەك هەر دەست ئەکەویّ**

**یاری بیّ پەیمان ئەوە ناهێنیّ**
**کە  پیاو وەك منالّ بۆی بنالّێنیّ**
**شتێکە نزمی بۆشان ئەهێنیّ**
**کەمن هەولّ بدەم بۆ کامەرانی**
**لە دلّ دەریەکەم زۆر بە ئاسانی**

**بەلّیّ دلّداری پەسەندو جوانە**
**چاوەڕوانیيەو پاکی و پەیمانە**

## پیاوی ژیر ئەڵێ : خواردنی گیانە
## بەلام ژین بەشی ئەمەندە ناکا
## کە بۆ کلاوی بابردوو ڕاکا [1]

1946

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە گۆڤاری (هیوا) دا بلاوکراوەتەوە . وەختی خۆی سەعید ناکام ڕەخنەیەکی لێ گرت . لەسەرەتادا پارچە شیعرەکە پەیوەندی بە پارەوە هەبوو . پاشان پارەکەم لێ لاداو شیعرەکەم هەر بۆ یار هێشتەوە . چونکە خۆم وام لا جوانتر بوو .دەسکاری کردنەکە هیچ پەیوەندی‌یەکی بە ڕەخنەکەی ناکامەوە نەبوو . لەکۆمەڵەی (شیرین) یشدا بلاوکراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

## خۆزگە وابوایە

دەمێکە چاوەڕێم بۆ دڵ فڕێنێ

پەلاماری دڵم باو لێم بسێنێ
بەلاّم دڵسۆزی دڵ بێ نەیشکێنێ
کە گۆشەی چاوی پڕ نازی هەڵێنێ
بە جارێ دەردو ئازارم نەمێنێ

گوڵی سەر کوڵمی ئارامی ژیان بێ
بەچاو تانەی گەلاوێژی بەیان بێ
ئەبێ شۆخێ بێ ئاشووبی جیهان بێ
جوانیی ئەو بەشانازی بێ گومان بێ
هەموو جوانێ لەڕووی سەردانەوێنێ

لەگەڵ کەس ئاشناییی کەی نەبووبێ
گرێکی تر بەلای دڵیا نەچووبێ
ڕەوشتی جوان وپاك و سادەخوو بێ
لەگەڵما یەك دڵ و یەك ئارەزوو بێ
ئەگینا زۆرە یار یا خەم ڕەوێنێ

کەی ویستم دەس لە گەردنیا بێ ، وابێ
کەی ویستی سەر لەبەر پێیا نرابێ
ئەگەر چی من گەداو ئەو پادشا بێ

لەسەر بڕیاری دوو دڵ یەك ڕەوا بێ
لەگەڵ لێوی منا ئەو لێوی بێنێ
نەوەك هەر من ، ئەویش فرمانی پێم بێ
لەباتی پاسەوان دەرماڵی جێم بێ
لەکاتی دووری یا هەر چاوەڕێم بێ
لەخۆشی و تاڵی یا هەر چاوی لێم بێ
لەڕێی ڕازو نیازا دانەمێنێ

بەڕاستی دووری ( مەدهۆش ) ، ناتەواوی !
خەیاڵت بەرزە ، خۆشت پەست و خاوی
ئەوەی باسی ئەکەی وا بۆی سووتاوی
بەخەو نایبینی ، بەخوا ، تاکو ماوی

www.ewinebook.blogfa.com

## مەگەر چەرخی زەمانە چەوتی بێنێ[1]

1946

[1] )مەبەستم ئەوەیە ئەگەر چەرخ ڕێك بێ ، حەیفە ئەم جوانە بۆ منی بێ تام بێ . ئەم پارچەیە لە گۆڤاری (ڕۆژی نوێ )و لەكۆمەڵە شیعری (شیرین) دا بڵاوكراوەتەوە .

## ڕووکەشیی ژیان

چ ناخۆشە مەرایی و دەردی ڕووگیری لەناوایە
درۆی بێ شوورەیی ناوە ، بەلاّم زۆر شوورەیی تیایە

کەگەورەم باسی خۆی کرد دەست بلاّوو پیاو جوامێرە
ئەبێ دەست بەی بە سنگتا ، بۆی پەسەند کەی چونکە وا فێرە

ئەگەر پیرێکی ناشرین بڵێ من جوان و منداڵم
ئەبێ چل ساڵی لێ دەرکەی بڵێی من شارەزای حاڵم

لە پاش دیلی و جنێوو تورەیی ولێدان و دارکاری
کەدەرکەوت هەر بژی وچە پلەی ئەویچ بۆ لووتی زۆرداری

ئەوەی جێ پێ یەکی دەس کەوت ئیتر هەرچی بوێ ئەلوێ
وتاری بەرزە ، نووسینی بەهێزو قووڵە ، جوان ئەدوێ

بڵێم چی هێندە ناوێرم بڵێم ئاوا نییەو وایە
دەخۆزگەم وەك ئەوەش ناڵێم ، ئەمیشیانم نەکردایە [1]

[1] )مەبەستم لەو کەسانەیە لەچەرخی پاشایی دا خۆیان کردبوو بەدەمڕاستی کوردو مەودای بەدرۆخستنەوەیانمان نەبوو .

www.ewinebook.blogfa.com

1947

چ نیشتمانێکمان هەیە
نیشتمانێکمان هەیە سەیری بکەی وێرانەیە
گەرچی بۆ چاوی بەدو دوژمن بە وێنەی تانەیە
کاولی دەستی بەدی ناوخۆو کنەی بێگانەیە
ئێستە زۆر چاوی لەدەست و کۆششی شێرانەیە
چاوەڕێی دەرکەوتنی هەوڵێکی ئەم لاوانەیە
(( خوایە هەرکەس دوژمنی ئەم کوردە دڵپاکانەیە
ژێر کەوێ ، کۆستی کەوێ ، تا ماوە ساتێ نەسرەوێ )) [1]

دوژمنی کوردان کەسێکە هەوڵ ئەدا بێتە گزیر
سوودی خۆی تێکەڵ بە قەومیەت ئەکا وەك ئاوو شیر
زەڕڕەیەك قازانج و بەرزیی خۆی لە چیدا بێتە بیر
سەد بکوژرێت چاو بپۆشێ ، هەر دڵی نەکرێ زویر
با هەژار چاوی دەرێ ، میرم سەرۆکی یانەیە !
(( خوایە هەرکەس دوژمنی ئەم کوردە دڵپاکانەیە
ژێر کەوێ ، کۆستی کەوێ ، تا ماوە ساتێ نەسرەوێ ))

خوێندەوارێکە کە خاوەن مێزو فەڕڕاش و جەرەس
بۆ هەژار جوابی جنێوو تووڕەیی و لێدانە بەس
سەد هەقت بۆ ون ئەکا گەر چارەکێکی بەیتە دەس

---

1 )ئەم بەیتەی سەر بەند هیی هەژاری موکریانیە .

www.ewinebook.blogfa.com

**ئێستە سەر باسی قسەش کوردێکە زۆر فریادڕەس**

**قەومیەت لای پەشمە ، تەنیا خزمەتی بۆ عانەیە**
**(( خوایە هەرکەس دوژمنی ئەم کوردە دڵپاکانەیە**
**ژێر کەوێ ، کۆستی کەوێ ، تا ماوە ساتێ نەسرەوێ ))**

**کاك تیجار سای سێبەرێکی گرتووەو دانیشتوە**
**ڕەنجی ساڵێکم بە مۆڵی و پاکژی بۆ بردووە**
**لووتی هەر خوارە ، ئەڵێ نامەرد دزیت لێ کردووە**
**زۆری وەك من کاسبی بۆ ئەو ئەکا ، خۆی تیاچووە**
**هەر ئەڵێ مسکێن بەشی لێدان و بەندینخانەیە**
**(( خوایە هەر کەس دوژمنی ئەم کوردە دڵپاکانەیە**
**ژێر کەوێ ، کۆستی کەوێ ، تا ماوە ساتێ نەسرەوێ ))**

**ئەو کەسانە دوژمنن تۆوی نیفاقیان خستە ناو**
**ڕێگەیان تێکدا لە کوردو پێی میلەتیان نایە داو**
**بوون بە گورزی دەستی بێگانەو کەچی کوردن بەناو**
**ئێستە کەس باوەڕ بە کەس ناکا لە ترسی بەندو باو**
**کورد زەبوون و کوشتەیی ئەم چەشنە میکرۆبانەیە**
**(( خوایە هەرکەس دوژمنی ئەم کوردە دڵپاکانەیە**

**ژێر کەوێ ، کۆستی کەوێ ، تا ماوە ساتێ نەسرەوێ ))** [2] 1947

[2] )ئەم پارچە شیعرەم بۆ ئەوە وت کە یەکێك بەزۆری میری دەستی بەسەر (یانەی سەرکەوتنی کوردان) دا گرتبوو . لە (گەلاوێژ ) و (هەتاو) و ڕۆژی نوێ دا بڵاوکراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

**نامەی یەکەم بۆ یار**

ئەی یاری شیرین .. ئەی یاری شیرین..
ئەی نەونەمامی دەم بە پێکەنین ..

وەها نەزانی تۆم لەبیر چووە
گڕی دڵداری جاران کز بووە

هیچ بەندیخانەو ئێش و ئازارێك
یادت لە دڵما دەرناکا جارێك

بەلاّم لە دەوری شوومی وەهادا
باخی دڵداری هەرگیز بەرنادا

چەنکە کەس تەنیا بەختیار نابێ
تا دەورو پشتی لە سزادا بێ
ئەو ئیستعمارەی ناوت بیستووە
گولێکی وەك تۆو یارتی گرتووە

چونکە ئەیەوێ خێراتی دنیا
کۆبکاتەوەو بیخوات بەتەنیا

هەرچیش قسەی کرد لای ئەو دوژمنە
جێی حە پسخانەو جەزاو کوشتنە

دیارە یاریشت هەر بەش خوراوە
بۆیە ئیستعمار لێرەی داناوە

هەرچەند کە ئێمە ناترسین ، فێر بین
بۆت ئەگێڕمەوە چۆن ڕائەبوێرین

بەیانیان خواردن نان و تاعینە
ئەمە هەر باشە چونکە شیرینە

بەڵام کەباب و نانی ئێوارە
لە خواردن ناچێ وەك زەهری مارە

هەمووی ڕیخۆڵەو کولێرە کۆنە
هەر کەسێ نە یخوا نازانێ چۆنە

بۆ چاو جگەرە هیند بە پەرۆشین
ناچار جلەکەی بەرمان ئەفرۆشین

www.ewinebook.blogfa.com

خۆ کیسەو باخەڵ لە پارە بەتاڵ
گشت لە ناو یەکدا کەوتووینەتە سواڵ

بە پاڵ پێوە نان ئەچینە سەر ئاو
هەڵمان ئەسێنن نیوەو ناتەواو

بەلاّم شیرین گیان هیچ خەفەت مەخۆ
تۆش لەسەر ڕێگای بیری ڕاست بڕۆ

ئەزانین ڕێمان ڕاست و ڕەوانە
زالّی و سەرکەوتن هەر بۆ خۆمانە

بۆیە لە بەزمی خۆمان ناکەوین
تا دوای نیوە شەو نەبێ ناخەوین

بە پێکەنین و کەیف و گۆرانی
نەشیدی جوان و قسەی ئینسانی

بە خۆشی لەگەڵ ئەو برایانە
بیرو باوەڕیان وەکو خۆمانە

چۆن دڵمان ویستی وا ڕا ئەبوێرین
چونکە تێکۆشان بەژێر ئەبژێرین

پێویستە ئێمە هیچ نەناڵێنین
تا ئیستعماری پیس ئەڕوخێنین

کۆنە پەرستی و دیلی نەهێڵین
برسی و تینوێتی و زۆردار بشێلین

ئینجا ئەبینین سەیرە ، سەیرانە
ئەوسا دڵداری و ژیان ئاسانە

ئێمەش بە خۆشی دەست ئەکەینە مل
بە ماچی گەرم و تیکەی چەورو زل [1]

1948

[1] ) لەبەندیخانەی کەرخەوە لە بەغدا بۆ (سەبری) خێزانمم نووسیوە . لەکۆمەڵەی (شیرین) دا بلاّو کراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

## سەرەتـای دڵداری

شۆخ و بێ باكی بە نـازو عیشوە دوو سێ شەمووە
خۆی نیشـان داوم ئەڵێی سەروێكی تـازە هەڵچووە
جوان و بـاڵا ڕێكی وا ، نەمدیوە ، هەر نەمبیستووە
جەرگی سووتـانووم بە جارێ ، ئـاگرم تێ بەربووە
عەشقی لای من یادگـارە ، خۆیشی دڵمی بردووە

سێوی زەردەشت نـاڵێ من ئـاڵم لەترسی ڕوومەتی
مانگی چواردە شەرمەزاری تیشكی ڕۆژی ڕوویەتی
پڕتەوی جوانی گرفتـاری تەڵێكیموویەتی

زۆری وەك من عاشقی ئەو شۆخە بوون بۆ نەگبەتی
ئەو کەسی ناوێ و هەزارانیش حەزی لەو کردووە

کاتێ گەردوون ئەو پەڕی شێوە نیگارەی پێ گەیان
خۆی بە شا زانی لەڕیزی جوانی یا بۆ ڕووی جیهان
ویستی دڵبازی بکا ، ئازانە کەوتە دڵ فڕان
ڕووی لە هەر کەس کردو پێکای و دڵی سەند بێ ووچان
هەر دڵی من مابوو ، پیرۆزی بێ خۆی بۆ لای چووە

من لە پێشا وام ئەزانی عاشقی خۆڕایییە
زۆر کەڕەت ئەموت بەخوا دڵداری ئەسڵی هەر نییە
کاتێ ڕووی ئەو دڵ فڕێنەم بینی بەو شیرینییە
ئاگری دڵ تێی گەیانم دەس بەجێ تامی چییە
ئێستە هەر ئەتلێمەوە ، دەردم لە دەرمان دەرچووە
قوڕ بەسەر ئەو عاشقەی دڵبەر دڵی لەو لارییە
خۆشی نازانێ بە چی دڵ خۆش ئەبێ و چی چارییە
ئێستە ( مەدهۆش ) ی هەژار بێچارە دەردی کارییە
شین ئەکاو هاوار ئەکا ، سووتاوە پیشەی زارییە
بێ کەم و زیاد شێت و ماڵ وێران و سەرگەردان بووە [1]

---

[1] )ئەم پارچە شیعرەم بۆ (سەبری) ی نەخۆشەوانی بەناوبانگ وتووە . لە گۆڤاری (گەلاوێژ) و لە کۆمەڵەی (شیرین) دا بلاّو کردۆتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

1948

**بۆیه....**

**بۆیه چاویلکەم دیاری ئەوێ لێت**
**کە یادگاری لەسەر چاوم بێت**
**جێگیر بێ لەسەر ڕووی دیدەکانم**
**بەوچاوە لەڕووی گێتی بڕوانم**

1948

## ئارایشتی تازە

ئێستا کە سروشت باوی نەماوە
هونەری ڕووکەش وا لەبەر چاوە

بالآی بەرز هەمووی پاژنە عانەیە
پەرچەم ڕازەوەی نەخشەو شانەیە

لێو نە قەیتانەو نە وەك یاقووتە
باشی سەیر بکەی ڕەنگێکی ڕووتە

لێو کە لە خۆیا فێرە درۆیە
بە دەستەلآتەو هەر ( بۆیە ) ی بۆیە

پێ و پووز بە بەرگی نایلۆنی ڕەنگ کاڵ
سەرنج ئەکێشن بۆ دەرگای خەیاڵ

چەندم لا جوان بوو ئەو مەمکە قنجە

www.ewinebook.blogfa.com

تومەس ئەو قنجە سوخمەی ئەسفە نجە

ئەو سمتە جوانە کە خرت وەستا بوو
شەرمی بردبوو دەسمی کێشا بوو

نوقورچم لێ گرت هیچ نەئەیەشا
تومەز لاستیك بوو من ڕام ئەكێشا

ئە مجا کە ویستم خۆم دامەزرێنم
لەباتی کچێ کۆگایە دێنم

1951

بێ پارەیی

ئەو کچەی ئێستا پێی ئەڵێن جوانە
یەکەم پەسەندی دەستەی لاوانە
لەسووچێکا بوو کەس نەی ئەناسی
جار جار دەرئەکەوت زۆر بەکەساسی
خۆی نەیئەزانی کە نرخی چیە
وەی زانی بەشی لە ژینا نیە
دامنا لە دڵما ئەمە یارم بێ
لابەری خەمی ڕۆزگارم بێ
وتم ئەم پەریە کەس نەی ناسیوە
زوو ڕاوی ئەکەم تا کەس نەیدیوە
بەلاّم بەر لەوەی من بیخەمە داو
کەوتە بەر چاوو ناوی کەوتە ناو
ژمارەی عاشق لە حیساب دەرچوو
دەوری هەژاری وەك من بەسەر چوو
ئێستا ئەو کەسەی دیار نەبێ منم
خۆم خۆم نابینم ئەوەندە ونم
لەشکری پارە دەوری لێداوە
بەدیناری زۆر دەوری گیراوە (1)

[1] ) ئەم پارچە شیعرە لە ڕۆژنامەی (ژین)و پاشانیش لە کۆمەڵەی (شیرین) دا بلاّو کراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

1954

## دڵداری ناکەم

دڵداری ناکەم ..
بەڵێن بێ ئیتر دڵداری ناکەم ..
لە کوێ تووشی بووم ئەبێ لێی ڕاکەم
تا کەی دەردی سەر بۆ خۆم پەیا کەم

تاکەی شەو تا ڕۆژ هەر بناڵێنم
بەدەم خەووەوە هەر ببزڕکێنم
دوعا بنووسم ، سیحر بخوێنم
شەرمەزار ببم ، سەر دانەوێنم

تا کەی بگەڕێم بەشوێن تەتەرا
تا کەی بگیرێم لەکەلەبەرا
پڕو پیرێژن بیکەن بە هەرا
بەشەق وەکو دز بمبەن بۆ سەرا

مردم ئەووەندەم دەسەسڕ کڕی

بۆن و قۆڵۆنیام لە کۆگا بڕی
بەسێ ڕۆژ تاکێ پێڵاوم دڕی
پارەشم نەماو حەیاشم فڕی

کتێبی عەشقم هەموو ڕوانی
چی فڕو فێڵ بوو هەموویم زانی
چوومە کۆڕەوە ، مازیندەرانی
تووشی هەرچی بووم زیاتری زانی
هەرچییم کە ئەدی وەفای لا با بوو
دڵداری لەلای وەك چەرەس وابوو
بەر لەمن یانزەی لە جلەودا بوو
هەرچی کۆلاَن بوو هەمووی کوتا بوو

هەر من ژیانم لێ نەشێواوە
کچ و کوڕ وەك من گشتی داماوە
دەردی نزم و بەرز هەمووی تێکداوە
کەس بە کەس ناڵێ خراپ قەوماوە [1]

[1] )بە ناوی شاگردێکی شەلەوە دامناوە کە ناوی (ڕەفیق) بوو . سەیر ئەوەیە ئەویش ڕەفیقێکی بۆ خۆی دۆزیببوەوە هەر شەل ! ئەویش وەك ئەم هەر تاکێ قۆندەرەی لە پێ ئەکرد . بۆیە بەهەردووکیان جووتێ قۆندەرەیان ئەکڕی ! ئەم پارچە شیعرە لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بلاَوکراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

1956

**لاساری**

**تووشی یەکێ بووم دڵ فڕێن و جوان**
**لەگەڵ ئەوەشا گاڵتەچی و زۆرزان**
**کە چاوی لەڕووی یەکێ بڕوانێ**
**یەکەو ڕاست بێخی دڵی ئەزانێ**
**داوی بۆ سەدی وەك من داناوە**
**هیچ داوێك لە پێی خۆی نەئالاوە**
**هەر جارە سەیرم ئەکا بە لاچاو**
**من وائەزانم هەموو شت تەواو**

هەر لەو کاتەشا زەردەخەنەیە
تێم ئەگەیەنێت هەمووی گاڵتەیە
کەچی من دیسان تێ هەڵئەچمەوە
نامەوێ لەبیر خۆمی بەرمەوە
ئەڵێم ئەم سەیرە هەر گاڵتە نابێ
ڕۆژێك هەر ئەبێ بەزەییی تیا بێ[1]

1956

## پەرێشانی

وەرە ئەی چاوەکەم ، ئەی گیانەکەم ، یار
وەرە ئەی خۆشەویستی جەرگی دڵدار
لەگەڵما تاقە تۆزێ دڵ نەرم بە
کەمێ ڕوو خۆش و گەش بەو بێ شەرم بە

دڵ و چاوت ئەزانم دەستەمۆمن
بە تەنیا هەر زمانت سرکە بۆ من

پەشێواو پەرێشانم بە جارێ
لە چاوم خوێن ، لە دڵ ئاگر ئەبارێ

---

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە گۆڤاری (ڕۆژی نوێ ) دا بڵاوکراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

منت كوشت بۆ سلاَویَ بۆ بەلێنیَ
هەتـا كەی كەس نەزانیَ و وا بمێنیَ

بلَیَ بمرە ، بلَیَ لێرە مەمێنە
بلَیَ لاچۆ ، بلَیَ ناوم مەهێنە

ئەگەر دۆستم ، ئەگەر دوژمن بزانم
ئەوەندەم تێگەیەنە كامەیانم

ئەگەر خۆشت ئەویێم و ئیمتیحانە
ئیتر بەسمەو بەسەركەوتووم بزانە

ئەزانم تۆش كە بیَ یاری و بە تەنیای
دلَت وێلە بەلاَم خۆت ژیرو وریای

دەری ناخەی گریٚ و پیٚچی خەیاڵت
منت چۆن دیوە تۆش هەر وایە حاڵت

بەسە ڕەحمت هەبیٚ دەرحەق دڵی خۆت
گوناهی خۆم و خۆت و دڵ بە ئەستۆت [1]

1956

ئاواتیٚك لە گویٚ ڕووباری دیجلە

چەند جوانە هەڵبژاردەکەم
ناسکەو ڕوومەت پڕ بە دەم
نەرم و شل و خڕو پڕە
دڵ فڕێن و جەرگ بڕە

---

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە گۆڤاری (شەفەق) دا بلاّو کراوەتەوەو هەر لەو گۆڤارەشدا حسەین عارف کردوویە بە عەرەبی . بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی دوکتۆر ئیحسان فوئادیش بوو لە کۆڕێکی ئەدەبیدا و لێکۆڵینەوەکەی لە گۆڤاری (بەیان) دا بلاّو کردەوە . پاشانیش لە کۆمەڵەی (شیرین) دا بلاّو کراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

ئای چ خۆشە گەر یارم بێ
تا نیوە شەو لە دیارم بێ
بەو دەستانەی خۆی بۆم تێکا
من پێك هەڵدەم بە دوای پێکا

مەزەش ماچی سەر گۆنای بێ
سەیرانگام بەژن و بالأی بێ
لێوم بسووم لو لێوانی
هەڵمژم دەم و زمانی

گازی مەچەکیم دەس کەوێ
جێ دانەکانم دەرکەوێ
سنگم بچەسپێ لە سنگی
هەڵی گوشم زۆر بە تونگی

ڕوومەت بخەم لە ڕوومەتی
لەو کوڵمە نەرمەی هەیەتی
نوقمی دەریای دڵداری بین

سەرخۆشی بەزم و یاری بین

بە قاقای پێکەنینەوە
بە ختووکەی شیرینەوە
تاو تاو بە مستم پیاکێشم
هەتا تورە بێ و پیای کێشم

تێر بە چنگ هەڵی گلۆفم
من کوژراوی ئاخ و ئۆفم
بیتۆرێنم و ئاشت بێتەوە
سەر لەنوێ تێ هەڵچێتەوە [1]

1956

[1] )بۆ شوێنە گومکێ ناوی (دیجلە) م لەم پارچە شیعرەدا هێناوە ، چونکە بە هەڵە خستیانە سەر کچێك من مەبەستم ئەو نەبووە ، ئەگینا مەبەست سلێمانی یە . لە کۆمەڵە شیعری (شیرین) دا بلاْوکراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

## ڕازی دڵ

من باسی دڵی خۆم بۆ نەکردووی
ناوی دڵداریم لەلا نەبردووی
لێم نە پرسیوی دڵت لە کوێیە
کام دڵ بڕاوێك بۆت چاوەڕێیە
لەلای ئەم و ئەو نە مخستوویتە ناو
نەبووی بە تانەی بێگانەو ناسیاو
نەشمتوانیوە بە یارت دانێم
بۆیە نەمویستووە کەدانی پیا نێم
بەلاّم سەرنجم هەمووی بۆ تۆیە
چیی تر وترا بێ مەرجەو درۆیە
بە قوربان ئێتر گەیشتە تینم
توانای تیا نەما دڵەی خەمگینم
سوێندم بەو چاوەت کە چرای دڵمە
ئاگر خۆش کەری هەستی بە کوڵمە
نۆبەی وەستان و چاوەڕێم تەواو
دوا پارچەی بەردی ورەم بوو بە ئاو
بەجۆرێ کارت کردۆتە سەرم
هرگیز ناتوانم بێ تۆ دەربەرم
گەر شەیداییە یا خۆشەویستی

تۆ بۆ دڵی من یەکەم پێویستی
کەچی تۆش بێ دەنگ وەکوو نەزانێ
خەمی چەند تیایە دڵ بە پەنهانی
وا لە داخی تۆ ئەسووتێم وەك مۆم
سووچی ڕازێکت هەر دەرنەکەوت بۆم
بە دەس من بوایە دەورم ئەتەنێت
نەمئەهێشت لەگەڵ کەس پێ بکەنیت
لەگەڵ لەلایەك ناوت ئەهێنن
من ئەڵێی چەقۆ بە دڵما دێنن
ئەمەش نیشانەی مەیلێکی خەستە
دیارە تۆ ژیری ، ئەمەندە بەستە
چی بکەم لەگەڵ تۆ ئەمەندە جوانی
ناوی بەزەیی هەرگیز نازانی
خۆزگە دڵی تۆ وەك هی من بوایە
ئاخۆ ئەوساکە چیت بکردایە
ئەم شیعرە لای من ئەمەندە دێنێ
وەك بۆمبا دڵتم بۆ هەڵتەکێنێ[1]

---

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە کۆمەڵە شیعری (شیرین) و پێشتریش لە گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) دا بڵاو کراوەتەوە ، هەرچەند لەتەمەنی 38 ساڵیمدا وتوومە ، یادی دڵدارییەکی بیست ساڵیمە .

www.ewinebook.blogfa.com

1952

**ئەمانە لە فارسی یەوە وەرگێڕراون**

-1-

**دوێ شەو تا بەیان لەیار ئاڵاوم**

**ئەمشەو لەگەڵ خەم لە جێ خزاوم**

**داخەکەم ئەوەی تەمەن ئەنووسێ**

**ئەمڕۆی وەك دوێنێ لەسەر داناوم**

1967

-2-

**وتم : گوڵی سوور شەرمت لێنایە**

**بەر لەتۆ نێرگز لەبازاڕایە**

**وتی : دەستووری شاهان نازانێ**

**بەردەست پێش ئەخرێ ، ئینجا پاشایە**

1958

-3-

کوڕ :

ئەی بابە : مەگەر ڕوومەتی جوانانت نەدیوە ؟

چاوی بە کل و زوڵفی پەرێشانت نەدیوە ؟

دووری و شەوی تەنیایی دڵ و هەستی نەگرتووی ؟

دەرکەوتنی ناکاوی نیگارانت نەدیوە ؟

باوك :

ئەی ڕۆڵە : مەگەر سفرەیی بێنانت نەدیوە ؟

ئەرکی ژن و گریانی مناڵانت نەدیوە ؟

نەخزاویە کونی ژوورێ لە ترسی دەمی قەرزار ؟

بێ پارەیی و هاتنی میوانت نەدیوە ؟

1958

-4-

تەنیا ماچ دزین خێر ئەداتەوە

دوو جار قازا نجە گەر بیداتەوە

1958

www.ewinebook.blogfa.com

-5-

کچ سەد لێو ئەبا بۆ جامە ئاوێ
کەچی جارێ لێو نادا بە لاوێ

1958

-6-

ئەو کەسەی ڕۆژێك بە عەشق سووتابێ
لە گڕی مەحشەر هیچ ترسی نابێ

1958

-7-

لە کاتی خۆیا منیش مناڵ بووم
نەرم و ناسك و سەرگۆنا ئاڵ بووم
ئێستەش کە جوانی دەرچوو لە دەستم
هەر لەو عەشقەیە مناڵ پەرستم

1958

-8-

ئەوەی پەرۆشی سەیری ڕوخسارە

## له دانیشتنی تەنیشت بێزارە [1]

[1] )ئەمانە هەموو لە کۆمەڵەی (دڵی کوڕان )دا بلاّوکراونەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

**گیپە**

**ئەڵێی منالْم ئە مخەڵەتێنی**

**ئەمەندە ناوی خواردن ئەهێنی**

**ئێستەش پێم ئەڵێی گیپەت بۆ ئەکەم**

**نان و چێشتی تۆم ناویٚ گیانەکەم**

**نە بۆقلەموون و نە کفتەی ناودار**

**هیچی ناگاتە یەك چرپەی کەنار**

**تۆ لەسەرکورسی دام ئەنێی وەك پیاو**

**خۆت دوورە و پەرێز ڕائەگری بەناو**

**من دڵ سووتاوی پێکەنینێکم**

**ببێتە دەرمان بۆ برینێکم**

**تۆ میوان ڕێك خە لە پۆلێك ڕووخۆش**

**خۆشت شاگوڵ بە بۆ دڵەی بە جۆش**

**هەریەکەی باس و ڕازێکی لا بیٚ**

**دڵ و چاو و دەم تیا بەرەڵڵا بیٚ**

**جاروبار ماوەی سرپەشی تیا بیٚ**

**میوانداری ڕاست ئەبیٚ ئاوا بیٚ**

1958

www.ewinebook.blogfa.com

**پاکانە**

چاوەکەم .. هەرچەند تۆ بێ وەفا بی
زۆر جار بۆ دڵم مایەی جەفا بی

سەرەڕای چاکەش تۆ هەر نەمناسی
من بە جێ بێڵی وا بە کەساسی

هێشتا من لەسەر مەیلی جارانم
خۆم بە مل کەچی پەیمان ئەزانم

با لە میوانیت من بەشدار نەبم
با منی بەدبەخت ون بم دیار نەبم

با بێگانەکان بکەی بە هاودەم
منیش بە تەنیا ببم بە هاوڕێی خەم

تۆ لە بەر چاوی من هەر ناکەوی
چۆنم خۆش ویستووی لای من هەر ئەوی

با خزمەکانت جنێوم پێ بەن
لە بەر چاوی تۆ سەد تانەم لێ بەن

با کە منیان دی زەمان دەربێنن
بە ئارەزووی دڵ بێن بمشکێنن

هێشتا من هەرچی بۆنی تۆی لێ بێ
سەرمی ئەدەمێ ئەدەمی با چەقۆی پێ بێ

با هەرچیم هەیە بۆ تۆم دانا بێ
با لە ڕێی تۆدا پوولم نەمابێ

با سەیرم بکەی بە گرژو مۆنی
لە ڕێیش پێم بگەی هەر نەڵێی چۆنی

هێشتا من زیاتر بۆت بە پەرۆشم
بۆ خۆشی دڵی تۆ تێ ئەکۆشم [1]

1958

---

[1] )لە کۆمەڵەی (شیرین) دا بلاو کراوەتەوە . کراوە بە گۆرانی بەدەنگی هونەرمەند ئازاد مەولود لە گەڵ تیپی مۆسیقای زانکۆی سلێمانی

www.ewinebook.blogfa.com

### نامناسی

من تۆم پیٚ گەیان ..
تۆم شارەزا کرد لەڕێگەی ژیان ..

من تۆم ڕزگار کرد لە دەس کەساسی
کردمی بەو کوڕەی کە خۆت بناسی

گیانم بەخت کرد تۆم هیٚنایە ناو
خۆم نەکرد بە ژن تا تۆم کرد بە پیاو

ئەزانی چەندم بەرز کردیتەوە
وات لیٚ هات کەمن نەناسیتەوە

حەز ناکەی تاکو بەلاشتا بڕۆم

پێت شەرمە بڵێی خۆشەویستی تۆم

وەنەبێ ئێستەش بۆ تۆ سووتـابم
وەك خۆشەویستی جارانت مابم

نەخێر پاش ئەوەی کە بـاش نـاسیمیت
بە پێچەوانەی ئـارەزوو د یمیت

ئیتر ئەو نرخەت لەلای من شکا
چی پە یمانت بوو ئـابڕووی تکا

بەڕووی زەردەوە یەیتەوە بۆ لام
بەو نیـازەی کە من دۆستەکەی ئەوسام

چەنکە بەئـاسان دڵت لێ سەندم
لات وایە دایم لەسەر تۆ بەندم

بە تەما نەبی بگەڕێیتەوە
دڵیسم داخست نەوەك بێیتەوە

من نەشێتی تۆم ، نە شێتی جوانیت

www.ewinebook.blogfa.com

**بە هەڵەدا چووم بە چاکم زانیت**

**تازە من لە کوێ و دڵداری لە کوێ**
**دڵ تۆزێ گۆشتە ، پۆلاش بێ ئەسوێ** [1]

1958

**دیاری**

**گیانەکەم دیاریت بۆ من ناردبوو**
**بۆیمباخێکت هەڵبژاردبوو**

**بەیانی جەژن ماچم کرد ، بەستم**
**بەلاَم بۆیمباخ نەبوو مەبەستم**

**من ویستم دەستی خۆت لە ململ بێ**

[1] )ئەم چارچە شیعرە لە کۆمەڵەی (دڵی کچان) دا بلاَو کراوەتەوە .

## نەك پارچە پەڕۆ بی پەت چنرابێ[1]

1959

ئێستەش

كە من تۆم دی منالْ بووی وەك چرۆ بووی
لەبەر دەرگا خەریكی هەڵمەقۆ بووی

نیشانەی جوانی ئێستەت تیا دیار بوو

[1] )ئەم چارچەیە لە گۆڤاری (نەورۆز) و لە كۆمەڵە شیعری (شیرین)دا بلاْو كراوەتەوە . بابەتەكەی پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە .

www.ewinebook.blogfa.com

کە هەڵوێست و سەرنجی هەرزەکار بوو

منیش لەو کاتەدا تۆم دی بە ڕێکەوت
لە دڵما خۆشەویستی ڕووتی تێ کەوت

ئیتر لەو ساوە قیبلەی چاوی من بووی
لەبەر چاوو دڵم بووی ، گەرچی ون بووی

شوکور ئێستا بە جوانی ناوبراوی
لە بەر چاوی و پەسەندی پیرو لاوی

بە باڵا بەرزو گەردەن بەرزو ڕێکی
بە لا چاوێ دڵی لاوێ ئەپێکی

لە جوانیدا ئەمەندەت پێ براوە
لەلای هیچ کەس گومانی تیا نەماوە

ئەرێ توخوا دڵیشت چی ئەزانێ
ئەگەر هەستێکی تیایە دانی پیا نێ

ئەوانەی بۆت پەرۆشن لەشکرێکن

مەزانە هەر بە تەنیا چەند کەسێکن

لەبیرت بێ کەوا شوێنم دیارە
یەکەم تیرت لەلای من یادگارە

لە دڵتا قوژبنێکم پێ ڕەوایە
دەمێکە تێ ئەکۆشم بەو هیوایە

هەموو کاتێ بەشوێن تۆدا گەڕاوم
دە تۆش خۆت دەرخە جارجار هەردوو چاوم

ئەگەر توانیم ، دڵیشت لێ ئەسێنم
ئەگەر نەمتوانی تا هەم وا ئەمێنم

ئیتر زۆر بەختیارو شادمانم
کە ئێستا تۆ بە خوای شیعرم ئەزانم [1]

1959

---

[1] )لە گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) و لە کۆمەڵە شیعری (شیرین) دا بڵاو کراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

## پاره

ئێستا تەمەنم خۆی لە چل داوە
لەبەر دەروازەی پیری وەستاوە
بەلاّم ئەو کاتەی کە هەرزەکار بووم
پەرۆشی بەزمی دلّداری و یار بووم

ئاواتێکم بوو زۆر پاك و بێ گەرد
نەك وەك ئاواتی سەرسەری و نامەرد
گەڕام بۆ یارێ کە وریاو جوان بێ
هاودەمی ڕێگای سەختی ژیان بێ

گەلێ جوان هەبوو ئەو مەرجەی تیا بوو
کەمن لە دلّما بڕیارم دابوو
بەلاّم هیچ کامیان بۆ من ڕام نەبوو
هیچ کامیان منیان بە مەرام نەبوو

بیرم کردەوە هۆی جوانییش نییە
زۆر جوانم دییوو بەم کلۆلّییە
کەچی ئەوانەی کە ناشرینن
خێر لە باوەشی جوانان ئەبینن

وتم پێویستە خاوەن هونەر بم
هۆنراوەم هەبێ ، پێی بەهرەوەر بم
نووسینی وام بێ دڵ پێی هەڵپەڕێ
خەڵکی بۆ ناوو شوێنم بگەڕێ

بەڵێ چۆن ویستم ناوبانگم دەرکرد
دەرکەوتم ، شوێنم بۆ بەرەوژوور برد
بەلاّم هیچ دڵێ نەکەوتە داوم
هەروا مامەوە هەروەکوو ماوم

بە کورتی گەلێ دەوری وام بینی
لە هیچ دەورێکیان خێرم نەبینی
ڕۆژێ لە پڕا کەوتەوە بیرم
کە من بێ پارەو لات و فەقیرم

هیچ هێزێك نیيە بە وێنەی پارە
بۆم ڕابکێشێ دڵی ئەو یارە
چەنکە دەستووری ئەم قەڕنە وایە
پارە هونەرە ، جوانە ، ئازایە

www.ewinebook.blogfa.com

ئێستا کەوتوومە گێژی پارەوە
دایم وام بە دووی مام دینارەوە
هەرچەند پیریش بم کە پارەدار بم
ئەبێ مسۆگەر خاوەنی یار بم [1]

1959

تەنیایی

چۆن ئەبێ یارم نەبێ
سەیری ڕوخسارم نەبێ
ئەم هەموو جوانەش هەبێ
بەشی منی تیا نەبێ
هەتا ماوم هەروا بم ؟

بۆچی هەرچی مەینەتی
جیهان هەیە ، بۆمن بێ
هەرچی من قینم لێی بێ
دەستی لەسەرگەردن بێ ؟

بۆچی لەناو ئەم هەموو

---

[1] )لە کۆمەڵە شیعری (شیرین) داو ، پێشتریش لە ڕۆژنامەی (ژین) دا بلاّو کراوەتەوە

کوڵم ولێوە جوانەدا
جێگە ماچێکم نەبێ
لە ڕووی ئەم جیهانەدا !

نە ئاوڕی ڕێ وبانێ
نە زەردەخەنەو گیانێ
نە پێکەنین نە هاودەم
نە هاوبەشی خۆشی وخەم
ئەم شەوە ڕەش وتاڵە
ڕۆژکەمەوە بەم حاڵە

هەر ئەبێ یارم هەبێ
خۆم کێم ئەوێ ئەوە بێ
هەر ئێستە بەم ڤینەوە
بەم دڵە خوێنینەوە
ئەچم ناحەزم ئەخم
بە تاقانەکەم ئەگەم [1]

---

[1]) لە گوفاری ( روژی نوێ )دا بلاوکراوەتەوە0

www.ewinebook.blogfa.com

1960

## گلەیی

برۆ هەی دڵ رەقی زۆرزانی سەربەست
برۆ هەی شەرکەری بێ ترس ودەربەست
لە کوێوە وەك بەلاّ بۆ من پەیابووی
لە بەر چی بوو منت تووش کرد کە وا بووی

ئەرێ تو خوا ئەمەندە چۆن ئەزانی
چ مامۆستایە هێندەی تێ گەیانی
دڵت چۆن ڕێ ئەدا بەم جەورە فێری
لە خۆت چۆن ڕائە پەرمووی ، وا ئەوێری

ئەوانەی پێت ئەڵێن سادەو هەژارە
لە من پرسن زمانم زۆر لە بارە
ئەزانم چەند بزێوێ و چەند نەهەنگی
سنووری خۆت ئەزانی چۆن ئەجەنگی

ئەڵێم سەد ئاخ ئەوەندەی دڵ فڕێنی
ئەوەندەش بێ وەفایی و دڵ شکێنی
ئەوەندەی شارەزای ڕێگەی ژیانی
ئەوەندەش مەکری دڵداری ئەزانی

بەڵام من لەم مەبەستە ، شینی خۆمە
کە باسی سەرزەنشتی کاری تۆمە
هەزار دەردی سەرت هێناوە بەردەم
کە چی سەیرم ئەکەی بێ دەنگ وبێ خەم

بە ڕاستی تاکو تووشی تۆ نەبوو بووم

www.ewinebook.blogfa.com

وەکو سەیرم ئەکەی وا تێك نەچوو بووم
ئەوا دەرمان ودەردم دایە دەست خۆت
دە پێمان ڕابوێرە چۆن لوا بۆت [1]

1960

## جوانی و ژیان

خۆشەویستەکەم ئەوەندە جوانە
نموونەیەکی دەستی یەزدانە
سەرنجی پیرو لاو ڕائەکێشێ
کەس نی یە ئاخی بۆ هەڵنەکێشێ

داخەکەم بەڵام دڵی ناسکە
یەك جار سڵ ئەکا، ئەڵێی ئاسکە
هەر لە خۆیەوە خۆی ئە\تۆرێنێ
ئەم هەموو بیانووە لە کوێوە دێنێ

[1] )بۆ کچێکم وتووە کە بە ئیمزای (داخ لە دڵ) لە گۆفاری (رۆژی نوێ)دا ئەینوسی0لە کۆمەلەی (شیرین)وپیشتریش لە گوفاری (رۆژی نوی)دا بلاو کراوەتەوە0

قوڕ بە سەر کەسیٚ کەوتۆتە داوی
دایم جەهەنەم وا لە بەرچاوی
دیارە ئەو کەسەش منی هەژارم
وە های لیٚ کردووم لە ژین بیٚزارم

هەزارجار ئەڵیٚم ئیتر نایدویٚنم
ناچم بەلایاو ناوی ناهیٚنم
کەچی هیچ جاریٚك بۆم ناچیٚتە سەر
نا چارم زیاتر شانی بەمە بەر[1]

1960

[1] )لە کۆمەڵەی(دڵی کچان)دا بڵاو کراوەتەوە0

www.ewinebook.blogfa.com

## جەژنی پیریم

ئۆخەی کە پیربووم ..
چەند ساڵ بوو لەبەر لاوی ئەسیر بووم

من گەنجی و پیریم وەکوو یەك وایە
ئەو گوڕی عەشقەم هەر لە دڵمایە

بە گەنجی ئەبوو خۆم بسووتێنم
ئێستە وەك پشکۆ لای خەڵك ئەنوێنم

جوانیم ئاودرا بە ئاخ وبە داخ
پیری وهۆنراوەم پێ گەیان وەك باخ

سەرو ڕیشیشم وەکوو دڕك وداڵ
بوون بە هاودەمی گوڵی دڵی ئاڵ[1]

[1] )لە ڕۆژنامەی(ژین)و کۆمەڵەی (شیرین)دا بلاوکراوەتەوە

1960

بۆ گیانی سەعدی

عەشقی گەلیّ کەس وەك بولبول وایە
ما خۆلانێکی لە چوار پەلایە

لەم چلّ بۆئەوچلّ ئەسوڕێتەوە
لەسەر هیچ چڵیّ نامێنێتەوە

هیچ وەفای نیە بۆ تاقە گوڵیّ
بیّ سەرەنجامە عەشقی زۆر بڵیّ

من وەك پەروانەی پەڕ و باڵ سووتاو
بیّ دەنگ لە دەوری چرای هەڵگیرساو

لەوەش بەتین تر هەر ئەڵێی مۆمم

www.ewinebook.blogfa.com

هەتا ئەسوتێم هەر لە جێی خۆمم

بە درۆ نەبووم بە قوربانی کەس
خۆم نەداوەتە دەس هەواو هەوەس

تا ئێستاش ڕازی دڵم پەنهانە
دۆستم نەبۆتە تانەی بێگانە

خۆزگە ئەم عەشقەی لە کەللەمایە
بە هۆنراوەیەك پوختەم کردایە

ئەوسا بە ڕاستی بایەخدار ئەبوو
لەلای ئەهلی دڵ وەك ڕۆژ دیار بوو

بەڵام داخەکەم کەشیعرەکانم
زۆر پەرێشانم وەکوو ژیانم [1]

---

[1] )ئەم پارچەیە لە کۆمەڵەی (دڵی کچان) دا بلاٌوکراوەتەوە . هەوێنەکەی لەپارچە شیعرێکی بۆستانی سەعدی خۆیەوە وەرگیراوە .

1960

**من و یار**

**خۆشەویستەکەی دوێنێم**
**خۆشەویستی سبەینێم**

**چاکیتم لەبەر چاوە**
**جێم بە جیا بۆ داناوە**

**کەمن حەزم لە تۆ کرد**
**جوانیت بوو کەدڵمی برد**

**بە ڕەوشت و هەستی بەفام**

www.ewinebook.blogfa.com

هەمووت یەك یەك نیشان دام

منیش خۆم دایە دەست تۆ
بەم گرێت بووم بە پشکۆ

نەبووی بە کۆسپی سەر ڕێم
هێزت زیاتر ئەدا پێم

بە گریان ئەتترسانم
بە ترسان نەتگریانم

ڕۆژانی ناو زیندانم
ئازاییت ئەبزوانم

نە پاڕایتەوە لەکەس
وەك کەساسێکی بێ دەس

بەرامبەر وەردیانەکان
هەروەکوو شێر ئەتنەڕان

کۆرت بە ژنان ئەبەست

ئەتوت ئەگەین بە مەبەست

نامەت هەمیشە جوان بوو
هەمووی پاڵ پێوە نان بوو

ڕابەری فرمانم بووی
دەنگی هاوڕێکانم بووی

گیانە ئێستەشوسایە
چونکە باوەڕمان تیایە

شادمانین تا مردن
بە پاکی و خەبات کردن

جا پێویستە تێکۆشان
بگۆڕین وەکوو ژیان

لەباتی لەش و پەلمان
مێشك بخەینە فرمان

www.ewinebook.blogfa.com

دوژمن لەسەر شانمان بوو
پەلی لەسەر گیانمان بوو

ئێستەش کە دەرکراوە
هەزار داوی داناوە

پیلانی ئەخاتە کار
تا بێتەوە بۆ سەر شار

پێویستە زۆر ووردبین بین
چاوکراوەو بەتین بین

ئای چەند خۆشە تێکۆشان
تێکەڵ بن لەگەڵ فرمان
پێویستی بەرچاوت بێ
وەکوو نان و ئاوت بێ [1]

---

[1] )لە کۆمەلچەی (شیرین) و پێشتریش لە گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) دا بلاّو کراوەتەوە .بۆ سەبری خێزانمم وتووە .کامەران موکری لە داوێنیەوە لە گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) دا نووسیبووی ئەبوو بۆ دایکتت بووتایە و ڕیزی لەو هەموو مەینەتە گرتبوو کە دایکم بۆی کێشام و لە سالآنێکی سەختدا زیندان بە زیندان بە دوامەوە بوو .شایانی ووتنە

1961

## بۆ جوانێکی کلۆڵ

ئەی تـاقـە شۆخی بێ کەس و لانە
بەر چە پۆك کەوتووی دەستی زەمانە
تەنیا پە پولەی هیلاکی بـا ڕەش
زەرد هەڵگەڕاوی ڕووخۆشی چاوگەش

ڕوومەت بە تۆزی مەینەت تەماوی
دڵبریندارى چاو فرمێسکاوی
شێوەی ژیـانت وەکو ئـاوێنە
لە ڕووتـا دیـارە بووە بە وێنە

نـازانی چی بکەی کەوا داماوی
هەرچەند کە ژیری ، بەڵام تـرساوی
ئەچیتە سایەی گەڵای هەر دارێ
ئەبییە نیشـانەی جۆرە پلارێ

---

دایکم سامانێکی زۆری فۆلکلۆرو قسەی نەستەقی لەبەر بوو . بۆیە گفتم بە کامەران دا ئەگەر بۆم هەڵسووڕێ ئەیانووسمەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

دڵسۆزێ نییە کە هاودەمت بێ
لەم گێژاوەدا یاری خەمت بێ
ئێستە ئەتەوێ بحەسێیتەوە
تۆزێ پشوو بەی ، بگەشێیتەوە

ئەو ئاواتانەی پەروەردەت کردوون
لە گۆشەی دڵتا جێگەت بۆ گرتوون
ببووژێنەوە هەروەکو جاران
بگەیتەوە ناو کاروانی یاران
منیش یەکێکم لەو هاورێیانە
کە گەردوونی بەد قینی لێیانە
تا ئێستا هەرچەند هەنگاوم ناوە
دەستی ڕۆزگار هێناومیە دواوە

ئێجگار زەبوون و بێ هێزو پەستم
توخوا بێ دەستت بخە ناو دەستم
ئەم بەینە ببین بە هاوڕێی گیانی
هاندەری یەك بین بۆ كامەرانی

هەتا ئاما نجی دڵ دەسگیر ئەبێ

## هیچ نەبێ دڵمان لای یەك ژێر ئەبێ [1]

1961

### چاوەڕوانی

دوێنێ تا درەنگ چاوەڕێم کردی
زۆر پەرێشان بووم کە ڕانەبووردی
گەلێ جوانم دی هاتن تێپەڕین
هەموو بۆ یاری خۆیلن پێکەنین

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە گۆڤاری (ڕۆژی نوێ ) دا بلاٌوکراوەتەوە . بۆ کچێکم نووسیووە کە بە ئیمزای (داخ لە دڵ) لە گۆڤاری ناوبراودا ئەینووسی . ئەم کچە پێشتر تەلاٌق درا بوو وە شووی کردبوەوە و لە ساڵەشدا مێردی دووهەمی مردبوو تا ئێستاش کلۆڵی بەری نەداوە .

www.ewinebook.blogfa.com

**تەنیا من نەبێ بە چاوەڕوانی**
**دواییم بە ڕۆژو بە ڕێیوار هانی**
**نەزەردەخەنەو نە تیلەی چاوێ**
**نەترپەی پێ یێ ، نەڕووی ناسیاوێ**

**دڵی خەمگینم هەر نەکرایەوە**
**چی خەفەت هەبوو بۆ من مایەوە**
**ئەڵێی دوژمنت کەوتۆتە بەردەست**
**یاریی پێ ئەکەی بە دەستی مەبەست**

**ئەوا هاتوچووی گەرم و بێ عاری**
**نە خۆو ون کردن وا بە یەك جاری** [1]

1961

**بە جوانی مەنازە**

**کە من خۆشم ئەویستی تۆ نەزان بووی**

---

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە گۆڤاری (ڕۆژی نوێ ) و لە کۆمەڵەی (شیرین) دا بڵاوکراوەتەوە. ئاوێنەی دەروونی کاك بەهجەت بابانە کە بە درێژاییی ڕۆژی چاوەڕوانیی خۆشەویستەکەی کردبوو – ئێستە خێزاننیەتی – ونەچووبوو بۆ لای .

وەکو بەرخۆلەیەکی بێ زمان بووی

ئەگەر من تۆم بە دەریادا بدایە
لە دڵتا وا بوو دڵداری وەهایە

منیش هۆشم هەموو لادایە لای تۆ
وەکوو گوڵ پێم گەیانی زۆر لە سەرخۆ

هەتا ناسرایت وجوانیت کەوتە بازاڕ
وەکوو هەنگ تێت ورووژا سووکە کڕیار

ئیتر کەوتیتە بیانوو بۆڵە کردن
لە ڕیزی دۆست فڕێت دام بووم بە دوژمن

لە پاش من چەندی کەیشت دەربەدەر کرد
گەلێکت تووشی خولیاو دەردی سەر کرد

بەلاَم ئۆخەی شوکر ئەو جوانی یەت ڕۆی
هەموو ئاما نجی تۆی تێکدا لە گەڵ خۆی

ئەوەی سامانی تۆ بوو وا بەسەرچوو

www.ewinebook.blogfa.com

که جێگەی خۆی نەگرت،ڕۆیشت ودەرچوو

لە کاتێکدا کە تۆ کەوتویتە کز بوون
هەزاران جوانی تازە پێگەیشتوون

ئەبێ تۆش داخی سەیری خەڵك بچێژی
ئەبێ فرمێسکی تەنیایی بڕێژی

چەکی جوانیت کە خەڵکی دیل ئەکرد بۆت
لە کیست چوو،بە تەنیا بگری بۆ خۆت[1]

1961

[1] ) ئەم پارچە شیعرە لە کۆمەلەی (دڵی کچان)دا بلاَو کراوەتەوە .

## یار تۆراوە

من ویارەکەم یەك دڵ وگیانین
لە خۆشی وخەمی یەکتر ئەزانین

لە گەڵ ئەوەشا ماندووی زۆرانین
خەریکی شەڕو بۆڵەو تۆرانین

لە پێش ئەوەدا کە ئاشت بینەوە
بۆ شەڕێکی تر کۆ ئەبینەوە

بەینی من وئەو ئەوەندە تێکچوو
ناوبژی کەریش پەست وماندوو بوو

بەڵێ ئەو عەشقەی کە تامی تیا بێ
لای من بێ گومان هەر ئەبێ وابێ

www.ewinebook.blogfa.com

دڵداریی گەرم وبەتین ئاوایە
لەمە بەولاوە پیشەی ساوایە

پلەی ئەندازەی دڵداری خەمە
چەند خەفەت بخۆی هێشتا هەر کەمە [1]

1961

## یاری من

دڵم بۆ خۆش نەبیٚ ئەو دڵفرێنە
کە ڕوخساری بە وێنەی بەفروخوێنە

ئەوەی لاوان بە ڕێز بۆی ڕائەوەستن
بە بیٚ شەرمی چەقی ڕێی لیٚ ئەبەستن

ئەوەی گوێی پڕ لە دەنگی ئۆف وئاخە
لە دەست ئەو ڕیٚ گرانەی دڵ بە داخە

ئەوەی سەیری ئەکەن ڕوو گرژو مۆنە

---

[1] ) ئەم پارچە شیعرە لە گۆڤاری (ڕۆژی نویٚ)دا ولەکۆمەڵەی (شیرین)دا بلاٚوکراوەتەوە

له كەس نا پرسێ ئایا دەردی چۆنە

کەچی هەر ئەو فریشتەی سەر زەمینە
بەرامبەر من دەمی پڕ پێکەنینە

هەموو کاتێ لە گەڵما ڕووی گەزۆیە
بەڵێن وچاوەڕوانی و هات وچۆیە

بەڵێ ئەوسا کە بینیم کاری خۆی کرد
سوپای جوانیی هەتا بنکەی دڵم برد

ئیتر خولیا بوو لێم چۆنی بناسم
لە کوێوە تێی گەیێنم وا کەساسم

ئەبێ چۆن دەسەڵاتم بێ بە سەریا
کە بەرگی خۆشەویستی کەم بەبەریا

بەڵام ئێستا ئەمەندە شادمانم
ئەڵێی خاوەن کلیلی ڕووی جیهانم

لە خۆشیی نۆبەرەی "ئا"ی خۆشەویستی

www.ewinebook.blogfa.com

**لە خۆشیی ئەو دڵەی ئەو شۆخە ویستی**

**لە گەڵما هاوبەشی دەردی ژیانە**
**لەلای وایە جیهان بێ من زیانە**

**ئەوا ئێستاکە نوقمی شادمانیم**
**لە بەختم زۆر ئەترسم تا بەیانیم** (1)

1962

**خۆت مەشارەوە**
**یاری منی ..**
**گوڵێکی نازداری منی ..**

---

[1] ) ئەم پارچە شیعرە لە گۆڤاری(شەفەق)و لە کۆمەڵەی (شیرین)دا بڵاوکراوەتەوە0

دەرمانی ئازاری منی

فەرمووئەوە گیان ، ئەوە ماڵ
هەرچی بڵێی ئەیکەم بە ساڵ
هەر خۆتم لێ مەشارەوە
دام مەنێ بەو ئازەرەوە

بەرگەی هەموو دەردێ ئەگرم
کە پێم بڵێی بمرە ، ئەمرم
با ڕوو گرژ بی، با مۆن بی
با دڵی خۆت ویستی چۆن بی

چی ترش وتاڵە پێم بڵێ
شەرتە من هەر بڵێم بەڵێ
هەر خۆتم لێ مەشارەوە
مەمگێرە بەم ئازەرەوە

ئەزانی کە ون ئەبی لێم
من چەند بەدووتا ئەگەڕێم
چەند وێڵ وسەرگەردان ئەبم
چەند تووشی ماخۆلان ئەبم

www.ewinebook.blogfa.com

هەزار بیانوو ئەخەمە ناو
کە تۆی پیٚ بیٚنمەوە بەرچاو
تکایە خۆت مەشارەوە
دەرکەوەو ئاشت مەبەرەوە [1]

1962

## چاوو ڕاو

لەلای باوکی ئەڵیٚ ( مەدهۆش ) کوڕیٚکی چاك و وریایە
زمانی خۆشە ، هەرزا نجانە، ئیشی جوانە، وەستایە

لەلای دایکی ئەڵیٚ( مەدهۆش )بەڕاستی زۆر قسەی خۆشە
خەمی دنیای نیيە، زۆر دڵتەڕەو، دایم لە سەرخۆشە

لەلای خوشکی ئەڵیٚ( مەدهۆش ) چ چاوباشقاڵ وشەیتانە
چ قینم لیٚیەتی ئیٚسك گرانەی زۆڵی زۆرزانە

[1] ) لە کۆمەڵەی (دڵی کچان)دا بلاّو کراوەتەوە

لەلای کاکی ئەڵێ( مەدهۆش ) لە کوێیە !خۆزگە ئەمناسی
ئەوەندەی ناو ئەبەن ،مێشکم یەشێ، نە بڕایەوە باسی

لە لای پووری ئەڵێ( مەدهۆش ) فەقیرەو خزمی خۆمانە
کە دیت ئەحواڵی پرسە نەك نەخۆش بێ ئەو بەسەزمانە

لە لای خەڵکیش ئەڵێ ( مەدهۆش ) ئەڵێن بۆ شەخصێ سووتاوە
بە جارێ حورمەت و هۆش و دڵو گیرفانی داناوە

لەلای خۆشم ئەڵێ شێتی ،عەزێتی خۆت نەدەی چاکە
لە جێی خۆت دانیشە ،خۆت لێ نە گۆڕێ ، هۆشێ پەیدا کە

لەلای خوا چی بڵێ ئاخۆ دڵی خۆی چیی تری تیایە
منیش خۆشم ئەوێ بێ دەنگ ، ئەویش هەرچی بڵێ ، وایە

1962

نازانێ

www.ewinebook.blogfa.com

حەز ئەكا سنگ وبەرۆكی جوان بێ
بە گەردانەیەك برازێتەوە
داخەكەم نرخی جوانی نازانێ
بە ئالْتوون گەوهەر ئەشارێتەوە [1]

1962

سەرمەشقێك بۆ سامانی كورِم

كەوێ لەسەر بارەدار

كە ئەیانهێنا بۆ شار

وتی بەو كەرەی ژێری
تۆ بە بارهێنان فێری

ئەمەندەت بار هێناوە
هەموو پشتت رِووشاوە

من هەمیشە لەسەر شاخ
ئەخوێنم زۆر بە دەماخ

---

[1] ( ئەم پارچە شیعرە لە كۆمەڵەی (دڵی كچان)دا بلاْوكراوەتەوە0

بۆ كام جێ خۆشە ئەڕۆم
كام ئاوێ سازە ئەیخۆم

یا لەبەر دیوە خانام
لەناو قەفەزی جوانام

كەرەی هەژاری ژێر بار
بەم جۆرە هاتە گفتار

من پێم خۆشە ژێر بار بم
نەوەك پیاوی زۆر دار بم

بێگانە بمبا بۆ ڕاو
برای خۆم بخەمە داو

ڕەنگە پێم بڵێی كەرە
پێی خۆشە كە باربەرە

كە مرۆڤ مافی نەبێ
كەر لە كوێ ڕزگار ئەبێ

www.ewinebook.blogfa.com

**من ئەژیم بە ڕەنجی شان**
**لەشم سووکە بۆ فرمان**

**تۆ سەربەست لە دایك بوویت**
**بەلاّم بە دیلی مردوویت** [1]

1962

## ئاخ پەنجەت

**بەوەم زانی کە دەرزی چوو بە دەستا**
**کە چاوتم دی لە جەرگم کسپە هەستا**

**ئەوەندەی خوێن لەبن نینۆکی تۆ هات**
**ئەوەندەش خوێن لە چاوی من نەوەستا**

---

[1] ) لەکۆمەڵەی (شیرین) دا بلاّو کراوەتەوە .

لە داخی ئەزیەتی ئەو پە نجە جوانەت
ئەجەنگم من لەگەڵ دەرزی و مقەستا

دڵی من ناسکە وەك دەست و پە نجەت
دڵی تۆ زۆر ڕەقە وەك دەستی وەستا

سەرت داخستبوو پە نجەت ئەجووڵان
دەمم بەست و لە چاوم فوارە هەستا

هەتا من هەم لەبەر چی خۆت جل ئەدووری
هەموو فرمان و فەرمان وا لە دەستا

بە خۆشی تۆ خەیاتییم لا پەسەندە
دەسم لێ بەر نەداوە تاکو ئێستا [1]

1962

## شەوی بەرات

ئەمشەو شەوی بەراتە
شەوی خۆشی و خەڵاتە

---

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە کۆمەڵەی (دڵی کچان)دا بلاّوکراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

وا منالأن ئەگەڕێن
دەس بە دەرگاوە ئەنێن

منیش هاتوومە دەرگات
تا بەرم کەوێ بەرات

ئەمشەو شەوی بەراتە
شەوی خۆشی و خەلأتە

بەراتی من جیایە
نە فلس و نە خورمایە

لە باتی فلس و عانە
سەیرێکی ئەو چاوانە

لە باتی دەنکە نوقوڵ
زەردەخەنەی لێوی گوڵ

تۆش دڵی من مەشکێنە
وەرە دەرێ بمدوێنە

بەو دەست و پە نجە جوانە
یەك نامەی بچكۆلانە

بینووسە لە پەناوە
گەر ڕێ نەبوو بیهاوە

بۆ ئەم دڵە بێكەسە
بەرات هەر ئەوەم بەسە

وەك یاسین هەڵی ئەگرم
ئە یخوێنمەوە تا ئەمرم

بەو خێرە لای كردگار
دوعام ئەكەوێتە كار

ئەوەندەی تر جوان ئەبی
ڕوو سووری جیهان ئەبی

ئەم شەو شەوی بەراتە

## شەوی خۆشی و خەلاتە [1]

1963

### لەگەڵ تۆمە

کچی جوان من ئەگەر بیٚ کاروبار ماوم ، لەسەر تۆیە
ئەگەر تیٚهەڵدراوم ، دڵ شکیٚنراوم ، لەبەر تۆیە
بەیانی تاکو ئیٚوارە بە چاوەڕوان لەبەر دەرگام
بەشەو تاکو بەیانی بیٚ خەون چاوم لەسەر تۆیە

هەموو خزمان و دۆستانم لە من تۆراوو لالووتن
لەلای بیٚگانەو یاران کە بەدناوم لەسەر تۆیە
دەمیٚ کۆلاٚن بە کۆلاٚن هەروەکوو دز خول ئەخۆم بیٚ دەنگ
دەمیٚ یاساوڵی سەر ڕیٚگە وەستاوم لەسەر تۆیە

کە یاران پیٚم ئەڵیٚن تۆ بۆچ وەهات لیٚ هاتووە بەدبەخت
لەشەرما هەروەکو بت ، بیٚ وەلاٚم ماوم لەسەر تۆیە
بەبەردەرگاکەتا تیٚپەڕ ئەبم سەیریٚکی ڕووم ناکەی
لەلای ووردو درشتی ناوچە ناسراوم ، لەسەر تۆیە

---

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە کۆمەڵەی (دڵی کچان) دا بڵاو کراوەتەوە .

**دەبا جارێك بڵێی فەرموو ، وەیا جارێك بڵێی لاچۆ**
**لەسەر وورتەی وەڵامێكا كە داماوم ، لەسەر تۆیە**
**بە چاوی سووكەوە سەیرم مەكە ، نرخم لەسەر دانێ**
**بە یاری تۆم ئەزانن خەڵكی ، من ناوم لەسەر تۆیە** [1]

1963

---

[1] )كە بەناو ڕەشنووسە كۆنەكانما ئەگەڕام بۆ هەڵبژاردنی هەندێكیان تا بیانخەمە ناو ئەم كۆمەڵەوە . ئەم پارچەیە یەكێ بوو لەوانەی دڵم گرتنی .

www.ewinebook.blogfa.com

## گلەییەك

خۆشەویستەكەی تاقە دڵدارم
ڕووناكی دڵەی پڕ لە ئازارم
ئەزانی ئێستەش لە جاران زیاتر
دڵ بۆت ئەسووتێ وەك پشكۆی ئاگر
كەچی داخەكەم گیانی شیرینم
لەو مەیلە گەرمەت ساردی ئەبینم
هیچ هەواڵێكت بەلاما نایە
هەروەك لەبیرت نەمابم وایە
سەرەڕای دیلی و داركاری و جنێو
كە بۆتە مووچەم لە ناشتاو لە شێو
هێشتا یادی تۆ هەر لە دڵمایە
دووریی تۆ زیاتر ئاگری تیایە
لە هەموو كاتێ هەر چاوەڕوانم
كە هەواڵێكی لای تۆ بزانم
بەڵام تۆ وەكو بە دڵتا نەیە
بزانی جێی من بەندیخانەیە
ناتەوێ هەرگیز سەرێكم لێ بەی
لای كەسەكانت بیانوویەك ڕێك خەی
ئەزانم ئەگەر خۆت بتویستایە
بیانوو زۆر هەبوو كە سەرت بایە

گوایە نیشانەی دڵداری چییە
چۆن بڵێم ئەمە خۆشەویستیە
کوانێ دڵسۆزی و بەڵێنەکانت
کوانێ هات وچۆی گەرمی جارانت
ئەو پە یمانانەی جارانت کوانێ
چۆن دڵ بتوانێ تۆ بە دۆست دانێ
بێگانە دڵی بۆ من سووتابێ
دڵی تۆ نابێ بەزەیی تیا بێ
گیانەکەم بە خوا گلەییم زۆرە
داخی دووری تۆ هەمووی ناسۆرە
ئە مجا چۆن ڕووت یەت کاتێ کە بەربووم
بۆ چاوەڕوونی بێیتە بەرو ڕووم
چی بیانوویەکم بۆ یەنیتەوە
کە ئەم گلەییەم بیر بەرێتەوە
چی بکەم سەد دەردت لەدەس بچێژم
هێشتا ناتوانم کە پێت بڕێژم
بە خۆشەویستیت هێندە ئەسیرم
ناوێرم بڵێم هەر لێت دڵگیرم
خۆت باش ئەزانی خۆم ناتۆرێنم

www.ewinebook.blogfa.com

# چونكه ناتوانم وازت لێبێنم [1]

1963

1963

[1] ئەم پارچە شیعرەم لە كۆمەڵەی ( دڵی كچان ) و پێشتریش لە ڕۆژنامەی ( هاوكاری ) دا بڵاوكراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

بیٚ دڵی ناکەم

چۆنی دە رکەم
چۆنی ون کەم ، چی لەبەر کەم ؟

بۆچی ڕێم دا بیێتە ژووریٚ
کیٚ لەم گوناهە
ئەبووریٚ

ملم شکیٚ بۆ پیێکەنینم
بۆچ بە نیگایەك
ڕاچەنیم

من دامنابوو بیتەزێنم
تەمیێ کەم وازی لیٚ
بیێنم

ئەمەندە هات و چۆی پیٚ بکەم
وەکوو هارو شیێتی لیٚ بکەم

کەچی کەهاتە بەرەوڕوو
دەستەلاٌتم لەدەس
دەرچوو

ئەو داوەی کە بۆم نایەوە
هەر لە پیێی خۆم
ئالاٌیەوە

دڵم بە پتەو ئەزانی
کەچی بە فوویە
ڕووخانی

ئەو کاتەی هاتە بەرەو ڕووم
بە ناخیێرم لیێی تورە بووم

کەچی دەنگیٚ شەرمی نەکرد
سووکیٚ دەستی بۆ
دەسم برد

په نجەی گوشیم و پێکەنی        دڵ کەوتە لەرزەو ڕاچەنی
ئیتر زمانم بەسترا        ورتەیەکم پێ نەکرا

هەرئەوەندەم هاتە خەیاڵ        پەلم ڕاکێشا بەرەو ماڵ
نەوەکو یەکێ بڕوانێ        لەم کەین و بەینە بزانێ
ناچار بردمە ژووری میوان        جگەرەشم بۆ داگیرسان
ویستم کە بیخلافێنم        میوەو چەرەسی بۆ بێنم

بە زمانی لووس و شیرین        بە ڕێی کەم دەم بە پێکەنین
دەستی گرتم ، وتی : مەڕۆ        مشووری هیچ بۆ من مەخۆ
تۆ بۆ من هەموو شتێکی        لە جێی میوەی ، لەجێی پێکی
هەرئەوەندەم بەخۆم زانی        دەمی بۆ لای دەمم هانی

www.ewinebook.blogfa.com

هەرچەند سەرم هێناو بردم
هەر گرتمی و ماچی کردم
ئیتر وەك منالْ بە دەماخ
بکەوێتە ڕنینی باخ
کەوتە ماچ و گلۆفتنم
لە لێوو کولْم و
گەردنم
پشووی نەدام بلێم مەکە
ماچ هەزار بێ بلێ
یەکە

منیش بوومەوە بە منالْ
کەوتمە باوەش و
گرۆگالْ
حەزم ئەکرد تاکو مابم
لەو بەهەشتی
کۆشەدا بم
دام بەدەم ئارەزومەوە
هەر لەبیر خۆم
چووبومەوە
بێ ئەوەی بە خۆم بزانم
تەقەی دەرگا ڕای
پەڕانم

ترسێکی وا هات بەسەرما
وەختە بوو بمرم لە
شەرما
وا گوێم لە تەقەی دەرگایە
ئەم بێگانەیەشم لایە

چۆنی دەرکەم ، چۆنی ون کەم چۆنی ڕەنگ کەم ، چی لەبەر کەم
بۆچی ڕێم دا بێتە ژووریٚ کیٚ لەم گوناهە ئەبووریٚ

تا بەهەزار پێچ و پەنا شاردمەوەو دەستم پێوە نا
وتم : ئۆخەی کە رزگار بووم ئەم جارەش بیٚ زیان دەرچووم
ئەگەر دووبارە بێتەوە ئەڵێم : بڕۆ بە ڕێتەوە
باوەڕیش ناکەم بتوانم من لە دڵی خۆم ئەزانم

ئیتر بۆچی خۆم ئازا کەم تا ماوم بیٚ دڵی ناکەم (1)

1963

[1] ئەم پارچە شیعرە لە ( دڵی کچان ) دا بڵاوکراوەتەوە

www.ewinebook.blogfa.com

www.ewinebook.blogfa.com

چی بکەم
ئەم مەمکەم ناشارێتەوە
زل بووە و ئەلەرێتەوە

سوخمەش ببەستم دیار ئەبێ
زیاتر دڵی بۆ هار ئەبێ

بەرەو ڕووم لێو ئەبزوێنن
بە گوێی یەکا ئەچرپێنن

خۆشم حەزئەکەم کە جوان بن
جێگەی سەرنجی لاوان بن

بەڵام شەرم دام ئەگرێ
هات و چۆی ڕێم پێ ناکرێ

ئێستا هەرەتی جوانیمە
منیش نۆبەی دڵداریمە

حەزئەکەم چاوێ بگێڕم
خۆشەویستێ هەڵبژێرم

تا مردن تاقە گوڵم بێ
جێگای لە تەختی دڵم بێ

ئاخ لەم شارە هیچ نەدیوە
ڕێیان لە ڕێبوار تەنیوە

مەمك قوتێ تێئە پەڕێ
سەد كەس چاوی تێ ئەبڕێ

تێر تێر سەرنجی لێ ئەدەن
دواییش جنێوی پێ ئەدەن

ئەڵێن ئەم ڕوو هەڵماڵراوە
دەنكێ ئابرووی نەماوە

وای لێ دێ لەتاوا ڕاكا
نازانێ سەر بە كوێدا كا

ئەگەر خۆیان درۆ ناكەن
تۆزێ كەمتر تەماشا كەن

www.ewinebook.blogfa.com

هەتا ئەم خەڵکە ئاوا بێ
ئەم یارە هەر پەیا نابێ[1]

1963

لە بەندیخانەوە
شەیتان حەیف کە تۆم بە دوژمن زانی
بۆم دەرکەوت کە تۆ زۆر میهرەبانی

ئێستەش بەتەنیا دوور لە یارانم
بێ بەش لە کەیف و بەزمی جارانم

بۆ ڕابواردنێ پەرۆشە حاڵم
توخوا شەیتان گیان تۆ وەرە پاڵم

وەرە با تۆزێك خۆشی ڕابوێرین
ئێمە دەمێکە بەیەکتر فێرین

هەر تۆ پاسەوان ناتگێرێتەوە
لە هەموو شوێنێك جێت ئەبێتەوە[1]

---

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە کۆمەڵەی ( دڵی کچان ) دا بڵاوکراوەتەوە .

1963

**یەك دڵ**

**وتم با دڵمان بگۆڕینەوە**
**بەرلەوەی لەیەك جیابینەوە**

**با دڵمان لەلای یەك یادگار بێ**
**لە هەست وڕازی یەك ئاگادار بێ**

**وتی گەر لامان وابێ دوو دڵین**
**نابێ بە خۆمان بڵێین عاقڵین**

**کە شتێك یەك بێ ناگۆڕێتەوە**

---

[1] ) بە مەبەستی ڕابواردن و پێکەنین دانراوە .

www.ewinebook.blogfa.com

## دوو لەش بە دڵێ ئەسورێتەوە [1]

1963

قینی تۆڵە
کچان ئەمەندە لە کوڕ بەقینن
کە دەستەلاَتیان بە زیاد ئەبینن

ئەگەر بە تەنیا هەڵیان کردایە
با لەبەر دڵی خۆیان نەبوایە

نەك بڵێی هەرگیز کوڕیان نەئەدوان

[1] ئەم پارچە شیعرە لە ( دڵی کوڕان ) دا بلاَو کراوەتەوە .

## بگرە ئێسقان وڕەگیان ئە پروان [1]

1963

مەم

من کە بە مەمك بەخێو کرابم
چۆن هەتا مردن مەم پەرست نابم

ئێستەش بۆ مەمك ئەڵێی مناڵم
هەر بۆ باوەشە خەوو خەیاڵم

هەرچەند ئەم مەمکە لەو مەمکە جیایە
چی بکەم تەمەنم لەگەڵ مەمایە [2]

1963

## هەر سێکمان

من و دڵ و یار کە بەناو سیانین
ئەگەر بەڕاستی سەرنج بەی جیا نین

---

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە ( دڵی کوڕان ) دا بلاْو کراوەتەوە .

[2] )ئەم پارچە شیعرە لە کۆمەڵەی ( دڵی کچان9 دا بلاْو کراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

**ئەتۆم لەت ئەبیٚ و جیا ئەکریٚتەوە**
**بەلاّم ئەم سیانە لیٚك نابیٚتەوە**[1]

1963

## ناز

**بەوە ئەنازی دەسەلاّتداری**
**لە کەس و کاری هیٚزی چەکداری**

**من تیری چاوت خویٚنم ئەریٚژیٚ**
**تەقەی کەسەکەت بابۆ خۆی بیٚژیٚ**

1963

## ماچی نەوتاوی

---

[1] )ئەم پارچە شیعرەی ( دلّی کچان )دا بلاّو کراوەتەوە .

هاوسێیەکمان بوو ، نازدار بوو
زۆر جوان و بەلە نجەو لار بوو

منیش تازە هەرزەکار بووم
لە دڵداریا بەکار بووم

بە چاو دڵی خۆم تێگەیان
بەر کوڵی دڵیم پێگەیان

وام لێ کرد کە دڵم باتێ
بەلاّم بەرلەوەی بمگاتێ

خزمێکی کەوتە هاتوچۆی
لەمنی داگیر کرد بۆ خۆی

خزمایەتی بۆ خستە کار
لە ڕاستم دەستی دایە دار

ناچار بووم منیش ڕێگەم گرت
یەخەی گرتم و یەخەم گرت

www.ewinebook.blogfa.com

شەڕێكی گەرم بەرپا بوو
عاشقێكی كەش پەیا بوو

كوڕی دەستدارێكی ناوشار
لێی سەندین ئەو گرتی بە یار

ناچار بووین ئێمە بێ دەنگ بووین
چونكە زۆردار بوو بۆی نەچووین

پاش بەینێ دیم كە دامابوو
ڕۆژێك بوو بۆ نەوت وەستا بوو

نەوتیش بەگران دەس ئەكەوت
خەڵكی شەقیان ئەخوارد بۆ نەوت

من كابرای نەوتم ئەناسی
ئەویشم دی بە كەساسی

لێم پرسی كوان دۆستەكانت
بۆكاتی كارو فرمانت

چاوەڕێی وەلاچمم نەکرد
نۆبەبرشیم کرد دەست و برد

نەوتەکەم بۆ پڕ کرد بە شان
بۆم هێنا تا سەری کۆڵان

ماندوو بووم دامنا بۆ پشوو
جا دوانم بۆ ئارەزوو

وتی : من هەتاکو ماوم
چاکەی تۆ وا لەبەر چاوم

زانیم هەلەو هەڵکەوتووە
بەئاسان دەستم کەوتووە

ماچێکی وام کرد چۆن ماچێ
ئێستەش تامەکەی لاناچێ

وتی : ئەم ماچە بەڵێن بێ
خۆشەویستیت لەگەڵ خوێن بێ

www.ewinebook.blogfa.com

وتم : ئەم ماچە تۆڵەیە
بۆ ئەوەی تاوانی هەیە

ئەوەی کە خوێنێ بگێڕێ
بۆ ئەوەی کە خۆی ڕابوێرێ

ئەبێ بەم جۆرە رسوا بێ
لە کۆڵانان ماچ کرا بێ

وتی : تۆش وەك ئەوان خوێڕیت
کە بۆ هەڵێککێڕیت

بۆچ ناوی ئێمە ئەهێنن
کە خۆتان کچ خەڵەتێنن (1)

1964

[1] ئەم پارچە شیعرە لە کۆمەڵەی ( دڵی کوڕان ) و لە ڕۆژنامەی ( ڕا پەڕین ) دا بلاو کراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

پاش تاقی کردنەوە
ئەوا گەورە بووم شێوەم گۆڕاوە
ڕوخسارم نەشئەی سەرنجی چاوە
ڕوانینەکانم جۆرێکی جیایە
هەستی قووڵایی دەروونی تیایە
تۆزێکی سنگم ئەگەر دەرکەوێ
ئاخۆ چەند گوللەی ئاخی بەرکەوێ
هەر لاوە داوێ ، هەر چاوە ڕاوێ
دێنێتە سەر ڕێم ببمە ناسیاوێ
لەهەموان زیاتر ئەو گەنم ڕەنگە
ئەو پەرێشانەی شەیدای بێ دەنگە
هەرچەند ئەو لەسەر ڕێما بوەستێ
تەلی هات و چۆی پەلم ئەبەستێ
چی بکەم ناشتوانم خۆمی پێشکەش کەم
خەم و شادیمی لە گەڵا بەش کەم
دەترسم لەوەی کە بێ پەیمان بێ
دەست لێبەردانی لەلا ئاسان بێ
چۆن ئەبێ یەکەم هەنگاوی ژینم
دەست شکێن بکرێ سەودای ئەوینم
سەد ئەوەندەی تر دڵم شەیدا بێ
هێشتا نایەڵم بۆی بەرەڵلاّ بێ

www.ewinebook.blogfa.com

ئەبێ دڵیش و ئەویش بمێنن
ئەبێ هەردووکیان یەك بسووتێنن
ئەبێ ماوەیەك پاسەوانم بێ
سەرپەلی هێزی ڕێگەو بانم بێ
نەیەڵم چاوی شەو بچێتە خەو
بگری و تل بدا بە درێژی شەو
هەر ساتەی جۆرێك خۆم لای بنوێنم
ڕۆژێك ڕووی بەمێ دە ڕۆژ نەیدوێنم
جار جار بە چاوی پڕ لە قینەوە
جار جار بە لێوی پێکەنینەوە
لە ڕاستی منا گێژو سەرسام بێ
هەمیشە چاوی یا دڵی لام بێ
لێشم بترسێ و بۆشم بڕوانێ
ڕزگاری بوێ بەڵام نەتوانێ
تا وای لێ ئەکەم باریك بێتەوە
بۆ ئەڵقەی پەنجەم بچەمێتەوە
ئەوسا کە زانیم تەواو قاڵ بووە
دڵیشم بەسەر دڵیا زاڵ بووە
ئەمجا ئەیخەمە کۆشی نازەوە
دڵی ئەبەستم بە دڵخوازەوە
هەموو ژیانمی بۆ ئەکەم بە باخ

## له گه‌ڵما بژی هه‌رگیز نه‌ڵێ : ئاخ [1]

1964

### دوای ده‌رچوون

ئه‌وا ئه‌مساڵیش خوێندنم ته‌واو
تا ته‌واوم کرد مۆخم بوو به‌ ئاو
شه‌ونخوونیم کرد هه‌تا به‌یانی
سۆمای چاوم چوو تا دواییم هانی

وا شه‌هاده‌که‌م له‌به‌ر ده‌ستایه‌
لای که‌س و کارم بالآیه‌
که‌ که‌سێ نه‌بێ بۆ پیرۆزبایی

---

[1] )ئه‌م پارچه‌ شیعره‌ له‌ کۆمه‌ڵه‌ی ( دڵی کچان )دا بلاوکراوه‌ته‌وه

www.ewinebook.blogfa.com

## بدا به گوێما وشەی ئەسپایی

هەرگیز ماندووی من ناحەسێتەوە
بە دەرچوون دڵم ناکرێتەوە
ئێستا بێ ئیشم نازانم چی بکەم
ئەمەوێ تۆزێ بای باڵی خۆم بەم

بچم بۆ گەڕان ، بگەڕێمەوە
کەسێ نەبینم هەروا بێمەوە
دەك ملم بشکێ گەر بچمە دەرێ
گەر هەنگاو بنێم قاچم هەڵوەرێ

ئەم ئارایشتە خەستە نەخشاوەم
ئەم جووتە برۆ خەتات کراوەم
ئەم کوڵم و لێوە سوورە خوێنینەم
ئەم لا گەردنە بەرزە شیرینەم

دڵ تەڕی نەبێ لە ڕووم بڕوانێ
نرخی ئەم جوانی و ئەرکەم بۆ دانێ
با لە ماڵەوە هەروا خەسار بێ
دووکەڵ و تۆزی ماڵی لێ بار بێ

له پووله پوولەی خەرجیم لاداوه
ئەم دەسته جلەم لێ پێك هێناوه
بۆ کێی لەبەر کەم ، پێم بڵێ گیانه
دەك پیرۆزت بێ ئەم بەرگە جوانه

کەواته با هەر له بوخچەدا بێ
لەوه باشتره بێ سوود ژاکا بێ
بم به میوانی کام ماڵی ناسیاو
شتێکی تیا بێ بۆ زاخاوی چاو

هیچ نەبێ کەمێ هیوای هەر تیا بێ
خۆمی پێ ژێر کەم بڵێم با وابێ
ئەوەش شك نابەم خاك به دامانم
به چی دڵ خۆش کەم خۆشم نازانم

لەم هەموو شادی و بەزم و سەیرانه
لەم هەموو کوڕی و کیژو لاوانه
هەرکەس ئەبینم دۆستی خۆی پێیه
خەریکی گاڵتەو دەمه تەقێیه

www.ewinebook.blogfa.com

منیش وەکوو گێژ ئەسووڕێمەوە
تەنیا ئەڕۆم و تەنیا دێمەوە
(( لەبەختەکەی خۆم وا ڕا ئەبینم
بچمە سەر دەریا تکە نەبینم )) [1]

شەو بە داخەوە سەر ئەنێمەوە
هەتا بەیانی هەر ئەتلێمەوە
لە خەڵکی وایە کە من لووت بەرزم
وێڵی ناوبانگ و ناوماڵ و عرزم

بەڵام بەو خودایە هێندە زەبوونم
بە وشکە شۆرباش گەلێ مەمنوونم [2]

1964

[1] لە فۆلکلۆر وەرگیراوە .
[2] ئەم پارچە شیعرە لە ڕۆژنامەی ( هاوکاری ) و کۆمەڵەی ( دڵی کچان ) دا بڵاوکراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

## تەنیایی ناو تەلار

بەڵێ زۆر باش ئەزانم پارەدارم
ئەزانم خاوەنی کۆشك و تەلارم
براکانم هەموویان شێری جەنگن
کەس و کارم بە سامن وەك نەهەنگن
بەقەد کۆگایە ئاڵتوونم لەلایە
لەسەر تا پام خشڵ وێنەی گەڵایە
بەڵام من چیم لە زێڕو پارە داوە
کە تەنیا بم ژیانم ناتەواوە
هەموو سامانێ شوێنی خۆی دیارە
بەڵام ناخی دەروون هەر شوێنی یارە
کە دڵسۆزێ نەبێ فرمانی پێم بێ
لەسەر ڕێی جاروبارێ چاوەڕێم بێ
کە بێ بەش بم لەلاوێ بۆ سلاوێ
لەسەر لێوێ بزەو ماچێ بهاوێ
جیهانی وام لەبەر چاو چۆڵ و هۆڵە
تەلاری بەندیخانەو ، زێڕی خۆڵە
شەوی تەنیا بەسەربردن گرانە
تەمەن پێویستی گۆڕینی ژیانە

**که یاران دێنە باسی یاری خۆیان**
**دڵم هەر شێت ئەبێ بۆ گفتوگۆیان**
**بە ڕاستی بۆ کەسێ ئاواتە خوازم**
**لە ڕاستی دۆست و دوژمن پێی بنازم**
**چ ناخۆشە هەموو شەو تا بەیانی**
**ئەنووم بێ هاودەم و بێ چاوەڕوانی**
**چ خۆشە نیوە ئاشتی و نیوە تۆران**
**لەگەڵ ناز من بڵێم دەرد ، ئەو بڵێ گیان**
**چ خۆشە شت فڕانن کاتی خواردن**
**چ خۆشە میوە بۆ یەك هەڵبژاردن**
**خەمی دڵخوازی گەرچی تیژو تاڵە**
**وەکوو مەی وایە تاڵی پڕ خەیاڵە**
**ئەگەر چی نوێنی تەنیا نەرم وشل بێ**
**بەساقەی سەر حەسیری دەست لەمل بێ**
**ئەبێ دڵسۆزێ هاوڕازی دڵم بێ**
**ئەبێ قۆڵێك کەمەندی باخەڵم بێ**
**ئەبێ لێوێ هەبێ لێوم بناسێ**
**بە ماچێ ، ورتە ورتێ ، دەنگ و باسێ**
**ئەبێ هەرچیم هەیە بینێمە لاوە**
**لە ڕاستی خۆشەویستی نەچمە دواوە** [1]

---

[1] **ئەم پارچە شیعرە لە ( دڵی کچان )دا بڵاوکراوەتەوە .**

www.ewinebook.blogfa.com

1964

**ئـاواره ..**

**هەر من مامەوە ..**
**هەر من کەس نەبوو بێ بەلامەوە ..**
**هەر من کەس نەبوو شەو لە دیارم بێ**
**گوێی لە ئـاوازەی دڵەی زارم بێ**

**جارێ لە جاران نەمدی لە جوانێ**
**وەك خۆشەویستێك لە من بڕوانێ**
**گەلێ نـازدارم بۆ خۆم هەڵبژارد**
**نـامەی دڵداریم بۆ گەلێ کەس نـارد**

**ڕووم کردە هەر کەس ڕووی لێ وەرگێڕام**
**شوێن هەر کەس کەوتم چەمۆڵەی لێنـام**
**بوویشم بە خونفوس کەس منی نەویست**
**وشەی ( ئـای لاڤ یوو ) م لە هیچ کەس نەبیست**

**ئەوا تـەمەنـم ڕووی کردە دوایی**
**ڕۆژێکی شینم نەکرد بە شایی**
**لە شێکی نەرمم نەکردە بـاوەش**

## ماچێکم نەکرد لە کوڵمێکی گەش

چەند جارم نوێنی دوو کەسی کڕی
هەمووم بە کۆنی و تەنیایی دڕی
گەردوون ئەزانێ چەند هەوڵم داوە
چەند لە ڕێی دڵما ڕەنجم کێشاوە
ئەی هاوار خەڵکی بە چیم ئەزانێ
کەس بێزی نایە خۆی بۆ من دانێ
تەمەنی جوانیم هەمووی بەسەر برد
خزمەتی تافی لاوی خۆم نەکرد

دەستم نەکردە ملی نازدارێ
باڵام نەئالاَ لە باڵای یارێ
هەرچی سەیران و ئاهەنگ بوو گەڕام
زەردەخەنەیەك ڕووی نەکردە لام

جوانێك پیاڵەیك چای نەدامە دەست
پێیان نەوتم چۆنی فلاَن کەس
یادگارێکی کەسم لا نییە
یادم لە دڵی کەسێکا نییە

www.ewinebook.blogfa.com

ئێستاش تەنیا یەك ئاواتم ماوە
نازدارێك هەیە دڵمی پێكاوە
هەر ئەو بزانێ كە خۆشم ئەوێ
بەڵێن بێ تا هەم هیچم لێی نەوێ

بەو تۆزە لونفەی بەختیار ئەبم
لەناو یارانا منیش دیار ئەبم[1]

1964

## برۆ لاچۆ

برۆ لاچۆ ، ئیتر من یاری تۆ نابم ، برۆ لاچۆ
كە بڕوام پێت نەما بۆچی و لە گەڵتا بم ، برۆ لاچۆ
ئەوەی پێی شادمان بووم خۆشەویستی پاك و ڕاستی بوو
كە ئاما نجم لە دەست چوو ، بۆچی ڕسوا بم ، برۆ لاچۆ

فریشتەی كامەرانیم بووی ، كەچی شەیتانی دڵ دەرچووی
بە بارێكی ترا دووبارە شێت نابم ، برۆ لاچۆ
بە تەنیا خۆت نەبێ هەرچی كە بۆنی كۆنی تۆی لێ بێ
لەلام هەر خۆشەویستن تاوەكو مابم ، برۆ لاچۆ

---

[1] ئەم پارچە شیعرە لە كۆمەڵەی ( دڵی كچان )دا بلاْوكراوەتەوە .

هەموو کۆڵان و بەردەرگاو نزرگەی یادی جارانت
لەبیرم دەرنەچوون سەریان بەم و تیا بم ، بڕۆ لاچۆ
دەسم بەردا لە خۆت چی بکەم دەسم لەم عەشقە بەرنابێ
ئەبێ هەر عاشقێکی تاك و تەنیا بم ، بڕۆ لاچۆ

سەگی دەرگات منی دی هاتە لام ، ڕووی کردە تۆم ، فەرمووی
نەخێر وەك خاوەنم من بێ وەفا نابم ، بڕۆ لاچۆ
بەهۆی چواری وەکوو تۆوە خەڵك عەشقی بە سووك زانی
ئیتر خوا بمگرێ گەر مەستی سەودا بم ، بڕۆ لاچۆ[1]

1964

## هەر جوانە

ئەو مەمکە تونگەی لە چنگ ڕائەکا
پیر وەکو منالێ بۆی سەما ئەکا

لەرزەی لە ترسی دەستی نەزانە
بە شارەوەیی یش دیمەنی جوانە

[1] ئەم پارچە شیعرە لە کۆمەڵەی ( دڵی کچان ) دا بڵاو کراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

مەم هێندە جوانە تا خۆی منالە
کەوتە دەم منالّ سیحری بەتالە [1]

1964

## پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلی عەلی کەمال با پیر

دەمی لاویم بەسەرخۆشی وچانیّ بوو ئەویش ڕابوورد
قەدی تیرم فیدای ئەبرۆ کەمانیّ بوو ئەویش ڕابوورد
ئەبیّ ناوی نەڵێم دۆستم فلانیّ بوو ئەویش ڕابوورد
وەفای ئەو یارە دەرحەق من زەمانیّ بوو ئەویش ڕابوورد
دڵم بەینیّ لەلای ئەو پاسەوانیّ بوو ئەویش ڕابوورد

چ خۆش بوو ئەو دەمەی گەشتم ئەکرد دایم لە گوڵزارا
لە کالاّی بەژن و بالاّی ئەو یەکەم کەس بووم لە کڕیارا
چ بێباك و قەلەندەر بووم لە سۆزو شیعری ئاودارا
هەمیشە هەروەکوو بولبول بە دەوری ڕووی گوڵی یارا
دڵم مەشغوڵی فریادو فوغانیّ بوو ئەویش ڕابوورد

هەتا بەینیّ بە مەیلی خۆم لە باخی شۆخی ئەسمەردا
خەریکی گوڵ چنینم بووم لە لێوو کوڵمی بیّ گەردا

---

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە کۆمەڵەی ( دڵی کچان )دا بلاّوکراوەتەوە .

لەگەڵ بەختم لەمن تۆرا ، ئەویش دەستی لەمن بەردا
دڵم بەینێ لەچینی پەرچەمی شێواوی دڵبەردا
شەهی چین و خەتاو هیندووستانێ بئەویش ڕابوورد

هەموو شت ڕوو لە گۆڕانە هەتا ئەم چەرخە کەچ بادا
بە تەنیا عاشقی یەك ڕەنگە ناگۆڕێت و لانادا
چ ڕۆژێکی بەدو پیسە کە تێی کەوتووین لەڕێی خوادا
وەفاو مەیل و مەحەببەت عادەت بوو لە دنیادا
نەماوە لەم زەمانا ، داستانێ بوو ئەویش ڕابوورد

ئەوانەی کۆنە هاوڕازن شەرم ناکەن لە پرسیارا
کە ( مەدهۆش ) لێی ئە پرسێ مامە گیان چۆنی لە گەڵ یارا
سەرێکی بائەداو ئەیگوت لەگەڵ ئاهێکی زامارا
لە مەدحی ئەو خەتی سەوزەی دەمی شیرینی دڵدارا
( کەمالی ) تووتییی شەککەر فشانێ بوو ئەویش ڕابوورد[1]

1965

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە ڕۆژنامەی ( ڕا پەڕین ) دا بلاّوکراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

## ڕاوەستە بۆم

ئەوەی کەمن بۆی سووتاوم
یەکە ئاوا تمە تا ماوم

کەچی ئەو دڵ فڕێنراوە
کەسێکی تر گیری داوە

وەك منالْ یاری پێ ئەکا
ئەم بۆ ئەو چاوەڕێ ئەکا

ڕەنگە نوشتەی لێ کردبێ
بەم جۆرە دڵی بردبێ

تۆ سەیری چۆن وا بەئاسان

بێ شەرمانە خۆی پێ ناسان

چۆن هات قسەی لێ دەرهێنام
تا زانی بۆ ئەو بە تەمام

کەچی تا چاوم کردەوە
ئەو گرەوی خۆی بردەوە

ئەی هاوار سووتام پڕووکام
کەی ئەمە ژینە منی تیام

ئێستا من بە خۆم ئەزانم
ساویلکەو بەستەزمانم

خەڵکی چەند بە دەست و بردن
چەند بێچاوو ڕوون ، چەند ووردن

لە هیچ شتێ شەرم ناکەن
هەر ئەیانەوێ پەیا کەن

بە ئارایشت و بە دەرمان

www.ewinebook.blogfa.com

خۆیان جوان ئەکەن بۆ گەڕان

کێیان ویست بۆی ڕائەوەستن
وای پیشان ئەدەن سەربەستن

نامەوێ من وەك ئەوان بم
بەڵام پێویستە زۆرزان بم

ئەگەر سەری خۆم داناوە
نابێ ئەم ڕوو هەڵماڵراوە

خۆشەویستم لێ داگیر کا
من بگریم و ئەو خۆی ژیر کا

بڕوام هەیە کە ئەم چاوەم
ئەم کوڵمە سوور هەڵگەڕاوەم

ئەم دەم و لێوە شیرینەم
ئەم برۆ تیژو بە قینەم

ئەم سەرسنگە سپی و سافەم
ئەم قژە خاوە تەنافەم

هەریەکە جێی چەکێ بگرێ
شەڕی دڵداری پێ بکرێ

گەر هەموویان بخەمە کار
ئاژاوەیەك نەخەمە شار

ئەی ئەم مەمکە کە وەك پەیکەر
تاجی جوانی کردۆتە سەر

ئەگەر بێتو خۆی بنوێنێ
دڵ بەهێز ئەبەزێنێ

قوڕ بەسەر ئەوەی یەتە ڕێم
ئەبێ خۆی بزانێ من کێم

هەر ناوچەوانم یارم بێ
جا چاوتان لە کوشتارم بێ

www.ewinebook.blogfa.com

ئەوەی بازاڕم ئەبەستێ
با بێ بەرەو ڕووم بوەستێ

ئەگەر شەوقی ڕۆژ دەرکەوێ
ئیتر کێ قوتیلەی ئەوێ [1]

1965

[1] ئەم پارچە شیعرە لە ( دڵی کچان ) دا بڵاوکراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

دڵ نەوایی

لەسەر من خە نجەرێکت لێ درابوو
کە هاتم هۆش و خوێنت لێ بڕابوو
کەچی دایکت دەری کردم بە توندی
بەلاّم دلگیر نەبووم ، جەرگی بڕابوو

بلێم چی تووشی شەڕ بوو بووی لەسەر من
منیش ناوم زڕا لای دۆست و دوژمن
مەگەر ئازاری تۆ ئازاری من بات
ئەگین دەربەستی هیچ نیم تاکو مردن

ئەوا دیسانەوە هاتووم بە قوربان
ئەگەر گیانت ئەوێ ئەوا دوو سەد کەڕەت گیان
ئەگەر خوێنت ئەوێ ها دوا تنۆکم
بەلێن بێ من لە ڕێتا بچمە سەیوان

هەتا ڕۆژ دەست بە دوعا بۆم بمێنێ
کە دەستت بێت و تۆڵەی خۆت بسێنێ

منیش هەرچی کەست بێ ئەیپەرستم
لەسەر سەرمە پلارو بەردو جوێنی

گەلێ کەس پێم ئەڵێن ناوت زڕاوە
لەگەڵ ناوی فلاَن ناوت براوە
ئەگەر عەشقێك عەشق بێ و بێ گزی بێ
چ باکی سەرزەنشت و بەندو باوە

لە پێشا من بەناوبانگ بووم بە جوانیم
لەگەڵ تۆم دی ئیتر زانیم کە وا نیم
کە جوانیم جوانترێکی بوو بە هاودەم
ئیتر بەشداری جوانی و کامەرانیم

بە ئاواتم کە خوا تۆم لێ نەسێنێ
فریشتەی خۆشی نوێنت هەڵتەکێنێ
کە چاك بوویت من لە جێی مەڕ سەربڕن بۆت
لەشم دابەش بکەن هەر دڵ بمێنێ [1]

---

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە کۆمەڵەی ( دڵی کچان ) دا بلاۆکراوەتەوە . هاورێیەکم ڕازی نێوان خۆی و خۆشەویستەکەی بۆ باس کردم ، کە ئێستە خێزانیەتی . وەداوای لێ کردم بیکەم

www.ewinebook.blogfa.com

1965

**پەشیمانی**

**شەقم برد و تەقم کرد ، دەی**
**بە خێری خۆشەویستیم کرد**
**لە ژینی خۆم نەکرد ئۆخەی**
**بە خێری خۆشەویستیم کرد**

**نە ڕۆژ ڕێم کەوتە مزگەوت و**
**نە شەو ڕابواردنی نادی**
**هەموویم بردە بەر دەرگەی**
**بە خێری خۆشەویستیم کرد**

**سەرم گێژ و خەیاڵم پەست**
**دەمم بەسراوو دڵ گیراو**
**خەیاڵیش هەر ئەڵێ سادەی**
**بە خێری خۆشەویستیم کرد**

**ئەرێ چیم کرد بە خۆم یاران**

---

**بە شیعر . منیش ئەم شیعرەم لێ پێك هێنا .گەلێ لەو هاوڕێیانەم کە ڕازی خۆیانیان بۆ گێڕاومەتەوە .ئەگەر بە پاکم زانیبێ کاری تێکردووم وە بۆم بووە بە کەرەسەی شیعر .**

ژیانی وا لە کویٚ ژینە
بە ئاخ و دەردەوە تاکەی
بە خێری خۆشەویستیم کرد[1]

1965

هۆی شیعرەکانم
من خۆم پەروەردەی کۆڕی یارانم
هاوبەشی دەستەی دەردەدارانم

چڵکاوی زۆرم پیا هەڵپژاوە
لە دەرگای چاك و خرا پم داوە

چوومەتە کۆڕی مەی خوارانەوە
زۆر بە پەرۆش بووم بۆ شەو مانەوە

لەوەتی بیرمە کە چۆن ژیاوم
هەتا ئەم کاتەش بیٚ یار نەماوم

چاوم بەرامبەر چاوی جوان بووە
بە تیشکی جوانان ڕێم دەرکردووە

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە کۆمەڵەی ( دڵی کوڕان ) دا بلاّو کراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

لێوم تینوێتی شکاندوم بە لێو
ماچی بۆ سەندووم بە تۆڵەی جنێو

لە ژێر سوخمەوە دەستم کێشاوە
دوگمەی بەرۆکم بۆ ترازاوە

دەستم بە قژی خاوا هێناوە
تاو تاو لەسەری پە نجەم ئالاوە

خۆشییەکی تر کە هەستی گوێمە
بە هەر چوار دەورا هەر ئاگای لێمە

هیچ کاتێ چرپەی لە کیس نەداوم
رووی بۆ لای مەبەست پێ وەرگێڕاوم

قلپەی شوشەی مەی ، قاقای پێکەنین
چرپەی ناسك و ئارەزووی شیرین

ئەمانەی هەموو بۆ گرتوومەوە
گرەوی لە چاو بۆ بردوومەوە

ئەوەی کە تیری لە جەرگم داوە
نەمهێشتووە دەرچێ ، دڵم پێکاوە

لەگەڵ ئەوەشا جارجار شکاوم
هەم خۆم کڕیار بووم ، هەم فرۆشراوم

پەیمان شکێنیم لە یاران دیوە
جارجار دڵی پیس دڵمی جنیوە

هەرچەند کە مەینەت سەری هەڵداوە
پەنام بۆ مێژو پەرداخ هێناوە

لە کاتی دووری یاری ڕوو بلوور
هاوڕێی شووشە بووم لە سپی و لە سوور

گۆرانی و ناڵەی سەرخۆشی دەم خاو
دڵی ژێر کردووم هاودەردی گریاو

ئەوەندەی دەردی دەورانم دیوە
ئەوەندەش خۆشیم بۆ خۆم دزیوە

www.ewinebook.blogfa.com

گەردوون چەند دەردی بەسەرما داوە
هەرگیز بێزاریم پیشان نەداوە

ئەم ژیانەی خۆم بە ژین زانیوە
شیرینیم لە ناو تاڵی مژیوە

دڵێ بەم جۆرە ئاوی درا بێ
هەرچی بنۆشێ چۆن ڕەنگین نابێ [1]

1965

[1] ئەم پارچە شیعرە لە کۆمەڵەی ( دڵی کچان ) دا بلاو کردۆتەوە

www.ewinebook.blogfa.com

گیانە خۆت شیعری
شیعری چیت ئەوێ کە تۆ خۆت شیعری
ئاوێنەی دڵ و سەرچاوەی فکری

سەیرێکی باڵات سەد شیعر ئەهێنێ
شیعر وەکو ڕۆژ خۆی تیا ئەنوێنێ

من لە تۆم ئەوێ تان و پۆی شیعرم
پێی بچنم فەرشی ڕەنگینی شیعرم

چی نەخش هەیە ئەیخەمە بەر پێت
هەر لەبەر ئەوەی دڵت پێی خۆش بێت

سەرچاوەی زەوقم لەو چاوەتایە
تۆ نەبی هەرگیز دێڕم بۆ نایە

ئەوەی بەرامبەر ڕووی تۆ بوەستێ
ئەبێ لافاوی شیعری نەوەستێ

زۆر بەختیارم کە بەرەو ڕووی خۆت
هەستی دەروونم دەرئەبڕم بۆت

ئەم هۆنراوانەی لەبەر دەستایە
ڕازی نهێنی بە تینی تیایە

هیوام وەهایە نرخیان بزانی
بە چاوی دڵت تێیان بڕوانی

ئاواتە خوازم شیعرێکی جوان بێت
جوانێکی وەك تۆی پێ شادمان بێت

خۆزگە لە دڵی تۆشم ئەزانی
بەشی شیعرێکم لێ پێك ئەهانی [1]

1965

[1] ئەم پارچە شیعرە لە کۆمەڵەی ( دڵی کچان )دا بڵاوکراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

جوانی خۆپەرست

چی بکەم لە جوانی ..
چی بکەم لە جوانی بێ میهرەبانی ..

چی بکەم لە جوانێ کە درۆزن بێ
لە هەموو جۆرێك درۆی لە کن بێ

بۆیە دۆست بگریلا نازی بکێشێ
خۆی دڵی نەداو هەر دڵ ڕاکێشێ

بەڵێن لە بیری خۆی بەرێتەوە
بیەوێ هەر ئەو ئاشت بکرێتەوە

عاشق بە دەستە بۆی سەرگەردان بێ
گوێی لە ئاوازەی ناڵەو گریان بێ

وەکوو پەروانە دەوری درابێ
ڕۆژ دەرنەکەوێ هەر خۆی چرا بێ

تەنها ئەو کاتە بە خۆش بزانێ
کە یەکێ شێت کا ئەگەر بتوانێ

بەڵام داخەکەم من لە وانە نیم
بخەڵەتێم و بە خەیاڵ بژیم

لەم جۆرە جوانەم چەند بێتە بەر چاو
هیچی ناتوانێ من بخاتە داو

هەرگیز بەو کەسە دڵم خۆش نابێ
بە پاکانەو سوێند بۆم ڕاگیرابێ

ئەبێ بە دڵێك لە خۆی بڕوانێ
پەیمان و بەڵێن بە خوێن بزانێ

پیرۆز بێ لەلای وشەی دڵداری

www.ewinebook.blogfa.com

## بۆ ئارەزوی خۆی نەیکا بە یاری [1]

1965

چڵێ کاهوو
چڵێ کاهووی دایە دەستم
سەری ڕازێکی پێ بەستم

تاقە چڵێ لە دەس گوڵێ
چەند خۆشە بۆ داخ لە دڵێ

بە هەوڵ و ڕەنجێکی تەواو
تا شتێکی وا یەتە ناو

[1] ئەم پارچە شیعرە لە ( دڵی کچان )دا بڵاوکراوەتەوە .

کە بە دیمەن سەر زاری بێ
کەچی ناوی دڵداری بێ

ئێستەش لەو بیرەدا ماوم
کە چۆن چاوی بڕییە چاوم

پە نجەم بە پە نجەی نەگەیی
دڵ لە دڵ چاو لە چاو گەیی

بەوەندەی چاو تترووکانێك
بوو بە چیرۆکی ژیانێك

ئای دڵداری چەند ئاسانی
تا ڕێ و شوێنی خۆت ئەزانی

کە جێت گرت کڵپە ئەسێنێ
چۆنت بوێ ئەسووتێنێ

تەمەنێك ئەبڕێنیتەوە
هەروەك خۆت ئەمێنیتەوە [1]

---

[1] لە کۆمەڵەی ( دڵی کچان )دا بڵاو کراوەتەوە .

www.ewinebook.blogfa.com

1965

خۆشەویستی بەتین

با خۆشەویستی لەسەر پەیمان بێ
لەسەر بڕیارو بەڵێنی جوان بێ
گەلێك پیرۆز بێ و نرخی گران بێ
کە ساردو سڕ بێ و خاو ڕاگیرا بێ
سەد ساڵ بمێنی تامی تیا نابێ

گەر خۆشەویستی هەموو گریان بێ
هەموو هەڕەشەو شەڕو تۆران بێ
گلەیی و بۆڵەو پیا هەڵشاخان بێ
هێشتا لە دووری و ساردی چاترە
چونکە بڵێسە گڕی زیاترە

چونکە زۆر کورتە تەمەنی جوانی
ئەبێ ئەو کاتەی بە هەل بزانی
خوا داینەناوە بۆ چاوەڕوانی
با خۆشەویستی وەك خۆی بمێنێ
کە دڵ بێ هێز بوو چی ئەییزوێنێ

هەرگیز ئەو یارە بە یار نازانم
بڵێم بمبینەو بڵێ ناتوانم

www.ewinebook.blogfa.com

بەو هەستەشەوە لە خۆم ئەڕوانم
ئەوەی بەرەوڕووی عەشقی بوەستێ
ئەبێ هیچ شتێك ڕێی لێ نەبەستێ

ئەوەی کە شۆخێك دڵی بسێنێ
کەی دەسەلاتی لای خۆی ئەمێنێ
هێزی دڵداری ئەییاو ئەیهێنێ
ئەگەر بتوانێ خۆی بۆ ڕابگرێ
بڕوای پێ مەکە گەر بەباڵ بفڕێ

مەرجی دڵداری چاوپێکەوتنە
هەواڵ پرسین و ڕاسپاردنە
یەك بە دوای یەکا نامە بردنە
کە وتی بە خوا پێم نەکراوە
دەستم ناپەرژێ ئەوە گۆڕاوە

دایم نەمدوێنێ ، بۆم پێ نەکەنێ
بە دیداری ئەو دڵ ڕانەچەنێ
نەیە بەلاماو ناوم نەیەنێ
بەوە بنازێ کە لە دڵمایە
لەوێیش دەریەکەم کە جێی وەفایە

بۆیە  پێت ئەڵێم من ئەتپەرستم
کە بێیت و دەستت بخەیتە دەستم
تێکەڵ بی لەگەڵ ڕازو مەبەستم
ئەگین تۆ خوا نیت کە نوێژت بۆ بکەم
تا هەم چاوەڕێی بەهەشتی تۆ بکەم[1]

1965

جارێ با وابێ

هاوڕێ یەکم دی لە یارانی کۆن
دەستی گوشیم و من چۆن و تۆ چۆن

گەلێ داخی خوارد کە ڕێك ناکەوێ
جارێك بمبینێ ، ڕۆژێك ، یان شەوێ

وتی : من ئێستەش هاوڕێی جارانم
خۆم بە دۆستەکەی پێشوو ئەزانم

---

[1] )ئەم پارچە شیعرە لە کۆمەڵەی ( دڵی کچان ) دا بلاْوکراوەتەوە ، ئەم پارچە شیعرەم لەسەر داوای ئازادی کوڕم داناوە کە لێی ویستم شیعرێك دانێم باسی ماچ و مۆچی تیا نەبێ .

www.ewinebook.blogfa.com

پێم وت : برادەر ! من کە هەژارم
فرمانکەرێکی بچووکی شارم

نامەوێ ببمە ئەرکی سەر شانت
شەوێك داتبڕم لە هاوڕێکانت

هێشتا وتەکەم لە ناو دەما بوو
سەیری ڕوویم کرد کە حە پەسا بوو

تومەز دوور بە دوور یەکێکی چاکتر
پۆشتەو دەرکەوتوو یەعنی بالآتر

بەرەو ڕووی ئەو هات کەمن وەستا بووم
ئیتر من بێ جێ لەبەردەمیا بووم

پلەی بوونی من هاتە خوار نیوە
لەو کوڕە دەرچوو کە منی دیوە

هەر پێی نەوتم خوات لەگەڵ ، ڕۆی